# داستانی بانی مەقان

ئامادەکردن و لەسەرنووسین:

پارێزەر: سەروەر ئەحمەد کەریم

چاپی یەکەم

٢٠٢٤

# داستانی بانی مەقان

داستانێکی جەنگیی تێکۆشەرانی کوردە دژ بە ئینگلیزەکان.

هۆنراوەکان: سابیر بەگی هەمەوەند

- ناوی کتێب: داستانی بانی مەقان
- هۆنراوەکان: سابیربەگ
- ئامادەکردن و لەسەرنووسین: پارێزەر سەروەر ئەحمەد کەریم
- تایپ: دابان محەمەد تەیب و عەبدولصەمەد شێخ حەسەن
- پێداچوونەوە: نزار کەرکوکی
- لێکدانەوەی واتای وشەکان: خالید عەبدول
- دیزاینی بەرگ: هەرێم عوسمان
- دیزاینی ناوەوە: کازم جەباری
- چاپخانە: کارۆ
- ساڵی چاپ: ٢٠٢٤
- چاپی: یەکەم
- تیراژ: ٥٠٠دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی سلێمانی ژمارەی سپاردنی (١٤٨٩)ی ساڵی (٢٠٢٤) ی پێدراوە.

**لەسەر ئەرکی بەڕێز: دیلمان محەمەد سابیربەگ لە چاپ دراوە.**


Made by
کەریم بەگ و
سابیربەگی کوری

## پێشکەشە:

* بە رۆحی پاکی ڕابەری مەزنی نەتەوەی کورد (کەریم بەگی فەتاح بەگ)ی سەرۆك هۆزی هەمەوەند و سوپاسالاری شۆڕشەکەی شێخ مەحمود، کە بە خەڵاتێکی (٢٠) بیست هەزار روپیێی ئینگلیزەکان لە ناوجەرگەی خاکی کوردستان و نزیك قەڵاکەی خۆیدا، لە ڕۆژی (١٩٢٦/٦/٢٩) بەدەستی خۆفرۆشان و هاوزمانەکانی خۆی شەهید کرا.

* بە رۆحی پاکی شاعیری شۆڕشگێڕو کوردپەروەر (سابیربەگ)ی هەمەوەند، کە شۆڕشی کوردستان کەوتوو ئەو نەکەوت، بە تەنها لەکۆڕی خەباتا مایەوەو نەیهێشت ئاڵای کوردستان بکەوێتەسەر زەوی، تا ئەو رۆژەی بە خەڵاتێکی (٢٠) بیست هەزار روپیێی ئینگلیزەکان لە گوندی (مڕانە)ی ناوچەی مەریوانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە شێوەی (کەریم بەگ)ی باوکی بەدەستی خۆفرۆشان و هاوزمانەکانی خۆی شەهید کرا.

* بە رۆحی پاکی شەهید (بەرزان محەمەد سابیربەگ). کە لە ڕۆژێکی وەك هەمان ڕۆژی شەهید بوونەکەی کەریم بەگدا شەهید کراوە.

* خاتوو (چرۆ محەمەد سابیربەگ)ی هەمەوەند، کە لەم نووسینەدا هاندەر و هاوکارم بوو.


شەهید بەرزان

# پێرست



| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٩ | پێشەکی |
| ١٨ | دەستپێك |
| ٥٢ | سەرەتای نووسین لە ناوچەی (چەمچەماڵ)دا |
| ٥٥ | سابیربەگ شاعیری مەیدانی نەبەردی و داستانەکان |
| ١١٨ | سابیربەگ بە تەنها لە کۆڕی خەباتدا دەمێنێتەوە |
| ١٢١ | داستانی شیوی قوڕاوە |
| ١٣٥ | ڕۆڵی کەریم بەگ و سابیربەگی کوڕی لە بەڵگەنامەکاندادەردەکەوێ |
| ١٧٥ | داستانی جەنگی |
| ١٧٨ | حەیدەر ئاغا |
| ١٨١ | بەرهەمەکانی حەیدەر ئاغا |
| ١٨٣ | پاراستنی ئەم دەستنووسە |
| ١٩٢ | داستانی بانی مەقان |
| ١٩٤ | مەلیك شێخ مەحموود |
| ١٩٧ | نووسینی نامە بۆ عەشایرەکان |
| ٢٠٠ | ئامادەیی لەشکری ئینگلیز بۆ چەمچەماڵ و تاسڵوجە |
| ٢٠٣ | جنگ کردن مجاهدین اسلام با انگلیز از بکرجوە |
| ٢٠٦ | فتح کردن کریم بگ امدن شێخ محمود پێشوازی کردن مجاهدین از بکرجوە |
| ٢٠٩ | ڕەفتەن شێخ محمود وەسەرداران جنگ پری بان مقان |

| | |
|---|---|
| ٢١٤ | معركه سخت مجاهدين اسلام با انگليز |
| ٢١٦ | پيداشدن طيارەی انگليز و شهيد بون صالح مەحمود پلاو خۆرو فتاح عزيز رحيم دۆينه |
| ٢٢٣ | شكسته شدن مجاهدين اسلام از دست كفار رو كردن به قريه ابراهيم اغا |
| ٢٢٥ | شهيد شدن شێخ بابه على |
| ٢٢٨ | نامه نووسينى شێخ محمود طلب كردەن عشيرت همون |
| ٢٣١ | ڕەفتن كريم بك و محمود اغاو عزيز اغاو بعض سپادار براى بان مقان وحمه ڕشيدخان جواميرو حاجى سيدحسن مانده ازخزمەت شێخ محمود |
| ٢٤٦ | نامەنووسينى شێخ مەحموود بۆ كەريم بەگ |
| ٢٥٤ | پاشكۆی يەكەم: كەشكۆڵی بەجێماوی سابيربەگ |
| ٢٦٣ | پاشكۆی دووەم: دەستنووسی هەندێك لە هۆنراوەكانی فەقێ قادری هەمەوەند |
| ٢٧٩ | سوپاس و پێزانين |
| ٢٨١ | ژياننامەی نووسەر |

## پێشەکی

کێشەی بەردەوام و هەمیشەیی نێوان دەوڵەتی عوسمانی لەلایەك و دەوڵەتی سەفەوی و پاشان قاجارەکان لەلایەکی دیکەوە ڕەگ و ڕیشەیەکی دوور و درێژی هەیە. هەرجارەی بەسەرکەوتنی لایەکیان کۆتایی هاتووە، بەڵام لایەنەکەی تر دەستەوەستان دانەنیشتووە، تا قبوڵی ئەو شکستە بکات. بەڵکو خۆی ڕێکخستوەتەوە و ئامادەسازی کردووە بۆ گەڕێکی تری پەلاماردان. لەم نێوانەشدا کورد و خاکەکەی بوونەتە سوتەمەنی و تەنها ماڵ وێرانی بۆ ماوەتەوە.

دوای ئەوەی کێشەی سنور لە نێوان دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتی عوسمانی بە واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی ئەرزەڕومی دووەمی ساڵی (١٨٤٧ز) کۆتایی هات ، پاش چوار ساڵ لەو ڕێکەوتنە ساڵی (١٨٥١ز) کۆتایی بە دەسەڵاتی میرنشینەکان هات. لەنێوان ئەو ساڵانەدا تا دەسپێکردن و سەرهەڵدانی شۆڕش لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا بۆشاییەکی ئیداری و سیاسی دروست بوو، کە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ساڵی (١٨٧٩-١٨٨٠ز)، سەری هەڵدا ئەو بۆشاییە سیاسی و ئیدارییەی پڕکردوەتەوە. شێخ عوبەیدوڵڵا وەك کەسایەتیەکی ئاینی ناوچەی شەمزینان و هەکاری و وابەستەی ڕێبازی نەقشبەندی سەرکردایەتی شۆڕشەکەی دەکرد. چونکە کوردەکان لە دەسەڵاتی عوسمانی و قاجارەکان بێزار بوو بوون ، ئەمەش کارێکی ترسناك بوو بۆ عوسمانیەکان و قاجارەکان.

هەر زوو بە هەردوولا سەرکوتیان کردن، ئەم سەرهەڵدانەی شێخی نەهری سەرەتا بوو بۆ شوێنەکانی دیکە، تا سەرەتای سەدەی بیستەم و یاخی بوونی (جەعفەر ئاغا)ی شکاك تا شەهیدبوونی ساڵی (١٩٠٥ز) و دەرکەوتنی (سمکۆ)ی شکاك و هەڵگیرسانی شۆڕشی بارزان بە سەرکردایەتی شێخ

(عەبدولسەلام) ساڵی (١٩٠٧-١٩١٤ز) وەك ڕابەرێكی ڕێبازی نەقشەبەندی، شۆڕشی (مەلا سەلیم)ی بەتلیسی لە ناوچەی خێزان ساڵی (١٩١٠ز) بۆ سەرەتای ساڵی (١٩١٤ز) كە بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە مەلا سەلیم و هاوڕێكانی لەناو كونسوڵخانەی ڕوسیادا گیران و بۆ شكاندنی شكۆی ڕوسەكان هەر لەبەردەم كونسوڵخانەكەدا ڕیزكران و لە سێدارە دران.

هەڵگیرساندنی جەنگی یەكەمی جیهانی لەنێوان هاوپەیمانان و میحوەر كە دەوڵەتی عوسمانی لایەنێكی سەرەكی جەنگەكە بوو، لاوازی و بێ هێزی عوسمانییەكان و شكست لەدوای شكستەكانیان كارێكی وایكردبوو ناویان لێنابوو (پیاوە نەخۆشەكە)، هەر ڕۆژە و لە ناوچەیەك پاشەكشەیان دەكرد، لەو نێوەندەدا ناوچە كوردستانیەكان بوو.

كاتێك لە ناوچەی سلێمانی پاشەكشەیان كرد ئیدارەی ناوچەكەیان بە (شێخ مەحموود) سپارد، بەو پێیەی كەسی یەكەمی ئاینی و ناسراوی ناوچەكە بوو، لەهەمان كاتیشدا زۆر لە نزیكەوە دەیانناسی و دەیانزانی كە لە بنەماڵەیەكی ئاینی و خۆشەویستن و جێگای متمانەی خەڵكن. بەڵام ئینگلیزەكان بە گەیشتنیان بۆ دەوروبەری شاری موسڵ و ڕێكەوتنی (مۆدریس) یان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی واژۆ كرد و موسڵ ڕادەستی ئینگلیزەكان كرا. پاشان ڕووەو سلێمانی لەشكریان هێنا هەرچەندە (شێخ مەحموود) وەك سوپای ڕزگاركەر تەماشای ئینگلیزەكانی دەكرد بەو نیازەی لە سێبەری ئەواندا كورد بە مافەكانی شاد بكات و پێشوازی لە هاتنی ئەوان كرد.

سەرەتا ئینگلیزەكان كۆبونەوەیەكیان لەگەڵ كەسایەتییەكانی شار كرد و هەر لەوێدا (شێخ مەحموود)یان لە مانگی تشرینی یەكەمی (١٩١٨ز)دا وەك حوكمداری كوردستان ناساند .

مێجەر نۆئیل (١٨٨٦-١٩٧٤ز)، وەك ڕاوێژکار دەستبەکار بووە، هەر لە سەرەتاوە (مێجەر نۆئیل) زۆربەری دۆسییە گرنگەکانی حکومەتی گرتەدەست، وەك کاروباری دەرەوە و ناوخۆ و پەیوەندییەکان و دارایی و سەربازی، ئەوەی کە مایەوە بۆ (شێخ مەحموود) تەنها تەشریفاتی بوو. بۆیە لە دانیشتنێکدا شێخ مەحموود ڕوو لە ئینگلیزەکان دەکات و بە پێکەنینەوە دەڵێت: من دەمەوێ ببم بە ڕاوێژکار و مێجەر نۆئیل ببێت بە حوکمڕان و بێتە جێگاکەی من. پاش ماوەیەك ئینگلیز هێدی هێدی لە بەڵێنەکانیان پاشەکشەیان کرد و مێجەر نۆئیل یان بە ناوی گەشتێکەوە دورخستەوە و مێجەر سۆن(١٨٨١-١٩٢٣ز) وەك حاکمی سلێمانی دیاری کرا.

مێجەرسۆن شارەزای زمانی کوردی و فارسی و پێشتر شارەزای ژیانی کوردەواری بووە و چەندساڵێك بە ناوی (میرزا غوڵام حسێنی شیرازی)یەوە لە هەڵەبجە ژیاوە لە هەمان کاتیشدا بە (شێری وڵسن)ی حاکمی سیاسی عێراق ناسرا بوو، شێخ مەحموود بۆ پێشوازی حاکمی نوێ بە (٥٠٠) سوارە و (١٥٠٠) پیادەوە چووە دەشتی (مشیرئاوا) و چادریان هەڵدا. کاتێك مێجەرسۆن گەیشتە سلێمانی شێخ مەحموود هەر زوو ناسییەوە و ئەویش هیچ گرنگیەکی بە حوکمدار نەدا و تەنانەت تەوقەشی لەگەڵ شێخ مەحموود نەکرد. بۆیە ئەویش شوێنەکەی جێهێڵا، ئەمە سەرەتای نیازخراپی بەریتانیا بوو بەرامبەر بە کورد و حوکمدارەکەی پاشان هاتنی ئەفسەرە بەتواناکانی بەریتانیا بۆ سلێمانی وەك (مێجەر گرینهاوس) ڕاوێژکاری سیاسی بەریتانیا کە کەسێکی خوێنڕێژ بوو، دەزگایەکی داپڵۆسێنەری دامەزراند و هاتنی (مێجەر برادی دانلیس) بە ناوی ڕاوێژکاری سیاسی بۆ دامەزراندنی سوپای کوردستان لەو ئەفسەرە کوردانەی لە سوپای عوسمانیدا هەڵهاتبوون. (ماك براید) وەك یاریدەدەری (مێجەر دانلیس) گەیشتە سلێمانی بە هاتنی ئەم ئەفسەرانە دوو حکومەت دروست بوو، حکومەتێکی بەهێز، کە

ئینگلیزەکان خاوەنداریێتییان دەکرد، حکومەتێکی لاواز کە شێخ مەحموود حوکمداری بوو. ئەم ڕەفتارانەی ئینگلیزەکان بۆ سێ مەبەست بوو: یەکەم ئامانجیان سەرکوتکردنی شێخ مەحموود تا خۆ ڕادەستکردنی بە دەسەڵاتی ئەوان بوو یان دەرپەڕاندنی شێخ مەحموود و دوور خستنەوەی لە کایەی سیاسی. ئەمەش تەنها بۆ نیشاندانی هەیمەنەی بەریتانیای گەورە بوو. بەڵام شێخ مەحموود ئەمانەی ڕەتکردەوە و وەك سەرکردەیەکی سیاسی لەو قۆناغە نوێیەی دەڕوانی لە ڕوانگەی ئەوەی سیاسەت ئیدارەدانی بەرژەوەندییە و پاراستنی ئەو بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتیمانییەی بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی، بۆیە لەگەڵ هاوڕێکانیدا جاڕی شۆڕشیاندا و بەرپرسیاریێتی تەواوی قۆناغەکەیان لە ئەستۆ گرت. هەرچییەك لە باش و خراپ لەسەر ئەو ڕۆژگارە بنووسرێت بەرپرسیاریەتییەکی ویژدانی و ئەخلاقییە، چونکە مێژوو ئاوێنە و ڕوانگەی ڕابردووە و ئەمڕۆ خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، هەرچی هەڵە و ڕاستییەکان و هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانە لەسەر ئاستی تاك یاخود کۆمەڵ و کەسایەتی و ڕۆشنبیر و خاوەن قەڵەمەکان بێت، ئەوا بێ شك نەوەکانی دوای خۆیان خەملاندن و شەن و کەوی ڕاستی و دروستی ڕووداوەکان دەکەن. دەرئەنجامیش هەندێك بە نەمری دەمێننەوەو لاپەڕەکانی مێژوو بە جوانترین شێوە دەنەخشێنن و دەبنە سیمبوڵ و جێگای ستایش و هەندێکیش بە پێچەوانەوە چاڵێك لە زبڵدانی مێژوودا پڕ دەکەنەوە، چونکە مێژوو لە کەس نابورێ و سۆزی بۆ کەس نابێت، ئەمانە هەموو لە ئەرشیفی نەتەوەییدا کۆدەکرێتەوە و تۆماردەکرێت بۆ داهاتوو دەمێنێتەوە. لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردووی گەلی کورد و سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستاندا، دژ بە داگیرکاری سوپای پڕ چەکی دەوڵەتی بەریتانیا و لە هەمبەر پەراوێزخستنی کورد و ناڕوونی سیاسەتی ئینگلیزەکان و پشتگوێخستنی

مافەکانیان، ئەوەش هەڵوێستی نەرێنی شێخ مەحموودی لێ کەوتوەتەوە و سەرئەنجام ئەو تراژیدیا تاڵانەی بە دوای خۆیدا هێنا، کە تا ئێستاش پێوەی دەناڵێنین. (کابتن لاین) لە یاداشتەکانیدا ڕاستگۆیانە دەڵێت: (ئێمە هیچمان بۆ کوردەکان پێ نەبوو کورد و کێشەکەی لە بەرنامەی کارماندا نەبوو، کە شتێکیان بۆ بکەین!) ئاخر شێخ مەحموود هیچ هەڵوێستێکی باش و زیندو و زارەکی و دبلۆماسی، سیاسی، ماکی و میناکی(مادی و مەعنەوی) لەوان نەبینیبوو، تا هاوکاریان بکات لە کاتێکدا، هەموو خاکەکەشی لەلایەن ئینگلیزەوە داگیرکرابوو. ئەوەی بۆ کورد مابووەوە تەنها بەرگری و وەستانەوە بوو بەرامبەر بە بەهێزترین سوپای ئەو ڕۆژگارە کە هەر ئەوان خاوەنی بڕیاری دیاریکردنی چارەنوسی گەلان و جەنگ و ئاشتی و دبلۆماسییەت بوون و ئابوری بەشێکی زۆری جیهانیان لە دەستدا بوو.

ڕۆڵەکانی کورد هەر زوو هەستیان بەو مەترسیانە کردبوو، بۆیە لە دەوری شێخ مەحموود کۆبونەوە و پشتگیریان کرد و گیانی خۆیان کردە بەردەبازی سەرکەوتن و جارِی شۆڕشێکی گشتگیریاندا و هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگا بەشدارییان تێدا کرد، نووسەران بە نووسین و شاعیران بە هۆنراوە ئاگرینەکان و ڕۆشنبیران بە بزواندنی هەستی نەتەوایەتی و پیاوان و لاوانی هۆزەکان بە چەك و تفاقی خۆیانەوە جۆشیاندا بە خەبات و ئامادەی قوربانیدان بوون. شۆڕشی شێخ مەحموود وەکو باسمان کرد هەموو چین توێژەکان بەشداریان تێدا کردووە لە هێزی عەشایەر (کەریم بەگی فەتاح بەگ و سابیری کوڕی، مەحموودخانی دزڵی و مەحموودخانی کانی سانان، سەید محەمەدی جەباری، شێخ حەمە غەریب، حەمە ڕەشید بەگی وەیسە، کوێخا کاکە وەیس، خەلیفە یونسی ڕوغزایی، شێخ عەلی سەرکار، شێخ عەلی قەڵبەزە، مەحموود خاتر و سەیدە...هتد)، لە کەسایەتییە سەربازییەکانیش کە زۆریان کولیەی حەربیان لە دەوڵەتی عوسمانییدا تەواو

کردبوو هەندێکیشیان پاشماوەی سوپای (لیڤی)بوون و هاتنەوە ڕیزەکانی شۆڕش و سوپای کوردستانیان دامەزراند، لەوانە: (ماجید مستەفا، مستەفا پاشا یامولکی، ڕەزا بەگ، عزەت نەجیب، ئەمین ڕەواندزی، فایەق کاکە ئەمین، یونس ئەفەندی، حیکمەت ئەفەندی، سالح زەکی بەگ، جەلال ڕەشید ئەفەندی، ڕەشید جەودەت، مەحموود جەودەت، عەزیزئەفەندی، ڕەشید ئەفەندی، ڕەمزی ئەفەندی...هتد).

له کەسایەتییە ناسراوەکانی شار کە خاوەن بڕیاری خۆیان بوون و سەنگیان لە ڕوداوەکاندا هەبوو وەك:(حەمەی ئەورەحمان ئاغا، عیزەت بەگ، کەریمی عەلەکە، عەزمی بەگی بابان، حاجی سەعید ئاغا، ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ، حەمەدبەگی قادرپاشا، ئەوڕەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا، ئیسماعیل حەقی بەغدادی، ئەحمەد فایەق، عبدولفەتاح چەلەبی، مەجیدە ئەفەندی)، هەروەها کۆمەڵێك ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە هاوشانی فەرماندەکان لە خزمەت شۆڕش و داوا ڕەواکانی کوردا بوون وەك: (تۆفیق وەهبی بەگ، جەمال عیرفان، محەمەد ئەمین زەکی بەگ، ڕەمزی فەتاح، ئەحمەد خواجە)، لە شاعیرە نیشتیمان پەروەرەکانیش: (حەمدی بەگ، ناری، زێوەر، پیرەمێرد، عەلی باپیر ئاغا(کەمالی)، شێخ سەلام، نووری شێخ سالح، شوکری فەزلی، خالسی) و گەلێکی دیکە بە شیعرە ئاگرینەکانیان پشکۆی شۆڕشیان دەگەشاندەوە، لە ناوهەموو ئەم کەڵە پیاوە شۆڕشگێڕانەدا کە لەو ڕۆژگارەدا بوونەتە ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتیمانیمان و هەریەکێك لەمانە بە پێی تواناو هێز و بازوی خۆی هەوڵی خۆی بۆ ڕزگاری کورد بەگەڕ خستووە. لە نێو ئەمانیشدا دەتوانین ڕۆڵی (کەریم بەگی فەتاح بەگ)ی هەمەوەند بە (١٨٦٧-١٩٢٦ز) و (سابیربەگ)ی کوڕی (١٨٩٣-١٩٢٧ز) لەبەرچاو بگرین، کە دوژمنانی کورد بۆچی هێندە بۆیان لە بۆسەدا بوون؟! ئەم پرسیارە زۆر بابەتی تر دەوروژێنێت، ئایا بە تەنها

هەر (کەریم بەگ) و (سابیربەگ)ی کوڕی فەرماندەی لەشکر بوون؟ نەخێر ئینگلیزەکان باش ئەوانیان دەناسی و دەیانزانی سڵ لە هیچ پەرچەکردارێکی ئینگلیز ناکەنەوە، بێ باکن لەهەرچی کارەساتێك کە بەسەر خۆیان و هۆزەکەیاندا بێت. ئەوان بەڵێنیان بە خاك و نەتەوەکەیان دابوو، کە لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا گیانیان بەخت بکەن، هەرواش دەرچوو لەکاتێکدا شۆڕشگێڕانی کورد بە سەرکردایەتی شێخ مەحموود (سلێمانی)یان جێهێشت و لە گوندی (وێڵەژێر) مانەوە (کەریم بەگ) وەك شەڕی پارتیزانی هاتەوە ناوچەی گەرمیان. ئینگلیزەکان بەهاتنەوەی دەزانن و بۆسەی بۆ دادەنێن و دوای شەڕێکی گەورە لە گوندی (قەرەتامور) کەریم بەگ بە سەختی بریندار ئەبێت و هاوڕێکانی دەیگوازنەوە بۆ گوندی (نورە) لە ڕۆژی (٢٩/٦/١٩٢٦) گیانی پاکی سپارد.

بەهەمان شێوە (سابیر بەگ)یش لە ساڵی (١٩٢٧)دا لە گوندی (مڕانە)ی نزیك شاری مەریوانەوە گەڕایەوە بۆ ئەو ناوچانەی خاڵی خاڵی بوون لە شۆڕشگێڕان. بۆیە ئینگلیزەکان زۆر بە گرنگیەوە چاوەڕوانی هەلێك بوون تا (سابیربەگ)یش لەکۆڵ خۆیان بکەنەوە. کاتێك سابیر بەگ گەیشتە نزیکی (تەکیەی کاکەمەند) و گوندەکانی دەوروبەری هێزێکی زۆری ئینگلیز و کرێگرتەکانی دەچنە سەری لە شیوی (قوڕاوە) و شەڕێکی قورس دروست دەبێت، سابیر بەگ بواریان نادا و هێندە شەڕەکە گەرم بووە، ئەسپەکەی فیشەکی بەردەکەوێت و دەکوژرێت و خۆیشی بە سێ گوللە بەسەختی بریندار دەبێت و بە فەلاکەت ڕزگاری دەبێت و بە برینداری دوای نزیکی(چوار)مانگ خۆحەشاردان لە ناوچەکەدا پاشان دەگەڕێتەوە بۆ گوندی (مڕانە)ی مەریوان. دوای ماوەیەك لەهەمان ساڵدا ئینگلیزەکان لە ڕێگەی دوو برا، کە سیخوڕی ئینگلیز بوون دەنێرنە لای شێخ مەحموود تاچاودێری بکەن و ئەگەر هەلێکیان دەستکەوت یان

(شێخ مەحموود) بکوژن یاخود (سابیربەگ) کۆتایی پێ بهێنن. کاتێك سابیربەگ ئەو دووانە دەبینێ گومانی لا پەیدا دەبێت، شێخ مەحموود لە نیاز خراپیان تێدەگەیەنێ سیخوڕەکان هەست بە ئاشکرا بوونیان دەکەن دەیانەوێت هەڵبێن بەڵام چەکدارەکانی دەوری شێخ مەحموود، دوایان دەکەون دەبێتە تەقە یەکێك لە سیخوڕەکان دەکوژرێت و ئەوی تریان هەڵدێت و لەو ناوچانە خۆی حەشار دەدات پاش چەند ڕۆژێك لە نیوە شەودا دەچێتە سەرماڵی سابیربەگ و لە دەرگا دەدات لەو کاتەدا سابیربەگ هەڵدەسێت چراکە دادەگیرسێنێت بە ڕووناکی چراکە سابیربەگ دەبینێت و تەقەی لێ دەکات و شەهیدی دەکات. (عەتێ خان)ی خێزانیشی چەند گوللەیەکی بەر دەکەوێت بریندار دەبێت کابرای سیخور ڕادەکات. کاتێك چەکدارەکانی شێخ مەحموود گوێبیستی تەقەکان دەبن لە گوندی (وێڵەژێر) نزیك گوندی (مرانە) بۆیە دێن بە دەم تەقەکەوە و دەزانن (سابیربەگ) توشی کارەساتێك بووە، چەکدارەکان لە ناوچەکەدا بڵاودەبنەوە و لە ناکاو تووشی کابرای سیخوڕ دەبن و دەیگرن، کاتێك هەواڵی شەهیدبوونی سابیربەگ دەبیستن ئیتر بێگومان دەبن، کە کاری ئەوە و هەر لەوێدا لە تۆڵەی خوێنی سابیربەگدا دەیکوژنەوە، (سابیربەگ) تاکە فەرماندەی بوێری سوپای کوردستان بووە، کە لە هیچ شەڕ و ڕووبەڕو بوونەوەیەك خۆی نەبواردووە. (٣٤) ساڵی تەمەنی پڕ خەبات و قوربانی و دەربەدەری و ماڵکاولی بەڕێ کرد، بەڵام مێژوویەکی پڕ بەهای بۆ خۆی و بنەماڵەکەی و نەتەوەکەی بەجێهێشت. ئەو لەو ڕوانگەیەوە ژیانی دەبینی کە مردنی لەسەر پشتی ئەسپ بە شەرەفێکی گەورە دەزانی، نۆکەرانی ئینگلیز داخ لەدڵتر بوون تا ئینگلیزەکان، وەك دەڵێن کوچك لە ئاگر گەرمترە. (سابیربەگ) جگەلەوەی فەرماندە و شۆڕشگێڕێکی جەربەزە و بە ئەزموون بوو لەهەمان کاتدا شاعیرێکی بە تواناش بووە، دەیان داستانی پڕ سەروەری بە شیعر

هۆنیوەتەوە باس لەو ڕۆژگارانە دەکات کە تێیدا سەرکەوتن و نووشوستییەکانی گەلی کوردی  لە سایەی شۆڕشی ڕزگاری بە ڕابەرایەتی شێخ مەحموود بەدیهات.

ئەمانە هەموو بەشێکن لە ئەرشیفی نەتەوەییمان و پاراستنی ئەرکی هەموو لایەکە بە تایبەت لایەنی پەیوەندیدار بۆ زیندوکردنەوە و بەرز ڕاگرتنی. بۆیە لێرەوە جێگای خۆیەتی دەستخۆشی لە بنەماڵەی (سابیربەگ) بکەین بە تایبەتی پارێزەر (سەروەر)هەمەوەندی کە بەشێکی ژیان و تەمەنی خۆی بە کۆکردنەوە و بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتانە تەرخان کردووە، بۆ بە ئەرشیف کردنی ئەو مێژووە و پاراستنی لە فەوتان.

عەبدلقادر شکاك

٢٠٢٤/٣/٣٠

## دەستپێك

خوێنەرانی ئازیز: ئەم شاکارەی بەردەستان، داستانە شیعرییە بەنرخەکەی سەرکردەی بەئەمەك و شۆڕە سواری نەتەوەی کوردو سوارئازای مەیدانی داستانی شەڕوشۆڕ و هۆنراوەو ئەدەب (سابیربەگ)ە، هەروەکو خودی شاعیر خۆی لەم چەند دێڕە هۆنراوەیەیدا خۆی و نەژادی خۆیمان پێ دەناسێنێ و دەڵێت:

**کاتــب کـــــۆتاکە ئـــەی حـــەرف و کـــەلام**
**موئـــەلیف کیتـــاب بـــــاوەر وە ئـــەنجام**
**خـــادیم ئـــەلجیهاد نـــەوەی کـــەریم بـــەگ**
**لـــە خزمـــەت بـــابۆی غـــەمناك و دڵتـــەنگ**
**نـــامش صابـــــرەن چەلـــەبی نـــەژاد**
**فیرقـــەی رەســـوڵەن خـــودام کـــەردەن یـــاد**

ئەم هۆنراوەیەی شاعیر بەو واتایە دێت، کە (سابیربەگ) کوڕی رابەری مەزنی کورد (کەریم بەگی فەتاح بەگ)ی سەرۆك هۆزی هەمەوەندە، کە هەمیشە خەمخۆری رزگاری و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی نەتەوە ژێردەستەکەی بووەو لەو پێناوەشدا دەیان داستانی گیانفیدایی و نەبەزین و ئاوارەیی و دوور لە نیشتیمانی تۆمارکردووەو رەچەڵەکیشیان دەگەڕێتەوە سەر نەژادو بەرەی سەرۆك هۆزی هەمەوەند (رەسوڵ چەڵەوی)، ناسراو بە(کوێخا رەسوڵ)ی سەر بە شا تیرەی سەر بڵندو ناوداری (بەگزادە)ی هەمەوەند . کە لە ساڵی (١٧٠٠ز)دا، خودادادی نەوەی سلێمان بەگی باپیرە گەورەی هەمەوەندەکان بۆ ئەوەی هۆزەکەی لە شەڕو شۆڕی نێوان (فارس و عوسمانی)یەکان بپارێزی ناوچەی (کرماشان)، بە جێ دەهێڵێ ولەگەڵ چەند ماڵێك ڕوو دەکەنە ناوچەی (هەورامان) و (پاوە) و (نەوسوود)، خوداداد کوڕێکی دەبێت ناوی (چەڵەوی) لێ دەنێت، دوو کچیش بە

ناوەکانی (سەڵتەنە)و (مەنیجە)، چەڵەوی دەبێتە یەکێك لە سوارە ئازاکانی دوانزە سوارەی مەریوان. خوداداد لەگەڵ بنەماڵەوە و هۆزەکانی (باجەڵان، باوەجانی، جاف، جوانڕۆ)دا، دۆستایەتییەکی پتەو دروست دەکات و تێکەڵاویش لەگەڵ (زەنگەنە)کانی ئێراندا پەیدا دەکات و ژنێکیان بۆ چەڵەوی کوڕی لێ دەخوازێ. دووای ماوەیەك ناوچەی (هەورامان) جێدەهێڵن، لە ساڵی (١٧١١ز) لە ناوچەکانی (مەریوان، پێنچوێن، شلێر، ناوخوان)دا، دەگیرسێنەوە لەبەرئەوەی (خوداداد) پیاوێکی خواناس دەبێت لەگەڵ (شێخ ڕەزا) لە گوندی (هەنگەژاڵ)ی، ناوچەی (پێنجوێن) دادەنیشێ و ژنەکەی ئەمرێ و لە بەگزادەکانی (بانە) ژنێکی دیکە دێنێ و کوڕێکی بە ناوی (بەگزاد)ەوە لێ دەبێت و خوێندەوارێکی زیرەك و وریا دەردەچێت، (شێخ ڕەزا) پێی دەڵێت: (یادگار) کە تیرەی (بەگزادە)ی لێدەکەوێتەوە. جگەلە دایکی (بەگزاد) خوداداد ژنێکی دیکەیش دێنێ وسێ کوڕو دووکچی تری لێ دەبێت، کوڕەکان بە ناوی (ڕەشید، سەفەر، ڕەمەزان) کە هەرسێ تیرەی ئازای (ڕەشەوەند، سەفەرەوەند، ڕەمەوەند)ی لێ دەکەوێتەوە. کچەکانیشی ناویان (گوڵعوزار، پیرۆز) دەبێت. پاش چەند ساڵێك کوڕو کورەزاو کچەزای زۆر دەبن و چەندین سووار چاك و ئازایان لێ دەکەوێتەوە و دەست دەکەن بە کەسابەت و ئاژەڵداری و گەرمیان و کوێستان دەکەن، کوێستانیان (کەلی خان، نەکەرۆز، بەرانان) و گەرمیانیشان گوندەکانی (بلەکێ، کەندە سورە) دەبێت. خوداداد لە تەمەنی (٩٠ ـ ٩٥) ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات و هەر لەنێو مەرقەدە پیرۆزەکەی (شێخ ڕەزای هەنگەژاڵ)دا دەنێژرێت. کە لە دوای خۆی نەوەیەکی جەسور و ئازاو خاوەن مەقام و خوانی لەپاش بەجێدەمێنێت و لە ڕۆژهەڵاتەوە لە (دیواندەرە)وە تا (مەریوان)، لە ڕۆژئاواوە (سیاگوێز) و(شارباژێر)و (سیوەیل) تا (پێنچوێن) و دەشتی (قزلەر)و (ڕاوگان)دا بڵاودەبنەوە، لەئەنجامی بەهێزبوونیان خۆیان ناوچەکەی خۆیان بەڕێوە دەبەن و باج

و سەرانە نادەن بە دەوڵەتی عوسمانی و عوسمانیەکانیش هانی عەشیرەتەکانی دیکەی ناوچەکەیان لێدەدەن و هەمەوەندەکان ناچاردەکەن کە بەدەستێك کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بە دەستەکەی دیکەیشان (ڕم ، شیر ، قەڵغان ، چەك) هەڵگرن و خۆیان تەیار بکەن و پارێزگاری لە خۆیان و موڵك و ماڵ و ناوچەکەیان بکەن.

رەسوڵ چەڵەوی کە لە ساڵی (١٧٨٨ز)دا، وەکو سەرۆکی ئازای هۆزەکە دێتە مەیدان و بەدڵ و بەگیان پاڵپشتی لەشکری بابانەکان دەکات و لە قشڵەکەی گوندی (قورەتە)دا، فەرمانڕانی ناوچەکەی کردووە، بۆیە بە قەڵای (کوێخا رەسوڵ) ناوبراوە.



تصویر ١٤. تپهٔ رسول‌آقا در شمال دشت زهاب، دید از شمال (عکس از رضا عزیزی)




ڕەسوڵ چەڵەوی لەنێو قەڵای کەرکوکیشدا دیوەخان و جێگەی میوانداری و قولەی بەرزی هەبووە، لەگەڵ پیاوان و ژنانی هۆزەکەیدا (١٩)جار لە دژی عوسمانییەکان جەنگاون و ئاوارەی ئەو دیوی ئێران بوونە. لە دەشتی (زەهاو)یش قەڵایەکی مەحکەمی دروستکردووە و (ئەرکان) هەمەوەندی وێنەیەکی قەڵاکەی لای خۆی پاراستووە. کە لەفەرمانگەی شوێنەواری ئێراندا، هەروەکو لە وێنەی ژمارە (١٤) هاتووە بە تەپەی (ڕەسوڵ ئاغا) ناوزەند کراوە و بە ژمارە (٨٣٥) جێگیر و تۆمارکراوە. ئەمەش مایەی شانازییەکی گەورەیە بۆ نەتەوەی کورد و هەموو لایەك. لە دواساتەکانی ژیانیدا کوێخا رەسوڵ لەلایەن عوسمانییەکانەوە

دەگیرێت ولەنێو بەندینخانەی قەلاّکەی کەرکوکدا لەژێرئەشکەنجەدا گیانی بە کوردستان دەبەخشێت ولەپاش خۆی نەوەیەکی وئازاو حەوت کوڕی شۆڕشگێڕ و ئەدەب دۆست بەجێ دەهێڵێت بەناوەکانی: (فەقێ قادر، فەتاح بەگ، کوێخا سلێمان، مەحموود ئاغا، عەزیزئاغا، ئەحمەد ئاغا، مەلا محەمەد).

پیرەمێردی شاعیر سەبارەت بە ئازایەتی ئەم بنەماڵەیە دەڵێت: (میران بەگی وەڵەد بەگی، وە چەلەبی قەدیمی هەمەوەند کە چەلەبی باوکی شەریفی بە ناوەوە نرابوو. دوو سواری دوانزە سوارەی مەریوان بوون).[1]

جوامێر ئاغای هەمەوەندیش لە دوای روخانی میرنشینی بابانەوە سەری هەڵداوەو لە ساڵی (١٨٧٩ز ـ ١٨٨٠ز) گەیشتوەتە لوتکە و لەشکری رۆم و عەجەمەکانی تێك شکاندووەوهێرشی کردووەتە سەر شاری سامەڕاو ناو وناوبانگی بە ئازایەتی و میرخاسی لە جیهاندا دەرکردوە. کە نووسەرانی کورد و جیهانی والێکردووە لە نووسینەکانیاندا باسی بە جەرگی و ئازایەتی بکەن. هەر ئازایەتی جوامێر ئاغاو ژنانی هەمەوەندیش لە مەیدانی شەڕەکاندا وای لە (پیرەمێرد)ی نەمر کردووە کە بڵێت:

کوێخـــا جـــوامێری هەمەوەنـــد ئـــەیگووت
هـــاجوامێر! ڕۆم وعەجـــــەم وا لـــــەدووت
ســـەرێ کـــە شـــاهان بـــە تـــەمای نـــەبن
بـــۆ ئـــەوە باشـــە هەڵکەنـــدرێ لـــە بـــن
ئەوســـــاکەجوامێر دەنگـــــی دلێربـــــوو
تیپـــی هەمەوەنـــد ژنیشـــیان شـــێر بـــوو[2]

---

[1] . پیرەمێرد: دوانزە سوارەی مەریوان، چاپخانەی ژین، ساڵی ـ ١٩٥٩، لا ٩

[2] پەندەکانی پیرە مێرد: بەرگی یەکەم، کۆکردنەوەوساغکردنەوەی کاکەی فەللاح، لا٩٩




مستەفا نەریمان سەبارەت بە کوشتنی جوامێر ئاغا دەڵێت: (دوای ئەوەی کە ئێرانییەکان کاریان بە جوامێرئاغای عەشیرەتی هەمەوەند نەما، کەوتنە بیانوو پێگرتنی، حەسام ملك کەیەکێك بوو لە کاربەدەستانی قاجاری، بەناوی گفتووگۆوە بانگێشتی سەرای قەسری شیرینی کرد، ساڵی (١٨٨٦) دوای ئەوەی جوامێر ڕۆیشتە ناو سەراوە لەسەر فەرمانی حەسام ملك لە دوواوە پەلاماری جوامێرئاغایان داو بەگوللەو چەقۆ ئەو سەرۆك عەشیرەتەی کوردیان بە ناپاکی کوشت).[١] سەری جوامێرئاغا و هاوڕێکانیان بڕی وکردیان بە نووکی ڕمەکانیانەوە. هەروەکو لە وێنەکەدا دیارە.




---

[١] گۆڤاری لڤین: ژمارە (٨٦)، مەکری عەجەم، ڕاپۆرتی لڤین، لا١٣-١٢

## بـــەر قـــەڵای "جـــوامێر" کریـــا وه پەمـــە
## "جـــوامێر "وه خەنجـــەر "تورکـــان" وه قەمـــە[1]

رۆژی (٢٠٠٩/٣/١٣) کاتژمێر(٥)ی سەرلەئێوارە لەگەڵ (عەبدولغەفار) حاجی سابیر کانی ساردی چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ (یونس کەریم دەروێش) سازکرد. چەند بەیتێکی سەبارەت بە هەڵکەوتوویی (جوامێرئاغا ) لە لابوو کە دەڵێت:

**دوو کورِ هەڵکەوتەن لە موڵکی ئێران    جوامێر لە قەصر فلاّمەرز لە گۆران[2]**




مێجەرسۆنیش لە کتێبەکەیدا بەم شێوەیە وەسفی نەجیب زادەیی ئەم بنەماڵەیەو هەمەوەندەکان دەکات و دەڵێت: (هۆزی هەمەوەند ناو و شۆرەتێکی گەورەی نەجیب زادەیی و سەربەخۆیی و میرخاسییان هەیە).[3]

---

[1] مستەفا نەریمان: شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ، چاپخانەی رۆژ ـ کەرکوک ، چاپی دووەم ـ ٢٠٠٧، ل١٣٩

[2] سەروەر ئەحمەد کەریم: چاوپێکەوتن لەگەڵ (یونس کەریم دەرۆێش) ، لەدایکبووی ساڵی (١٩٢٥) ،کاتژمێر(٥)ی ئێوارە، رۆژی ـ ٢٠٠٩/٣/١٣

[3] مێجەر ئی . بی . سۆن: چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەکانی کوردسانی خواروو، نەجاتی عەبدوڵلاّ لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە، سلێمانی چاپخانەی شڤان ، ساڵی ـ ٢٠٠٧، لا ٥٢

هەروەها باسی ئەوەشی کردووەکە هەمەوەندەکان یارمەتی سلێمان پاشای بابانیان داوە لە بنیاتنانی شاری سلیمانی و دژایەتیکردنی سلێمان پاشای بەغدا کە لە بارەیەوە دەڵێت: ( هەمەوەند یاریدەی بونیاتنەری سلێمانی، سولێمان پاشای بابانی قەلاچوالان)یان داوە.



دژ بە پاشای بەغدا (سولێمان) لە دەوروبەری ساڵی (١٧٨٧ز). دواتر هاوپشتییان لەگەڵ بنەماڵەی بابان هەر بەردەوام بووە، دوای دامەزراندنی سلێمانی لە ساڵی (١٨١٩ز)، کۆمەکی ئەوڕەحمان پاشای بابانیان کردووە دژ بە تورکەکان). هەروەها لە ساڵی (١٨٣٦ز) سەرلەنوێ پەیوەندی بە بنەماڵەی بابانەکانەوە دەکەن لەژێر سەرکردایەتی عەزیزبەگی بابان کە زنجیرەیەك جەنگی دژبە تورکەکان لە کرێچنەو دەربەندی بازیان هەڵگیرساند. عەزیزبەگ بە یەکجاری تێکدەشکێ و هەمەوەندەکانیش پەرت و بلاوەبنەوە).[1]

مێجەرسۆن، لەکتێبەکەیدا، سەبارەت بە کەریم بەگی فەتاح بەگی سەرۆك هۆزی هەمەوەندەکان و ناووناوبانگ وخانەدانی ئەم بنەماڵەیەی ڕەسوڵ چەڵەوی

---

[1] مێجەر ئی . بی . سۆن: چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەکانی کوردسانی خواروو، نەجاتی عەبدوڵلا لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە، سلێمانی، چاپخانەی شڤان، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، ساڵی ـ ٢٠٠٧.

دەڵێت: (کەریم بەگ کوڕی فەتاح بەگ، سەرۆکی هەمەوەند، هۆزێ لە هەمووان بەناوبانگترن، جەنگاوەری تەواوی کوردستانن و ژنەکانیشیان بەشداری لەجەنگدا دەکەن. تەواو چەکدارو ئەسپسوارن هۆزێکی فەناتیکی مەزهەب شافعین لەرووی بنچینەو زمانەوە کرمانجن. هەمەوەندە ڕەسەنەکان هەموویان نەوەی چەلەبی باوکی رەسوولن).[1]




مێژووی ئەم بنەماڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی هۆزی هەمەوەندو هاتنیان بۆناوچەکانی (پێنجوێن) و (سلێمانی) و(بازیان) و(قەڵای چەمچەماڵ) و دەوروبەرەکەی وەکوو زۆربەی بنەماڵەکانی دیکەی هەمەوەند رەچەڵەکیان بۆ (خودادادە شەل)ی باپیرە گەورەیان دەگەڕێتەوە. کەسایەتییەکانی ئەم بنەماڵەیە هەر لە سەرەتای هاتنیانەوە جێ دەستیان بە ئاوەدانکاری ناوچەی سلێمانی و بازیان و چەمچەماڵەوە دیار بووە، بۆ دۆست و دوژمنیان سەلماندووە، کە بنەماڵەیەکی ئاوەدانکار و شۆڕشگێڕ و ئاین پەروەر و ئەدەب دۆست بوونە.

---

(1) مێجەر. بی. سۆن: سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٠، ٥١

هەروەکو چۆن (ئیمامی عەلی) خودا لێی رازی بێت، فەرموویەتی: (باشترین میرات ئەدەبە). بە میرات ئەم بنەماڵەیە نەوە دوای نەوە لە رووی ئەدەب ومەردایەتییەوە هەمیشە لە لوتکەدا بوونە و چەندین شاعیری شۆڕشگێڕی وەکو(فەتاح بەگ و فەقێ قادر و حەیدەر عەزیز ئاغا و تەهای مەحموودی ئەحە و سابیربەگ)یان تیا هەڵکەوتووە، هەموو کاتێکیش ماڵەکانیان پڕاوپڕ لە نوور و ئەدەبیات و وشەیی جوانی پڕ لە مانا بووە، هەر وەکو چۆن مەلا (عەبدولکەریمی مودەریس) کۆمەڵەی شیعری (فەقێ قادر)ی هەمەوەندی کۆکردۆتەوەو بەچاپی گەیاندووەو لە وەسفی ئەدەب دۆستانیشدا فەرموویەتی:




**ئەدەب وەسفێکە هەر بۆ مەرد ئەشێ    نـــــامەرد ئەدەبی قەد لێ ناوەشێ**

**دوور بە لەوکەسەی لە ئەدەب دوورە    ماڵی بێ ئەدەب ماڵی بێ نـــــوورە**

کۆمەڵەی شیعرە پڕماناکانی فەقێ قادر و شاعیرانی دیکەی هەمەوەندیش، لەو سەردەمەدا چرای رووناکی سەرجەم ماڵەکانی ناوچەی چەمچەماڵ و دەورووبەرەکەی بووەو بە هۆنراوە بەرزو نیشتیمانییەکانیان دڵی داگیرکارانی کوردستانیان هێناوەتە لەرزە. بۆ سەلماندنی ئەو راستییەش ئەوەتا (فەتاح بەگ)ی باوکی (کەریم بەگ)، کە ئەو دەمانە لەگەڵ فەقێ قادری برایدا ماڵیان لەسەر قەلاّی چەمچەماڵ بووە.




هەمیشە قەڵای سەرکەشی چەمچەماڵی بە باخ وگوڵ و گوڵشەن و دوڕومەرجان چواندووەو پارێزگاری لێکردووە. کاتێکیش کەوتووەتە بەرشالاوی گرتن و راگواستن بەدەستی تورکەکان، لەنێو بەندیخانەی موسڵەوە ئازایانە نووکی خامەکەی لە جەرگی سەدری ئەعزەم و سالاری تورکەکان وەرداوەو نوسیوویەتی :

**بـــرۆ کـــەوان، گومانـــت بـــرد کـــەوا مـــن ســـامی نـــەریمانم**

**زنجـیرت خسـتە دەسـت وپـێم، فڕێـت دامـە چـاڵی زیندانـەوە**

**مـــن نـــە یوســـفم تـــا بمکوتیتـــە نـــاو زینـــدان،**

**نـــە یـــەعقوبم بمخەیتـــە نـــاو (خەمخانـــە) وە**

**دیـــارە حەدیســـی (اکـــرم الضـــیف) لـــەیاد نـــەماوە**

**ئەگەرکافریش بم، خۆ هەرنەبێ لای خـەڵکی ئـەم شـارە میـوانم**

**مـــن، وەکوبولبـــولی شـــەیدا، نـــاوگوڵ وگوڵشـــەن بووجێگـــام**

**کەچـــی ئێســـتا پـــەپوو ئاســـا، لەوێرانـــەدا دات کـــردووم**

**دەتکـــا لـــەنووکی خامـــەم، هەمیشـــە مـــرواری ومـــەرجان**

**لەباتی ئەوە، ئێستا بەیانیان لـــەنووکی برژانگم خوێن دەتکێ**

**ئەگەرچــی ســەردەمێك كەوتمــە نــاو یــاخی وبەدبەختانــەوە**
**نــــەمزانی، بەهەڵــــەدا چــــووم، پەشــــیمانم پەشــــیمانم .[1]**

سەدری ئەعزەمی پادشای توركانیش وەكو پیشەی هەمیشەییان چاوی بەم هەموو وشە ناسك و جوانانەی (فەتاح بەگ)وگوڵ وگوڵشەن و دیمەنە جوان و دڵڕفێنانەی قەڵای چەمچەماڵدا هەڵنەهاتووەو بەم وشە ناشرین و نەشیاوانە وەڵامی هۆنراوەكەی (فەتاح بەگ)ی داوەتەوە .كە دەڵێت:

**تــــەوێڵ لۆچــــاوی نــــەتزانی كــــە مــــن ســــامی نــــەریمانم**
**كــــە گوایــــە ئــــەتوانی بــــەم فروفێڵــــە لــــە خشــــتەم بــــەری**
**تۆدەتــــەوێ بــــە ئەفســــوونبازی هەڵمخەڵــــەتێنی بــــەلاّم نــــەتزانی**
**كــــە مــــن پــــەروەردەی دەســــتی خــــدێوی شــــاهی كــــەیوانم**
**لە حەدیسی (اكـرم الضیف) گــەر بگەشــتبایە باســت نــەدەكرد**
**چونكە من شــارەوانی شــاری (ولاتلقــوا بأیـدكم الی التهلكـه)م**
**باســــی سیاچــــاڵی یووســــف و یــــەعقووبی غــــەمگین مەكــــە**
**گەر تــۆ جادووگــەری، مــن مووســام، زنجیرەكــەی ملــت مارمــە**
**گــــەوجی یــــە زنجــــیر لــــەملی ســــەگی هــــاردا دامــــاڵین**
**ئــەم قســانە لای مــن نــاڕۆن چــونكە پەنــدا مــوزی لوقمــانم [2]**

فەقێ قادر جگەلەوەی سەرۆكی هۆزەكەی بووە، زانا و شاعیرێكی شۆڕشگێڕو خاوەن پلەوپایەو بە هەڵوێست بووە. هەروەكو نەجمەدین مەلا لەو ڕووەوە دەڵێت:

---

[1] ئەمین شوان: گەڕانێ بەكەشكۆڵە دیارەكانی ئەدەب دۆستاندا لەكوردستان، بەشی یەكەم، ڕۆژنامەی هاوكاری ژمارە (٣٣٦٣)ی ڕۆژی ١٣/٩/٢٠٠٠

[2] ئەمین شوان: گەڕانێ بەكەشكۆڵ دیارەكانی ئەدەب دۆستاندا لەكوردستان، بەشی دووەم، ڕۆژنامەی هاوكاری، ژمارە (٣٣٦٦)ی ڕۆژی چوارشەمە ٢٠/٩/٢٠٠٠

(فەقێ قادری ڕەئیسی هەمەوەند ئەم زاتە عالیم و شاعیرێکی بێ هەمتا بوو، ڕەئیسی عەشیرەتی هەمەوەند بووە).[1]



فەقێ قادری هەمەوەند

فەقێ بەئازایەتی خۆی پۆستی قایمقامییەتی چەمچەماڵی وەرگرتووەو لەکاتی دەسەڵاتەکانی خۆیدا، پرۆژەیەکی ئاوی بۆری بۆخواردنەوە لەنێوان ماڵی (کوێخا نوری) و(لەتیف)، لە بەرامبەر حەوزە ئاوەکەی پاڵ (قەڵا)دا. دروستکردووەو چەند مەترێك ئاوەکەی بۆ پێشەوە فڕێداوە.

زۆرجار لەسەر ئەم هەڵویستە کوردانەو ڕەفتارە جوانانەی لەلایەن عوسمانییەکانەوە توشی گرتن و ئاوارەیی ئەم دیوو ئەودیوو بووە. لە ناوچەی (زەهاو)و(ماهیدەشت) ژیاوەو زمانی عەرەبی تورکی فارسی بە باشی زانیوە. زۆربەی شیعرەکانی بە دیالێکتی گۆران نووسیوەتەوەو هەستە نەتەوایەتییەکەی وای لێکردووە زمانەکەی خۆی خۆش بوێ و شانازی پێوە بکات. هەر وەکو لەم دێڕە هۆنراوەیەیدا لەو بارەیەوە دەڵێت:

---

(١) کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند: ئامادەکردنەوەو ڕێکخستنەوەی کاروان عوسمان خەیات(ڕێبین)، چاپی دووەم ـ ٢٠٢١، لا ٣١

**چـــون فارســـی بـــوو پەنـــد حــــەکیمان**
**بەلـــەفــظ کـــوردی کـــەردم تــــەرجومان**
**ساچـــوون مـــن ئەســلْم ســینف ئــەکرادەن**
**هەرکەس بـە ئەمسـال وێـش خـاتر شـادەن.**[1]

لەم هۆنراوەیەی خوارەوەشدا، عەرشی دەوڵەتی عوسمانییەکانی لەرزاندووەو یەکە یەکەی کاربەدەستانی عوسمانی داشۆریوەو هەر هەموویانی بەگەندەڵ و زاڵم و ستەمکار و نا دادپەروەر ناو بردووەو فەرموویەتی :

**کــەس نــی یــەن واچــۆ مــەر چێشــەن گونــاش**
**هـــــەردەم بــــەڕەنگێ مــــەدەرێ ســــزاش**
**(والـــی) موخەننـــەث، (قومانـــدار) ئەحمـــەق**
**(شـێخ عــەلی) خــائیف، (دەفتــەردار) سەرشــەق**
**(قــاضـي) بــەد عەمــەل، (مــوفتی) بــێ کــارە**
**(ڕوشـدی بـەگ) بـێ ڕوشـد، (ئـەرکان) پـەتیارە**
**(مــوددەعی عومـــووم، ظەرفــش خــاڵی یـــەن**
**(ڕەئـــیس جــــەزا) لا ئوبــــالی یــــەن**
**غـــــەیر خوداوەنـــــد فـــــەرد فـــــەریاد ڕەس**
**حەرف خــەیر (اصـلاً) نــی یــەن جــەلای کــەس**[2]

[1] کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند: ئامادەکردنەوەو ڕێکخستنەوەی کاروان عوسمان خەیات(ڕێبین)، چاپی دووەم ـ ٢٠٢١، لا ٦٦

[2] مەلاعبدالکریمی مدرس وفاتح عبدالکریم:کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا-١٩٨٠، لا٢٦٢

هەر لەسەر ئەو هەڵوێستە کوردانەو هۆنراوەیەی سەرەوە (فەقێ قادر) لە دوای کوشتنی جوامێرئاغای هەمەوەندلە ساڵی (١٨٨٦ز ـ ١٨٨٧ز)دا، کە ماوەیەکی زۆر دەوڵەتی رۆم و عەجەمی شڵەژاندبوو. فەقێ راپێچی زیندانەکان کراوەو پاشان لەگەڵ هۆزەکەیدا بۆ تەرابلووسی رۆژئاوا نەفی کراوە، نەجمەددین مەلا لەو بارەیەوە دەڵێت: (ساڵی ١٣٠٥هیجری ئیسماعیل پاشای تورك لە ئەستەموولەوە مەئموور کرا بۆ تەئدیب و تەعقیبی هەمەوەند، ئیسماعیل پاشا بە جەیشێکی گەورەوە ڕووی کردە بازیان ، گەلێکی لە ڕووئەسای هەمەوەند گرت و ناردنی بۆ تەرابلوسی غەرب بۆ شاری بەنغازی لەناو ئەوانەدا فەقێ قادریش گیراوە و ڕەوانەی بەنغازی کرا).[١]



هەمەوەندە نەفیکراوەکان لە تەرابلوس لە ساڵی (١٨٩٤ز)

گوناهی فەقێ قادریش تەنیا ئەوە بووە، کە بەزوبانی شیرینی کوردی قسەی کردووە. هەرکەسێکیش لە سەردەمی داگیرکاری عوسمانییەکاندا بەو شێوەی فەقێ قادر بە زوبانی کوردی قسەی بکردایە بۆ تەرابلوسی رۆژئاوا دوریان دەخستەوە.

---

(١) کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند: ئامادەکردنەوەو رێکخستنەوەی کاروان عوسمان خەیات(ڕێبین)، چاپی دووەم ـ ٢٠٢١، لا ٣١

بڕوانن و بزانن پیرەمێردی نەمر لە بارەی هۆکاری دوورخستنەوەی هەمەوەندەکان و فەقێ قادر بۆ تەرابلوسی ڕۆژئاوا چی دەڵێت:

**هەرکەسێ کە بیوتایە منیش کوردم ئەو دەمە**
**ڕێگەی ( تەرابلوس)ی بە لووسی ئەگرتە بەر .[1]**

شاعیری ناوداری کورد (خەلیل منەوەر) کە بەپێی هەندێ سەرچاوە لەدایکبووی ساڵی (١٨٧٨ز) یە، ڕۆژی پێنج شەممە(٢٧ی ذی الحجەی ساڵی ١٣١٣ی . ك)، کە بەرامبەرە بە ساڵی (١٨٩٥ ز)ی. لەنێو دیوانە بەنرخەکەیدا کەشکۆڵێك بە ناوی (کۆمەڵە هۆنراوە)وە، تۆماردەکات وپێشکەش بە هەردوو سەرکردەی ناوداری چەمچەماڵ و هەمەوەندییەکان (فەقێ قادر) و (ئەمین ئاغا ی شەریف فەرەنگێز)ی، خزمی دەکات ، ئەمین ئاغا دانیشتووی گوندی (چاڵگە)ی سنووری چەمچەماڵ بووەو لەشەڕی (شوعەیبە)دا، شەهیدبووە و هەرلەوێش بەخاك سپێردراوەو هەر وەکوو فەقێ قادر گۆڕغەریب بووە. سەرەتای کەشکۆڵەکە بەم شێوەیە سەبارەت بە فەقێ قادر دەست پێ دەکات و دەڵێت:

**یەك یەك نامەوزوون نوسخەهای نادر**
**نمەبۆهەمتای فەرد(فەقێ عەبدولقادر)**
**فەریادم پەرێ شوعەرای زەمان**
**هاوارم پەرێ بەگزادەی وەنان**
**بێدادم پەرێ ساحێب تەئلیف**
**فەغانم پەی مەرگ ئوستاد تەسنیف**

---

[1] دیوانی پیرەمێرد: بەرگی (١- ٢-٣)، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان - سلێمانی -٢٠١٠، ل١٣٧



خەلیل منەووەر

کۆتایی کەشکۆڵکەیشی پێشکەش بە (ئەمین ئاغا)ی شەریف فەڕەنگێز دەکات و دەڵێت:




تـەمام بـی کیتـاب کریـا عـەتر ئـامێز
پـەی (ئـەمین ئاغـای شـەریف فـەڕەنگێز)
ئەسـڵش حـەرف (هـیٚ ومـیم و واو و نـوون)
مـەزانۆ کـونیەش ئەهـل عـارفوون[1]

---

(1) دیوانی میرزا خەلیل منەوەری کاکەیی: لەکۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی هەردەوێڵ کاکەیی، چاپی یەکەم، هەولێر-٢٠٠٦، ل١٩١، ١٩٤- ١٩٣

هەروەها شاعیر لە پرسەو کۆچکردن و گۆڕغەریبی (فەقێ قادر)یشدا، دەڵێت:

رۆژێ نـــی دنیـــای دەنـــی نـــەبی شـــاد
خەرمەنـــەی خـــەمان هـــیچ نـــەدا وەبـــاد
(یوســـف) وار نەقەیـــد زینـــدان گرفتـــار
(بێـــژەن) وار نەبەنـــد تورکـــان بـــەدکار
ئـاخر وەفـات کـەرد ئـەو عـالی جـەناب
ئـــەو ســـۆفی مـــەرحووم (مؤلـف الکتـاب)
رۆح پـــڕ فتـــووح شـــوعەرای زەمـــان
پـــەرواز کـــەرد پـــەرێ دەروازەی جینـــان[١]

لەبەرامبەر ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی تورکەکاندا (شەریف چەڵەوی) هەمەوەند ، کە لەگەڵ کەریم بەگدا لە داستانی قارەمانێتی کورددا ناویان هاتووە. لەنزیك گوندی (سەوسکە)ی ناوچەی هەمەوەند لە هێزێکی تورکی داوەو تا سەر قەڵای چەمچەماڵ راوی ناون، لەو ساتەوە ئەوشوینەکە بەشەڕگەی شەریف ناونراوە. کەمال نوری مەعروف کۆمەڵێ زانیاری وردی لەسەر ئەو کەسایەتییە ناودارانەی کورد کە لە بەڵگەنامە نهێنییە فارسیەکاندا ناویان هاتووە کۆکردوەتەوەو لەبارەی (کەریم بەگ)ەوە نووسیوویە: (کەریم بەگی فەتاح بەگ، سەرۆکی هۆزی هەمەوەند بووە. لەو هەمەوەندانەیە کە کاتی خۆی دوورخراونەتەوە بۆ لیبیا. لە ساڵی(١٨٩٦ز) هاتونەتەوە بۆ ناوچەی خۆیان، لایەنگری سەرسەختی شێخ مەحموود بووە. پاش کوشتنی کاپتن(بۆند)و (ماکانت) روویکردوەتە رەواندزو چۆتە پاڵ جووڵانەوەی رەواندز. دەوری زۆری هەبووە لەفشار خستنەسەر هێزەکانی

(١) دیوانی میرزا خەلیل منەووەری کاکەیی: سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٠، ١٠٠١

ئینگلیزداو پاش رووخانی حکومەتەکەی شێخ مەحموودیش لە تەکیە ماوەتەوە).[1]



کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند

پیاوە ناودارەکانی هەمەوەندو کەسایەتییە ئازاکانی دیکەی ناوچەکە بەو پاکی دڵسۆزییەوە فەرمانڕانی و خزمەتی ناوچەکەیان کردووە، لە دروستکردنی پردو گومەز و گوندو قشڵەو قەڵاو کاروان سەراو و ئاسیاو ومزگەوت و کارێزو گۆرستان و بە دەست هێنانی پایەی ئاین و ئەدەب دۆستی لە ناوچەی چەمچەماڵ و دەورووبەریدا، هەمیشە جێ دەستیان دیاربووە. (خاتون) چەڵەوی لە گوندی (بنە) باخێکی هەنجیر وهەناری هەبووە. زۆرجاران لەشکری دووی خۆی خستووەو پاسەوانی تایبەت بەخۆی هەبووە، شانازی کچیشی کە خێزانی (عەبدوڵڵا سەربڕاو)بووە، کارێزکەندی هێناوەو (کارێزی ڕەقە)ی لە پێدەشتەکانی گوندی (مۆفەر) دروستکردووەو (١٧ تا ١٩) بیری ئاوی پاکی بۆخواردنەوەو ئاودێری هەبووە.

هەموو ئەوکارو هەڵوێستانەش نیشانەو شاهێدی تەواوی رۆژانی درەوشاوەو دەست رەنگینی و پاشماوەی دێرین و شارستانییەتی کەسایەتییە ناودارەکانی ئەم

[1] کەمال نوری مەعروف: مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموودبەئێرانەوە، لە بەڵگەنامە نهێنییە فارسییەکاندا، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم ـ ٢٠٢٠، لا ٢٢٣

هۆزو بنەماڵە خانەدان و ئاوەدانکارەن کە لە نووسینەکانی دۆست و دوژمندا ڕەنگیان داوەتەوە. هەروەکو چۆن گرنگترین کاریان هاوکاری (سلێمان پاشا)ی بابان بووە، لە بنیاتنانی شاری (سلیمانی)دا، ئاوهاش لەسەردەستی (سلێمان کوێخا ڕەسوڵ) چەڵەوی سەرۆك هۆزی هەمەوەنددا، چەمچەماڵی نێوان (کەرکوك و سلێمانی)یان، لەسەر ناوی (چەمچەماڵ)ی بناری کێوی بێستونی ناوچەی(کرماشان) ئاوەدانکردووەتەوە. قسەکردنەکانیشیان بە دیالێکتی (گۆران) و ناوچەی کرماشان زیاتر ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخەن و(فەقێ قادر)ی شاعیری هەست ناسك و خاوەنی وشەی جوانی ئەو دیالێکتەش، لە لاوانەوەیەکیدا بۆ مەرگی ناوەختەی (کوێخا سلێمان) چەڵەوی براگەورەی، کە لە قەڵاکەی گوندی (مۆفەر)دا پرسەی بۆ داناوە، سەدەو نیوێك زیاتر بەرلە ئێستا لە لاواندنەوەکەیدا بەشێوەی هۆنراوە ئاماژەی بۆ بناغەدارشتن و ئاوەدانکردنەوەیەی شاری(چەمچەماڵ)لەسەرناوی چەمچەماڵی کرماشان بەدەستی (سلێمان کوێخا ڕەسوڵ) کردووە و هیچ گومانێکی بۆ ڕاستی ئەو ئاوەدانکردنەوەیەی چەمچەماڵ لەلایەن هەمەوەندەکانەوە نەهێشتووەتەوە کە دەڵێت:

**شەهسوارم ڕۆ ....شەهسوارم ڕۆ ! شەهباز شەش دانگ شەهسوارم ڕۆ !**
**فەرەیدوون تەلعەت سەهم دارم ڕۆ ! ئەسکەندەرئەساس حاتەم وارم ڕۆ!**
**کەیخوسرەوودەماغ، سیاوەحشم ڕۆ! فەراموزر یەل، جیهان بەخشم ڕۆ!**
**سەرتیپ سەرهەنگ سان سوپام ڕۆ! نادیرەی ئەیام عەلەم وەپام ڕۆ!**
**سەردار زۆر مشت سیاماڵم ڕۆ! عەمارەت نومای چەمچەماڵم ڕۆ!**
**شێر بێ ئارام سەر بیساطم ڕۆ ! کۆی ذات هونەر پڕ صیفاتم ڕۆ !**[1]

---

(1) مەلاعبدالکریمی مدرس وفاتح عبدالکریم: کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند، سەرچاوەی پیشوو، لا٦٦٧-٦٦٨

دوای ئەو کۆچە ناوەختەی (کوێخا سلێمان)یش، فەقێ قادر بەهاوکاری خزمان و پیاوانی هۆزەکەی خانووەکەی سەرقەلای چەمچەماڵی تەواو کردووەو خۆیشی ماڵی بردووەتە سەر قەلا. سەبارەت بەو شێوە نووسین و ئاخاوتن و دیالێکتەی فەقێ قادرو هەمەوەندەکانیش مەیجەرسۆن دەڵێت: (دیالێکتی هەورامی لە دیالێکتی فارسی دەچێت، بەتایبەتی لە گۆرانی کۆن دەچێت).[١] هەروەها لەشوێنێکی دیکەدا لە زاری کوردەکانەوە دەڵێت: ژمارەیەك لە دیالێکتی موکری کە زمانی راستەقینەی کوردە، ئاخاوتنی پێدەکرێ. رانیەو مەرگە، بانەو سەردەشت نزیکن لە زمانێکی رەوانەوە، سلێمانی وشوان و هەمەوەند دیالێکتێکی هاوشێوە بەکاردەهێنن لەگەڵ کەمێك جیاوازیدا).[٢]

هەروەها (ئیدمۆندس) لە بارەی هاتن وقسەکردنی هەمەوەندەکان وئەم بنەماڵەیەوە دەڵێت: (وابیر دەکرێتەوە کە لە سەدەی هەژدەدا لە دەشتەکانی ئێرانەوە هاتبن و دەستیان بە سەر ئەو ناوچەیەدا گرتبێ، ناوەکانیان پیشان دەدات کە تازە هاتوونە ئەم ناوچەیە و ئیستاش بە زاراوەیەکی نزیك بە زاراوەی کوردیی کرماشانی قسە دەکەن).[٣]

---

[١] مەیجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەك لەکوردستان، وەرگێرانی مینە، چاپی یەکەم ، سلێمانی ـ ٢٠٠٧، لا ٤١

[٢] مەیجەرسۆن: سەرچاوەی پێشوو، لا٣٩، ٤٠

[٣] سیسل جۆن ئیدمۆندس: کورد تورك عەرەب، وەرگێرانی حامید گەوهەری، لە بلاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاو کردنەوە ، چاپی سێیەم ، لا ٦٧



ئیدمۆندس

هەموو ئەوزانیاری و بەڵگەنامانەی سەرەوەش کە خستمانەڕوو، راستی و درووستی ئەوە دەسەلمێنن کە هەمەوەندەکان چەمچەماڵیان بەناوی چەمچەماڵی کرماشانەوە ئاوەدانکردووەتەوە، کەبەیەك شێوە زمان و دیالێکت ئاخاوتنیان کردووە.

هەروەها (یونس کەریم دەروێش) هەمەوەندی، لەدایکبووی ساڵی(١٩٢٥)بوو، پیاوێکی خوێندەوارو زیرەك بوو، کۆمەڵێك چیرۆك و بەسەرهات و بەیتی کورد ی و بەسەرهاتی( فەقیێ قادر)و (جوامێر ئاغا)ی هەمەوەندو(کەریمی فەتاح بەگ)ی، هەمەوەند و(سابیربەگ)ی کوڕی و قەڵای چەمچەماڵی لابوو، لەسەر قەرەوێڵە کەیەوە بە هێمنی و بەدەنگە کزەکەیەوە، دووبارە کەوتەوە گفتوو گۆو گوتی: پاشماوەی خانووەکەی (فەقیێ قادر) لەسەر قەڵای چەمچەماڵ تا ساڵی (١٩٤٥ز) بەجوانی مابووەوە، وە من بەچاوەکانی خۆم بینیوومە.



یونس کریم دەروێش هەمەوەندی

هەروەها درێژەی بە قسەکانی داوگوتی : (ڕەعنا محەمەد فەتاح)ی، دایکم بۆی گێڕامەوە: بە منداڵی لەگەڵ دایکیدا کەناوی (خاتوون)ی کچی (جوامێرئاغا)بووە، چوونەتە ماڵی( فەقێ قادر) لەسەر قەڵای چەمچەماڵ و لەوێ شەکری کلۆیان داوە بە دەستییەوە. هەموو جارێك دەیگووت: لەوێ بۆیەکەم جار شەکری کلۆم بینیووە. دواجار ئەم چەند بەیتەمان لە دەرئەنجامی قسەکانی دیکەی هەڵبژارد، کە لەبارەی فەقێ قادرەوە دەڵێت:

هەرکــەس هەرحاجــەت تەڵــەب کــەرد نــە تــۆ
تــا حــەدل ئیمکــان درێخیــت نــە بــۆ
تــەرك صــوعبەت کــەرد تــۆ جــەناو ئــەهلان
حاجــەت تەڵــەب کــە لــە جــوان مــەردان[١]

واتە: (هەرکەسێ داوای هەرشتێکی لێکردی بەگوێرەی توانا هاوکاری بکە. ئەگەر داوا کاریشت هەبوو، ئەوە لە پیاوی مەردی بکە).

---

[١] سەروەر ئەحمەد کەریم: چاوپێکەوتن لەگەڵ (یونس کەریم دەروێش)، چەمچەماڵ، کاتژمێر (٥)ی ئێوارە، ڕۆژی ـ ٢٠٠٩/٣/١٣

شاعیری نیشتیمانپەروەری ناوچەی چەمچەماڵ (مەلای جەباری)یش دەربارەی دەسەڵات و فەرماندای و پاڵەوانێتی و دەستڕەنگینی پیاوە ئازاکانی ئەم بنەماڵەیە، ئەم هۆنراوەیەی بۆ ئازایەتی و فەرمانڕانی (حەمە)ی کوڕی کوێخا (سلێمان)ی ئاوەدانکاری چەمچەماڵ داناوە، بە فەرمانڕەواو سەرداری گرد و قەلاّی (چەمچەماڵ) و سەرچاوەی خێروبەرەکەت بۆ (سەحرای چەمچەماڵ) و ناوچەکەی لەقەڵەم داوەو دەڵێت:

خـــــان خـاص خـەیاڵ شـــــــای کەمـەر لالّن
ســـــــەردار سوپـــــــــای گـــرد سیامـــــالّن
ســـینەی کـــــــــانی گـــەنج گەوهـــەر دانــەی لاڵ
فـــەرخونەی فەرپـەخش سـەحرای چەمچـەماڵ(١)

دکتۆر (حامد مەحموود عیسا) لەنامەی دکتۆراکەیدا سەبارەت بە بە ئازایەتی و نیشتیمانپەروەری (حەمەی سلێمان ئاغا) و (کەریم بەگی فەتاح بەگ)ی هەمەوەندو هاوەڵەکانیان لەگەڕانەوەیان لە تەرابلوسی ڕۆژئاواوە بۆ چەمچەماڵ دەڵێت: (کوردەکان لە تەرابلوس نیشتمانەکەیان بیرنەچووەوە و سۆزیان بۆ ولاّتەکەیان وای لێکردن کە هەندێکیان هەوڵی هەلاّتن بدەن، هەندێکیان بەڕاستی ئەم کارەیان ئەنجام دا لەسەرووی هەمووشیانەوە سەرۆکەکانی هەمەوەند وەك (محەمەد ئاغای کوڕی سلێمان، ڕەشیدی کوڕی فەتاح، عەبدول قادری کوڕی حسێن بەگ، حوسەینی کوڕی عەلی، مستەفای کوڕی کامیل، کەریمی کوڕی فەتاح بەگ، حەسەن بەگ) ڕووەو ڕۆژهەلاّت ڕۆیشتن، بەلاّم دەسەلاّتدارانی ناوچەکە دوویان کەوتن و توانیان بەهۆی ژاندرمەکانیانەوە

---

(١) دیوانی مەلا فەتاحی جەباری: کۆکردنەوەو ئامادەکردنی هەردەوێڵ کاکەی، چاپخانەی شڤان، ل٣٣

بیانگرنەوە، دوای ئەوەی شەڕ لەنێوانیاندا روویدا بوو. هەندێکیان بە خۆیان وچەکەکانیانەوە گیرابوون و حەسەن بەگیش کوژرابوو، لە رۆژی (١٩)ی ذوالقعدەی ساڵی(١٣١٠هـ) لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کرا)[١]. کە بەرامبەرە بە رێکەوتی (٣ی حوزەیرانی ١٨٩٣ز).



هەر وەکو لەو بەڵگەنامەیەی سەرەوەدا هاتووە: (حسێن بەگ) کوژراوە و نەك (حەسەن بەگ) لەوەدەچێت (د. حامد) بە هەڵەی چاپ ناوەکەی تۆمارکردبێت. جگەلەوەی (کەریم بەگ)ی فەتاح بەگی هەمەوەندیش هەردوو چاوو شانی چەپی بریندار بووە. بۆیە وێنەیەك لەو لێکۆڵینەوەیەم خستەپێش چاوتان، بۆ ئەوەی بزانن چۆن (کەریم بەگ) لەناو دادگای جەزائی تەرابلوسی رۆژئاواداو لەکاتی لێکۆڵینەوەدا. بە زوبانە کوردییە شیرین و ڕەسەنەکەی خۆی حاشای لە زمان و

---

[١] د. حامد محمودعیسی: المشکلة الکردیه فی الشرق الاوسط منذ بدایتهاحتی ئەوەی سنه ١٩٩١، کلیه التربیه ـ جامعه بورسعید ، مکتبه مدبولی ـ ١٩٩٢ ص٢٤ـ

نەتەوەکەی خۆی نەکردووە و ئازایانە فەرموویەتی: (من کەریم بەگی فەتاح بەگی کوردم، چەکیشم پێ بووە). هەروەها (حەمەی سلێمان ئاغا)ش بەهەمان شێوە. ئایا ئەم هەڵوێست و وتەیەی کەریم بەگ و هاوەڵەکانی لەو وڵاتە دوور و بێ دەرەتانی و قەفەسی دیلێتی یەدا کە هاواریان بەکەس نەگەیشتووە، نیشانەی پاڵەوانێتی و ناسینی کورد نییە بە دونیای دەرەوە؟!. ئایا ئەمە هەڵوێست و مێژووی پڕلەکوردایەتی وگیانفیدایی و پاڵەوانێتی شاری چەمچەماڵ و سەرجەم شارەکانی دیکەی کوردستان نییە؟!. لە بەرامبەر دوژمنان و داگیرکارانی کوردستاندا، لێرەشدا دەتوانیین بڵێین: مەزنترین داستان، جوانترین مەدالیای پاڵەوانێتی وگەڕانەوەی هەمەوەندەکان بە شەڕو بەپێ لە تەرابلووسی رۆژئاواوە بۆ کوردستان. لە ڕێگەی ئەو بەڵگەنامەیەوە بە رابەری مەزنی نەتەوەی کورد (کەریم بەگی فەتاح بەگ)ی هەمەوەند و هاوەڵەکانی دەبڕێت، کە لە ناوجەرگەی خاکی لیبیادا لەگەڵ خزم وهاوەڵەکانیدا چەکی گەڕانەوەی بۆ رزگاری نەتەوەکەی لە شان کردووە، بەمەش شەرەفی مەزنترین داستان، جوانترین نمایشی پاڵەوانێتی و مەدالیای زێڕینی ئازایەتی وگەڕانەوەی هەمەوەند، لە تەرابلووسی رۆژئاواوە بۆ سەر تەختی قەڵای چەمچەماڵ، بە گەورەترین شەڕو قوربانی دان، لەڕێگەی ئەم بەڵگە نامەیەوە بە رابەری نەتەوەی کورد (کەریم بەگی فەتاح بەگ)ی هەمەوەندو هاوەڵەکانی ئەبڕێت، کە لە ناوجەرگەی خاکی لیبیاد چەکی نەتەوەکەی لەشان کردووەو لە دژی ژاندرمەکانی عوسمانی لە(تەرهوونە) جەنگاوەو برینداربووەو لە رۆژی(٨ی شەوالی ١٣١٠هـ) لەگەڵ محەمەدی کوڕی کوێخا سلێمانی ئاوەدانکاری چەمچەماڵ و رەشیدی کوڕی فەتاح و عەبدولقادری کوڕی حوسێن و حوسەینی کوڕی عەلی و مستەفای کوڕی کامیل لە دوای کوشتنی حەسەن بەگ لە نێودادگای جەزائی تەرابلووس بە شێوەیەکی کاتی راگیراون و لێکۆڵینەوەیان

لەگەڵ کراوە . پاش حوکم دان و ئازادکردنیان بەپێ خۆیان دەگەیەننەوە قەڵای چەمچەماڵ.



تەرهونە

هەروەها لەم بەڵگەنامەیەی خوارەوەشدا ناوی (٤٨) نەفیکراوی دیکەی هەمەوەند دەبینرێت و لەناویادا خوالێخۆشبوو (حەیدەر عەزیز خەسرەوئاغا)ی خاوەن دەستنووسی عەشیرەتی هەمەوەن وچەندین کەسی دیکەی خێزانەکەی تێدایە. هەروەکو لەم بەڵگەنامەیەی خوارەوەدا هاتووە:



لەگەڵ ئەو هەموو ڕۆژە ڕەشانەی گەڕانەوەدا، کە (جەبەل ئەخزەر)و (بیابانی سینا) و کەناراوەکانی دەریای سپی ناوەڕاست و زۆرگ و هەڵەت و بەرزاییەکانی سوریاو لوبنان و ڕووباری فورات بە ئازایەتی تێ دەپەڕێنن.

خۆیان دەگەیننەوە کوردستان، کەریم بەگ و هاوڕێکانی بەرەو ناوچەی (دوبز)دێن و دەچنە ماڵی (کەریم ساڵح ئیبراهیم)هەمەوەندی لەگوندی (عەمشە).

لە ڕۆژی (١٩/٤/٢٠١٨) لەسەردانێکماندا بۆ گوندی(عەمشە) کوێخا (کازم)هەمەوەندی، زانیاری باشی سەبارەت بە گەڕانەوەی کەریم بەگ بۆ گوندەکەیان پێدام، کە لە زاری (محەمەد کەریم ساڵح) هەمەوەندی باوکییەوە وەریگرتبوو، کە لە دایکبووی ساڵی (١٩٢٩)یە، بە دەنگە هێمن و لەسەرخۆکەی بۆی گێڕامەوەو گوتی: (کەریم بەگ لەگەڵ "تەمینە"ی ئامۆزایی و " محەمەد ئاغا"ی کوڕی "سلێمان ئاغا"ی هەمەوەندا، خۆیان دەگەیەننەوە ناوچەی (دوبز) و دەچنە ماڵی "کەریم ساڵح ئیبراهیم" هەمەوەندی، لە گوندی "عەمشە" و کە ئەویش شارەزایی باشی لە دروستکردنی هەتوانی کوردەواریدا دەبێت. برینی پێیەکانیان بۆ چارەسەر دەکات. کاتێکش کە دوژمن پێ دەزانێت "کەریم بەگ" لە تەرابلوسی ڕۆژئاواوە بەپێ گەڕاوەتەوە گوندی عەمشە، دەکەونە گەڕان بەدوایداو "کەریم ساڵح هەمەوەندی"یش بۆ پاراستنی گیانیان بۆ ئەوەی بەدەردی گرتنەکەی کوێخا ڕەسوڵ چەڵەوی نەچن، کە تورکەکان گرتیان و لەناو قشڵەکەی کەرکوکدا لەژێر ئەشکەنجەدا کوشتیان، بەرۆژ دەیان باتە شیوێك و بە شەویش دەیان هێنێتەوە بۆ نێو ئاوایی، ئیدی لەو ڕۆژەوە ئەو شیوە، بە "شیوی قارەمان" ناودەبرێت. کەریم بەگیش کە شارەزاییەکی باشی لە بواری سەربازی تاکتیکەکانی شەڕدا دەبێت، بۆ سەر لێشێواندنی هێزەکانی دوژمن دەگەڕێتەوە ناوچەی چەمچەماڵ و چالاکییەك ئەنجام دەدات، ئیتر دوژمن وا دەزانێ (کەریم

بەگ) گوندی (عەمشە)ی بەجێ هێشتووە و ئەوفشارە زۆرەی کە خستویانەتە سەر گوندی عەمشە کەم دەکەنەوە) [١].



دیلێکی هەمەوەند لەژێردەستی عوسمانییەکان.

پرۆفیسۆر (بەدرخان سندی) وتەیەکی (ئیدمۆندس)ی سەبارەت بەو گەڕانەوەیە لە کتێبەکەیدا تۆمار کردووە و دەڵێت: (ئەدمۆندس گەڕانەوەی جەنگاوەرە دەست بەسەرەکانی هەمەوەند لەگەڵ ژن و منداڵیان لە باکووری ئەفەریقیاوە بۆ بازیان لەپاش حەوتساڵ دەست بەسەری بە گەورەترین و نایاب ترین داستان لە مێژووی هۆزەکانی کورد دا دەداتە قەڵەم [٢].

نابێ رۆڵی رێ نیشاندەری (حەمەعەلی غولاٚم)ی ئەستێرەناس لە گەڕانەوەی هەمەوەندەکاندا فەرامۆش بکرێت.

بەراستی (زرار عەلی)ی نووسەر لەو بارەیەوە پەیامێکی جوان و پڕمانای ئاراستەی زۆرێك لە ناودارانی چەمچەماڵ کردووە، شایانی ئەوەیە بەپیتی

---

(١) چاوپێکەوتن: لەگەڵ کوێخا (کازم)هەمەوەندی، گوندی عەمشە، رۆژی ١٩/٤/٢٠١٨

(٢) پرۆفیسۆر بەدرخان سندی: کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی رۆژهەلاٚت ناسیدا، وەرگێڕانی د. ئیبراهیم سەعید، چاپخانەی خانی (دهۆك)، چاپی یەکەم ـ ٢٠٠٨، لا٦٨

ئاڵتوونی له ئەدەب ومێژووی شارەکەماندا بنووسرێتەوە، کە لەو پەیامەدا سەبارەت بە فەقێ قادر و حەمە عەلی غولاٚمی ئەستێرەناس نوسیوویە:

**"فەقێ"ت فیردەوسی کوردانە "مەلای جامەڕێز" ت "تـەیران"**

**"زەنـون" کیمیاگـەری دونـیاو "غولاٚم"ت ئەستێرە و ئـاسمان**

پاش ئەوەی هەمەوەندەکان ئەو پاڵەوانێتییەیان نواندووەو لە تەرابلوسەوە بە چاوساغی حەمەعەلی غولاٚمی ئەستێرەناس بەپێ گەڕاونەتەوە کوردستان . ناوچەی چەمچەماڵ هەر لەژێر فەرمانڕانی تورکەکاندا بووە و کەوتونەتەوە تاقیبی هەمەوەندەکان و دووان لەو هەمەوەندانەی لە تەرابلوسی رۆژئاواوە گەڕاونەتەوە بە ناوەکانی (نەجمەدین) و (نەسرەدین) گرتووە و سەریان بڕیون. (ساڵح سلێمان ئەمین ئاغا)ی هەمەوەندی، بەم شێوەیە روداوەکەی بۆ گێڕامەوە و گوتی: (کاتیك کە تورکەکان لەگوندی پیریادی ناوچەی هەمەوەند، دووان لەکورەکانی (ئەحمەد ئاغا)ی برای (فەقێ قادر)ی هەمەوەند بەناوەکانی (نەجمەدین) و (نەسرەدین)، دەستگیر دەکەن و پاشان سەریان دەبڕن و لاشەکانیان فڕێ دەدەن.



ژنێك بەناوی (بەگم) لە هۆزی زەنگەنە، شەو تا بەیانی پاسەوانی لاشەكانیان دەكات، تا نەبنە خۆراكی گیان لەبەران . كوڕە زاكانیشیان (نەجمەدین فەتاح) و (نەسرەدین)ی برای ، بەناو ئەو دوو شەهیدەی هەمەوەندەوە ناونراون)[١].

مایەی شانازییە كە (حەیدەر عەزیز ئاغا)ی هەمەوەند، لە تەرابلوسی رۆژئاواوە لەخەمی پاراستنی هۆنراوەكانی (فەقێ قادر)دا بووەو لەكۆڵەپشتی ئاوارەبوونەكەیدا هەڵیگرتووەو شەرەفی ئەو پاراستنەی پێ براوە. جگەلە حەیدەر ئاغای هەمەوەند و دەستنووسە بە نرخەكەی لەسەر هۆزی هەمەوەن. كەسانی دڵسۆزو خەمخۆری دیكەش هەبووە، كە بایەخیان بە پاراستن و نووسینەوەی هۆنراوەكانی (فەقێ قادر) داوە. جێگەی خۆشحاڵییە كە (عەلی واحید)خالۆبازیانی ئەدەب دۆستیش، دەستنووسێكی (فەقێ قادر)ی هەمەوەندی لە گەڵ نامەیەكدا بۆناردم كە دەڵێت:




---

[١] سەروەر ئەحمەد كەریم: چاوپێكەوتن لەگەڵ كاك (ساڵح سلێمان ئاغا)ی، هەمەوەند، چەمچەماڵ، كاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ، رۆژی ـ ١٢/١١/٢٠٢٣

مامۆستای بەرێزم:

ئاگاداری خولیاو هەوڵ و ماندووبوونەکانتم، لە کۆکردنەوەی دەستنووس و بەڵگەنامە مێژوویی و یاسایی و ئەسەرییەکان و بلاۆکردنەوەیان. بە پێویستم زانی ئەم دەستنووسە پڕ بەهایەی فەقێ قادری هەمەوەندت بۆ بنێرم تا لە گۆڤاری (قەلاّ) یا هەر شوێنێکی دیکەدابلاۆی بکەیتەوە. لەگەڵ ناردنی هەزاران ڕەحمەت بۆ گۆڕەکەی (کاکەحەمە)ی خاڵۆبازیانی باپیرم، کە ئەم دەستنووسەی پاراستووە و گەیشتووەتە دەستی ئێمە، ئێمەش بە شانازییەوە دەینێرین بۆ بەڕێزتان بەو ئومێدەی سوودمەند بێت بۆ هەموولایەك .

لەگەڵ ڕێزدا

علی واحید خاڵۆبازیانی

٢٠١١/١٢/١٢

دەستنووسەکە بریتییەلە چەندین لاپەڕە لە هۆنراوە بلاۆنەکراوەکانی (فەقێ قادر)ی هەمەوەند، خوالێی خۆشبێ (محەمەد محێدین)، لەژێر ناوی (مناجات مۆلف فقی قادری هموند رحمە الله علیە)، بەدەست وخەتی خۆی لە رۆژی (٦)ی جەمادی ئەوەلی ساڵی (١٣٥٥ك)دا و لەو رۆژەدا نووسیویێتیەوە و (کاکەحەمە)ی خاڵۆبازیانی، لەماڵەکەی خۆیدا لە لەناوچوون پاراستوویەتی. چونکە لەکوردستاندا بەهۆی نا ئارامییەوە کتێبخانەیەك نەبووە ناوەندی کۆکردنەوەی دەستنووسە کوردییەکان بووبێت. زۆرجار لەکتێبخانەی تایبەتی هەندێك بنەماڵە و مزگەوت و مەدرەسەکاندا پارێزراون.

منیش پێم خۆشبوو ئەم دەستنووسەی (فەقێ قادر)یش بەئەمانەتەوە، لەگەڵ دەستنووسەی سابیربەگ دا، کە تەواوکەری یەکترن وەکو خۆی لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا بخەمە پێش چاوی خوێنەران.

خوالێی خۆشبێت (حەیدەرئاغا)ی هەمەوەندیش، لەکاتی شەهیدبوونی (کەریم بەگ)دا، ماتەمێکی گەرمی بۆگێڕاوەو ونوسیوویەتی:

نـــەما کـــەریم بـــەگ دەورو دوکـــانی
نـــەما شـــەبەیخون دەمـــە و بـــەیانی
هەرلـــە چەمچـــەماڵ تـــا داری کـــەلی
تیـــپ تیـــپ ســـواران چـــەکمەی موصـــەڵی
لـــە نرکـــەی مـــەردان دەنگـــی تـــەپڵی بـــاز
وڵات هەمەوەنـــد مـــاوە وەبـــێ نـــاز[1]

لە داستانەکاندا ژنانی هەمەوەندیش شان بە شانی پیاوەکانیان چەکیان لە شان کردووەو دژی داگیرکارانی کوردستان جەنگاون، پیرۆزەخان شێرەژنی نێو داستانەکانی تەرابلوسی رۆژئاوا، کە خێزانی (کەریم بەگ) و کچی (حەمەی سلێمان ئاغا)ی هەمەوەند بووەو ناوی لە لیستی نەفی کراوەکانی تەرابلوسی رۆژئاوا دا هاتووە، لە کاتی شەهیدبوونی (کەریم بەگ)دا، شیوەنێکی گەرمی بۆ گێڕاوەو بەم شێوەیە لاواندویەتییەوە:

کـــەم بکـــە لارە کـــەم بکـــە رۆ رۆ
مـــەمکێکم نـــارنج یـــەکێکم لیمـــۆ
لەپاش کـــەریم بـــەگ کـــەس نایکـــا وە بـــۆ

هەر بۆیە (مەیجەرسۆن)یش، سەبارەت بە ئازایەتی ژنانی هەمەوەند دەڵێت: (ژنەکانیشیان بەهیمەت و چاو نەترسێکی بێ وێنەن لە هەڵمەت و شالاۆدا)[2]

---

[1] دەستنووسەکەی حەیدەرئاغا، مێژووی عەشیرەتی هەمەوەن، لا ٥٤

[2] مەیجەرسۆن : هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣٦

کەمال نوری مەعروف سەبارەت بە شەهیدکردنی کەریم بەگ و شوێنگرتنەوەی لەلایەن سابیربەگەوە، بۆ دژایەتیکردنی ئینگلیزەکان دەڵێت: لەنامیلکەی دووساڵ لە کوردستان، کەنووسەرەکەی دکتۆر(جی، ئێم، لییز) ماوەی ئەو دوو ساڵەی لەناوچەی هەڵەبجە ژیاوە، راپۆرتی سیخوڕی بۆمەقامی بەرزی ولاتەکەی بەرزکردۆتەوە، تێیدا ناوی کەریم بەگ و سابیری کوڕی هێناون کە (سابیر) دوای شەهیدکردنی باوکی لەگوندی (قەرەتامۆر) بۆ دژایەتی کردنی پیاوانی سیاسی بەریتانی شوێنی گرتووەتەوە[1]

بۆ زیندوکردنەوەو پاراستن و بەرز راگرتنی مێژووی ئەم بنەماڵە دەست رەنگینەی چەمچەماڵ ودەستنووسە لەپاش بەجێماوەکانیان، بەباشم زانی گەر خودا یاربێ و تا تەمەن ماوە، ئەم چەند لاپەڕە کەمە پڕ لەداستان و گیان فیدایی و نەبەزینەی (سابیربەگ) بنووسمەوە کە مێژوو شانازیی پێوە دەکات. تامنیش بتوانم خزمەتێکی بچوك پێشکەش بەنەوەکانی دوارۆژی گەل و چەمچەماڵەکەم بکەم، وە بە مێژووی دێرینی چەمچەماڵ و ئەو بنەماڵە ئەدەب دۆست و ئاوەدانکارەیان ئاشنا بکەم.

ئەوەی پێویستە لێرەدا لەیادی نەکەم، دڵسۆزی و هاوکاریی مامۆستا (عەبدولرەقیب یوسف)ە.

---

[1] کەمال نوری مەعروف: مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموودبەئێرانەوە، لەبەڵگەنامە نهێنییە فارسییەکاندا، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم ـ ٢٠٢٠، لا ١٧




کە لە ڕۆژی (١٧/١١/٢٠١٢)دا، لەنێو کتێبخانەی ماڵەکەی خۆیدا لە سلێمانی، چەندین چاوپێکەوتنی تۆمارکراو و بیرەوەری کەسایەتییە ناودارەکانی وەکو (حاجی نامیق حسێن ئاغای هەمەوەند، عومەر حاجی عەلی زەنگەنە، حەمەشەریف ئاغای ئەمین ئاغای هەمەوەند، شێخ حوسەینی کوڕی سەید محەمەدی جەباری، شێخ ڕەشیدی کانی کەوە، عەزیز بەگی کوڕی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند، حاجی ڕەشیدی قەرەوەیس). لەسەر مێژووی شۆڕشی شێخ مەحموودو (کەریم بەگ) و (سابیربەگ) و ناوچەکەی پێشکەش کردم، کە هەندێکیان بە دەست و خەتی خۆیی و هەندێکی دیکەشیان بە دەست و خەتی (چنار)ی کچی نووسراونەتەوە، بۆ ئەوەی بەشێوەی نامیلکەیەك یاخود بەش بەش لەنووسینەکانمدا بلاوّیان بکەمەوە. لەم کتێبەشدا، لەپاڵ وتەی ناودارانی جیهان و بەڵگەنامەکاندا ئاماژەم بە هەندێ لەو چاوپێکەوتن وبیرەوەریانە کردووە، بەو هیوایەی بە سوودبێت بۆ خوێنەران و هەموو لایەکیش بتوانن زۆرترین سوودی لێ وەربگرن .

پارێزەر

سەروەر ئەحمەد کەریم

٢٠٢٤/٣/٢١

## سەرەتای نووسین لە ناوچەی (چەمچەماڵ)دا

لە سەرەتادا نووسین زمانی رەوای گەل و هەتوانی چارەسەری گیروگرفتی دواکەوتوویی و نەخۆشییە کوشندەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری بووە. لەمێژەوە کاریگەری لەسەرگۆڕینی رەوت و ژیانی کۆمەڵگە هەبووە، لەدوای دەسەلاتەکانی (قەزایی، یاسادانان، جێبەجێ کردن)ەوە، بەچوارەم دەسەلات دانراوە، لە ناوچەی چەمچەماڵ و دەورووبەرەکەیشیدا چەندین نووسەری ئازاو بلیمەت ئەو رێگە سەختەیان گرتووەتەبەروو لەو پێناوەشدا تووشی ئاوارەیی و ئازارو ئەشکەنجەی زۆربوونەتەوە. لەناوچەی چەمچەماڵ ودەوروو بەرەکەیدا (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) و (مەلای جەباری).



مەلای جەباری


شێخ رەزای تاڵەبانی

لەنێو شاری چەمچەماڵ وتەوقەسەری (قەلا) سەرکەشەکەیدا دەکرێت (فەقێ قادری) هەمەوەند بە پێشەنگی نووسین و ئەو کاروان و بارە قورس و ئالۆزەی سەردەمی داگیرکاری عوسمانییەکان دابنێین.




چونکە هەر لەو ڕێگەیەشدا گیانی خۆی فیداکرد و بستێك لە خاکی کوردستانەکەی نەبوو بە ئارامگە بۆی و لەکاتی نەفیکردنی خۆی و هۆزەکەیدا لە تەرابلوسی رۆژئاوا گیانی سپاردووە. فەقێ قادر خاوەنی دیوانێکی (٧٨٩) لاپەڕەییەو بە دیالیکتی گۆران نووسیوویەتی، چونکە هەمەوەندەکان بە شێوە زمانی گۆران و ماچۆ قسەیان کردووە. تا ئەم دواییانەش بە وشەی (کەوچك)یان، دەگووت (چەمچە) و بە وشەی (ئەڵێم)یان، دەگووت (ئەوشم). هۆزی (جەباری) و (زەنگەنە)ش، هەر بەهەمان شێوە. لەسەر دەستی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی و مەلای جەباری)دا، لەو ڕووەوە ئەسپی خۆیان لە بواری زمانەوانیدا تاو داوە. سابیر بەگیش بەهەمان ریچکەی ئەواندا رۆیشتووەو هۆنراوەکانی هۆنیوەتەوە.

رەنگە ئەو پرسیارەت لادروست بێت، کە بۆچی (فەقێ قادری هەمەوەند) و ئەو شاعیرانەی دیکەی ناوچەکە بەدیالێکتی گۆران هۆنراوەیان نووسیووە؟ مامۆستا عەلائەدین سەجادی لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا لەوبارەیەوە نووسیوویەتی: (کورد لەبەرەبەیانی مێژووەوە لەباری ئەدەبیدا تێکلاّوبووە. یا لەگەڵ رۆم وفارسدا، وە یا لەم ئاخرەدا لەگەڵ تورکدا، هەرچی دەستەی خوێنەوار بووە یا سەربەخۆ ئاشنابوون بە بارەگاکانی تورك و عەجەم، یا نزیك بوون بەکۆشکی ئەو خانەدانە کوردانە کە ئەوان هاتووچۆی بارەگاکانیان کردوون. بە

یاسای تەبیعەت برەو لەو زمانەدا ئەبیٚ کە پادشا قسەی پیٚ ئەکاو پیٚی کردووە. ئەو زمانە بە ئەدەب پیشان دراوەو پیشان ئەدریٚ کە پادشاو خاوەن ولاٚت قسەی پیٚ کردووەو پیٚی ئەکا، بەدرێژایی زەمان ئەم زمانانە لەسەر زمانی کوردی سوڕاوەتەوە بەجۆرێك شعوری داپۆشیون، تەنانەت ئەوەیان بەدلاٚ نەهاتووە کە زمانی خۆیشیان ئەگونجیٚ ببیٚ بە زمانێکی ئەدەبی! شیعری فارسی وتورکی لەدیوەخانی ئەوکۆشکانەوە بلاٚوبۆتەوە، هەروەها شیعر و ئەدەبی عەرەبیش بەهۆی ئیسلامییەتەوە لە مزگەوتەکانەوە تەنیوەتەوە. دیارە شیعرو ئەدەب لەهەر زمانێکا کە تۆ بیگریت، ئەبیٚ ئەو کەسە لیٚی تیٚبگا ئەو وەختە دەمی بۆ بەرێت. نەوەك تەنیا تیٚگەیشتن، بەڵکوو هەموو سووچێکی ئەبیٚ بزانیٚ).[1]

میٚجەرسۆن لەبارەی بنچینەو زمانی هەمەوەندەکانەوە دەڵیٚت: (هۆزێکی فەناتیکی مەزهەب شافیعین و لەڕووی بنچینەو زمانەوە کرمانجن).[2] هەروەها سەبارەت بە زمانی کوردیش دەڵیٚت: (وەك کوردەکان دەیلیٚن، ژمارەیەك لە دیالیٚکتی موکری کە زمانی راستەقینەی کوردە، ئاخاوتنی پیٚدەکریٚ رانیەو مەرگە و بانەو سەردەشت، نزیکن لە زمانێکی رەوانەوە، سلیٚمانی و شوان و هەمەوەند دیالیٚکتیٚکی هاوشیٚوە بەکاردەهیٚنن لەگەڵ کەمیٚ جیاوازیدا)[3].

---

[1] میٚژووی ئەدەبی کوردی: مامۆستا عەلائەددینی سەججادی، پیاچوونەوەو لەسەرنووسین وپیٚشەکی بۆ نووسینی: سەعید کەرەمی، بلاٚوکراوەی کوردستان، سنە، چاپی یەکەم - ١٣٩١، لا١٧٥

[2] میٚجەر ئی . بی. سۆن: چەند سەرنجیٚك دەربارەی هۆزەکانی کوردستان ی خواروو، لەئینگلیزییەوە وەرگیٚڕانی نەجاتی عەبدوڵلاٚ، سلیٚمانی، چاپخانەی شڤان، ساڵی - ٢٠٠٧، لا٥١

[3] مەیجەرسۆن: سلیٚمانی ناوچەیەك لە کوردستان، مەڵبەندی کوردلۆجی (٨) ، چاپی یەکەم، سلیٚمانی، ٢٠٠٧، لا ٣٩ ، ٤٠

## سابیربەگ شاعیری مەیدانی نەبەردی و داستانەکان

تفەنگ و قەڵەم بەدەستی کوردان، سوار ئازای مەیدانی کوردایەتی و نەبەزین و تۆمارکردنی داستانەکان، سابیربەگ کوڕی کەریم بەگی کوڕی فەتاح بەگی سەرۆك هۆزی هەمەوەند و سوپاسالاری شۆڕشەکەی شێخ مەحمود، لەگەڵ باوکیدا وەکو دوو سەرکردەی ناودار و ئازاو شەڕکەری شاری چەمچەماڵ، لەگەڵ یەکەم چەخماخە و ڕێچکەی پڕ لە هەڵدێرو خوێناوی شۆڕشی شێخ مەحمود دا هەنگاویان ناوەو کۆڵیان نەداوە و چەندین داستانی کەم وێنەیان هەر لە ناوچەکانی کەرکوك و کفری و قەرەهەنجیر و چەمچەماڵ و بازیان و بناری گوێژە و ئەزمەڕ و شارەزوور و سورداش و رانیە و ناوچە جیاجیاکانی تردا ئەنجام داوە. تا رۆژی شەهید بوونیشیان پشتی شۆڕشەکەی شێخ مەحموودیان بەرنەداوە، هەروەکو مام جەلال لە بارەی کەریم بەگەوە دەڵێت: (خوالێ خۆشبوو لە نزیك ترین لایەن گران و خۆشەویستانی شێخ مەحموود بوو)[1]




---

[1] جەلال تاڵەبانی: کوردستان و بزاڤی نەتەوەیی کورد، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، خالید مەجید، چاپی یەکەم، سلێمانی ـ ٢٠٢١، لا ٢٢٥

سابیربەگ سەرکردەیەکی گەورەو کەم وێنەی نیشتیمانی و رامیاری و سەربازی و ئیداری وکۆمەلآیەتی و رووناکبیری و شاعیرو زانایەکی مەزنی بواری ئەدەب و زمان و مێژووی کوردستان بووە، هۆنەرێکی بەرزو شۆڕشگێڕی کوردستان وناوچەی چەمچەماڵ و بنەماڵە خانەدان و دەست ڕەنگینەکەی خۆی بووە. بنەماڵەیەك کە خاوەنی دەیان کەسایەتی گەورەی کولتووری و زانستی و ئاینی و کۆمەلآیەتی و هۆنەری بەرزی نیشتیمانین، لە هەموو بوارە جیاوازەکانی ژیاندا خزمەتی گەورەیان بە گەل و بە نیشتیمان و دەڤەری چەمچەماڵ کردووە. فرمێسك وخوێنی خۆیان لەپێناو سەربەخۆیی کوردستاندا رشتووە. سابیربەگ بە قولآیی مانای وشە ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕو پاڵەوانی سەردەمی ژیانی خۆی بووە، ئاسۆی بیری ڕوو‌ناك بووە، خاوەنی قەڵەمێکی نەترس و ئازاد بووە، هەوڵی داوە لەرێگەی زمانێکی سادەو ساکاری هۆنراوەوە بچێتە ناودڵ ودەروون ومێشك وبیری سادەی خەڵکەوە.

بەتایبەتی لەوسەردەمەدا کە زۆرینەی خەڵك لەژێر باری نەخوێندەواریدا نالآندویانە، شاعیر کە ئەم زمانە سادەوساکارەی لە هۆنراوەکانیدا بەکارهێناوە، بۆ ئەوەبووە کە هەموو چینەکانی کۆمەڵ بەگشتی بەڕەوانی لێی تێبگەن. سابیربەگ لەڕۆژە رەشەکانی نەفیکردن و ئاوارەیی هەمەوەند و بنەماڵەکەیدا، لە (تەرابلوسی رۆژئاوا) لەنێوان سالآنی (١٨٩٠-١٨٩٣ز)دا لەنێو چەخماخەوگڕی لولەی تفەنگەکەی (کەریم بەگ)ی باوکی و (حەسەن بەگ) و (حەمەی سلێمان) ئاغای هەمەوەند و هاوڕێکانیاندا، چاوی بە دونیا هەڵێناوە و لە نێوکۆڵەبەرەو فیشەکدانی پشتیاندا لەساڵی (١٨٩٦ز)دا، گەیەنراوەتەوە سەر قەلآی چەمچەماڵی پایتەختی هەمەوەندەکان. لە سەرەتای داگیرکاری تورکەکان و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی شێخ مەحموود دا تا رۆژی شەهیدبوونی بەشوێن پێی (کەریم بەگ)ی باوکیدا، بەشداری کاریگەری کردوەو بووە بە یەکێك لە سیمبوڵە

درەوشاوەکانی ڕێگەی بەرزی کوردایەتی و ئەدەب و شۆڕش و بە هۆنراوە جوان و زمانەکوردییە شیرین و پاراوەکەی شۆڕشێکی نوێی لەزیندوکردنەوەی داستانی شیعری جەنگیدا وێنا کردوەو ئەسپی خۆی لەو رووەوە تاوداوە. وەکو کامێرای فۆتۆگراف لەمەیدانی جەنگەکانی بانی مەقان و دەربەندی بازیان و تاسلوجەو سورداشدا ئازایانە وێنەی جوانی داستانەکانی گرتووەو رۆحێکی زیندووی بە بەردا کردووە.

نووسەری شاری سلێمانی (ئەکرەمی سالحی ڕەشە)، لە بەرگی دووەمی کتێبی شاری سلێمانیدا لەوبارەیەوە نوسیوویە: (یەکەم عەشیرەت کە لە سەرەتای شۆڕشەوە بەشداریی کردبێ لە سەردەمی تورکەکانەوە هەتا دوایی شۆڕش و بەئازایی و بەوەفایی ناوی دەرکردبێ، عەشیرەتی هەمەوەندە بە سەرکردایەتی "کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند"وکوڕەکانی "سابیرو"و"عەبدوڵلابەگ").

عومەر عەلی شەریف لەلاپەڕە (١٨٤-١٨٥)ی کتێبەکەیدا سەبارەت بە بەشداریکردنی کەریم بەگ و سابیربەگ و عەبدولا بەگی کوڕی لە شەڕی موصڵ و شوعەیبەدا دەڵێت: (دوای گێڕانەوەی تێکڕا هەمەوەندە دوورخراوەکان لەلایەن عوسمانییەکانەوە بۆ زێدی باب و باپیرانیان، کەریم بەگ رۆژدوای رۆژ وەك کەسایەتییەکی نیشتیمانپەروەر و دلاوەر و لێهاتوو ناوبانگ و شۆرەت دەردەکات و لەراپەڕینی هۆزەکەیدا،ساڵی (١٩٠٨ز) پاش شەهیدکردنی شێخ سەعیدی حەفید رۆڵێکی شایستە دەبینێت. دواتر ساڵی (١٩١٥ز)، بەیاوەریی خزمانی و شان بە شانی شێخ مەحموودی حەفید لەجەنگی شوعەیبەدا بەشداری دەکەن).[١]

---

[١] عومەرعەلی دەروێش: ٧٠ ناوداری کەرکوك وگەرمیان، چاپی یەکەم ٢٠٠٧، لا١٨٤-١٨٥




هەروەها عەبدوڵڵای خدری زادە وتەیەکی مەلاجەمیل رۆژبەیانی سەبارەت بە بەشداری کردنی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەندو عەبدوڵڵا بەگ و سابیر بەگی کوڕی لەشەڕی شوعەیبەدا تۆمارکردووە کە دەڵێت: (کاتێك کەشەڕی گەورەی یەکەم لەساڵی(١٩١٤ز)دا هەڵگیرسا، هێزەکانی بەریتانیا هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی ژێر فەرمانڕەوای عوسمانی و شاری بەسرەیان داگیرکرد.

دەسەڵاتدارانی عوسمانی بەناوی ئیسلام و جیهادەوە لە دژی کافران داوایان لە سەرۆك عەشایەرە عەرەبی و کوردەکان کرد کە بەرگری لە دوژمن بکەن و رووبەڕوویان ببنەوە، بۆ ئەو مەبەستە عەشایەرە عەرەبی و کوردییەکان هێزەکانی خۆیان کۆکردەوە و شێخ مەحموودی حەفیدیش کە لەوکاتەدا بە ناوبانگترین سەرکردەی کوردبوو ئامادەیی خۆی دەربڕی و داوای لەسەرۆك خێڵەکانی (سمایل عوزێری، روغزایی، هەمەوەند، شێخ بزێنی، ساڵەیی، بیبانی، شوان، قەرەحەسەن، جەباری، شێخان، داودە، زەنگەنە، جاف، بەیات) و عەشیرەتەکانی دیکەش کرد. سوارەکانیان لەژێر فەرماندای (سەید ئەحمەدی خانەقا، سەید محەمەد سەید عەبدولصەمەد جەباری، مەحموود خدری هەمەوەندی و کەریمی فەتاح بەگ، شێخ قادری شێخ ڕەزا، لەگەڵ ئاغاوات و شێخ و بەگلەرو کەسایەتییە ناسراوەکانی

دیکە) ئامادەبکەن. شێخ مەحموود توانی (هەزار)سوارە کۆبکاتەوەو رووبکەنە بیابانی شوعەیبەو دەورووبەری شاری بەسرە).[1]



هەمەوەندەکان لە ساڵی (١٩١٥ز)، لە پێنجوێن. سەرچاوە: ئەدهەم شێخۆ.

یەکێك لە شەهیدەکانی بنەماڵەی رەسوڵ چەڵەوی لەم شەڕەدا: (ئەمین ئاغای شەریف فەرەنگێز)بووە. هەر لەوێ بە خاك سپێردراوە و بەوێنەی (فەقێ قادر)ی شاعیر گۆڕ غەریب بووە. لە چاوپێکەوتنێکمدا لەگەڵ(ساڵح سلێمان ئاغا)ی هەمەوەند کوڕەزای شەهید (ئەمین ئاغا)، لەبارەی ئەو شەڕەوە گوتی: (نەنکم (ئەنجوم )کەکچی (ئەحمەد ئاغا)ی برای فەقێ قادر بووە . هەموو جارێ باسی ئەوەی بۆ دەکردین، لەدوای ئەوەی کە(ئەمین ئاغا) لە شەڕی(شوعەیبە)ی باشوری عێراق شەهید دەبێت وناگەڕێتەوە، کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند مانگانە هاوکاری ماددی نەنکی کردوم و رایسپاردوە کە ئەو بەتەنها ئاگای لە باوکم و مامەداود وحەمەشەریف و پورە فەهیمە بێت و بەشێوەیەکی جوان و کوردانە بەخێو و پەروەردەیان بکات)[2] هەر بۆیە (حەمەشەریف ئاغا)ی کوڕی

---

[1] عبدالله خدریزادە: کرکوك ورد الضجیج المنحرف، من منشورات ئاراس، رقم (٥٨٧)، الطبعة الاولی اربیل - کردستان -٢٠٠٧، ص ١١

[2] سەروەر ئەحمەد کەریم: چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز(ساڵح سلێمان ئاغا)ی، هەمەوەند ، چەمچەماڵ، کاتژمێر (٢)ی پاشنیوەڕۆ، رۆژی ـ ٢٠٢٣/١١/١٢

ئەمین ئاغا، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە وەکو وەفاویەك، لەگەڵ (کەریم بەگ)دا بووەو پشتی بەر نەداوە. لەسەرەتای بەهاری ساڵی (١٩١٦)دا، هێزەکانی روسیا لەقۆڵی خانەقین و رەواندز و سلێمانی یەوە روویان کردووەتە کوردستانی عێراق، لە کتێبی (یادنامەی شێخ مەحمودی حەفید)دا هاتووە: (هێزی روسی لە قۆڵی سلێمانییەوە "پێنجوێن"ی گرت و تا شاخی تاریەر لە شارباژێر هات. شێخ مەحموود دژی ئەم هێزە لەبەرەی عوسمانییەکاندا لە پێنجوێن، مەریوان، بانە جەنگا سوپای روس کرایەوە بە دیوی ئێراندا).[١] لەناوچەی پێنجوێن و بانەو مەریواندا، جەنگاوەرانی شاری چەمچەماڵ بە سەرکردایەتی (کەریم بەگ) بەشداری شەڕی روسەکانیان کردووە، کە بە جەبهەی (قەفقاس) ناوبراوە. لە چاوپێکەوتنێکمدا لەگەڵ (ئەنوەر حەمەومین ئاغا)ی هەمەوەند، سەبارەت بەو شەڕە بە رابەرایەتی کەریم بەگ بۆیگێڕامەوەو گوتی: (حەمەومین ئاغاو فەتاح حەمەڕەزاو شەریف مەحمودزاری و کوێخا جەوهەرو غەفور ئاغاو موشیر ئاغاو سلێمانی برایی و سابیربەگ و عەبدوڵڵابەگ و عەزیز حسێن ئاغاو ئەحمەدی برای و وەستا ڕەشید ناڵبەندو فەقێ ساڵح چاوش و حەمەی مام ساڵح وقادر چاوش و "قەمەر قادر قەمەر"* و سەمین صۆفی قادروحەمەڕەش کوێخا ئەحمەدو فەرەجی برایی و عەزەی لەشکری بەشداری ئەم شەڕەیان کردووە).[٢]

---

[١] یادنامەی شێخ مەحمودی حەفید: هـ س پ لا٣٧

* قەمەر قادر قەمەر بە (قەمەرفەیلی) ناسراوبووە، لەشیوی (ئەبوزێ) دەوارنشین بووە، "فەقێ قادر" هێناویەتییە چەمچەماڵ ولەتەنیشت ماڵی "حەمەومین ئاغا"ی کوڕی نیشتەجێی کردووە. کچ وکوڕێکی بەناوەکانی (فەرەج فەیلی و نەعە) هەبووە. ئەم زانیارییە رۆژی (١/٥/١٩٩٦) لە (ئەنوەرئاغا)ی کوڕی (حەمەومین ئاغا) وەرگیراوە.

[٢] سەروەر ئەحمەدکەریم: چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئەنوەرحەمەومین ئاغا)، چەمچەماڵ - رۆژی ١/٥/١٩٩٦.

ئەحمەد تەقی سەبارەت بەرپاکردنی شۆڕشەکەی شێخ مەحموود لەساڵی (١٩١٩ز) دا، لەیاداشتەکانیدا دەڵێت: (شێخ کەوتە گفتوگۆو راکێشانی سەرەك هۆزە گرنگەکان، توانی کەریم بەگی فەتاح بەگی سەرۆك عەشیرەتی هەمەوەند و هەباسی مەحموود ئاغای پشدەر و مەحموود خانی دزلّی بکات بە دۆستی خۆی، هەر بەپشتی ئەمانەش کەوتە خۆ ئامادەکردن بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێك)[1]. لەبەرەبەیانی (٢١)ی مایسی (١٩١٩ز)دا، کەریم بەگ و کوڕەکانی سابیربەگ و عەبدوڵلاّبەگ لەگەڵ حەمدی شاعیر بە کردەوە یەکەم دەستڕێژی گولله دەنێن بە نێوچەوانی مێجەرسۆن و ئینگلیزەکانەوەو تا(کەرکوك) راویان دەنێن، بەریتانیای گەورە دەهەژێنن و کوردو شۆڕشەکەی شێخ مەحمود بە دونیا دەناسێنن. سابیربەگ کە خۆی لەم شەڕەدا بەشداریکردووە، لەم دێڕە هۆنراوەیەدا ئەو راستییەی خستۆتەڕوو کەدەڵێت:

مێجەرسۆن شوم دەردەم کەرد فرار        تا شار کەرکوك نەگرتەش قەرار

هەر وەکو لە لاپەرە(٦٣) ی کتێبی (یادنامەی شێخ مەحموود)یشدا هاتووە: (شەڕ لە نێوان مەحمودخانی دزلّی و هێزی لیڤیدا دامەزرا. هێزی لیڤی لەژێر فەرماندەی "دانلیس"دابە(٢٠٠٠)پیادە و(٤٠٠)سوارەوە کەوتنە شەڕ، لە شەڕەکەدا ئەفسەر "ڕەشیدی عاسیەخان" و دوو ئەفسەری ئینگلیز کوژران و (مێجەر دانلیس)یش گیرا، کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەندیی و ئەحمەدبەگی ساحیبقڕان ژمارەیەکیان لێ هەڵبڕین بەرەو کەرکوك).[2]

---

[1] یاداشتەکانی ئەحمەد تەقی : خەباتی گەلی کورد ، چاپخانەی سلمان الاعظمي ، بغداد ـ ١٩٧٠، لا ٢٨

[2] یادنامەی شێخ مەحموود: ناسر حەفیدو ئەوانی تر، چاپخانەی شڤان - سلێمانی ٢٠٠٦، لا٦٣

رۆژی (١٩١٩/٥/٢٥)، کەریم بەگ و سابیربەگ بە خۆیان و لەشکرەکەیانەوە دەچنە دەوروبەری تاسلوجە و بۆ بەشداریکردن لەو شەڕە دا خۆیان ئامادە دەکەن. عەبدول مونعیم غولامی لەو بارەیەوە دەڵێت: (لەلای چەمچەماڵەوە "کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند" کە یەکێکە لە هەرە گەورەترین سەرۆکەکانی هۆزی هەمەوەند بەخۆی و ژمارەیەکی زۆر لە سوارەی هۆزەکەیەوە گەیشتنە شوێنی ناوبراو)[١].



عبدالمنعم الغـــلامی

محەمەدرەسوڵ هاوار لەکتێبەکەیدا دەڵێت: (لە ١٩١٩/٥/٢٣دا، کۆلۆنێل بریدجس (Bridges) بەهێزێکی گەورەوە کە دوو (رەعیلی مرزقدار ـ ڕم هەڵگر)و سریەیەك لە فەوجی(مهرناس)و دوو(دەبابە) لەلایەکەوەو (کاپتن لۆنگریك)ی موعاونی سیاسی کەرکوك بەخۆی ولیڤی یەکانیەوە لەلایەکی ترەوە گەیشتنە (تاسلوجە). لەبەیانی (١٩١٩/٥/٢٥) لەلایەن هێزی کوردەوە دەورەدران ئەو کوردانەی لەهێزی لیڤی ژێردەستی (لۆنگریك)دا بوون چوونە پاڵ

---

[١] عبدالمنعیم الغلامی : ثورتنا فی شمال العراق ، ١٩١٩ ـ ١٩٢٠ م ، الجزو الاول ، ص ـ ١٠٠

هێزی شۆڕشگێڕانی کوردەوەو بوون بەیەك، کۆلۆنیل(بریدجس) بەشپرزەیی کشایەوە دەربەندی بازیان دوو دەبابەشی لێ بەجێ مابوو، وە بەپەلە بەسواری ئۆتۆمبیل یارمەتی نێررا بۆ بریدجس و توانی بەسواری ئۆتۆمبێل خۆی بگەیەنێتە چەمچەماڵ لەگەڵ ئەوەشدا دوو دەبابەی تریان لێ بەجێ ما بە نەفەرەکانیانەوە کە بەدیل گیران و مولازم (یول) لە کەتیبەی مرزقداری(۲) لەناو کوژراوەکان و کەپتن (جیشۆلم) و مولازم (دیکسن) لە ناو بریندارەکاندا بوون و لەزابت صف و نەفەری سەربازی ئینگلیزی (۸) کوژراو (۱۲) بریندار و(۱٤)لەناوچوو هەبوو، تومسن و دوو نەفەری تریش لەناوچوون)[١].



کەریم بەگ و سابیر بەگی کوڕی

هەروەها (سێر ئارنولڵد ویلسن)* ی جێگری دادوەری گشتی بەریتانیا، سەبارەت بە ئازایەتی کەریم بەگ لەو شەڕەدا دەڵێت: (ڕۆژی"۲۵/۵/۱۹۱۹"

---

(١) م . ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان دەوڵەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم ، چاپکراوە لەلایەن بلاك روز، لەندەن ـ بریتانیا ، لا٤٩٩

*ئارنۆلد ویلسن، هەروەکو مام جەلال دەڵێت: لە سەرسەختترین دوژمنەکانی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان بوو، هەروەهالەسەرسەختترین دوژمنەکانی رابەری شۆڕشی کورد شێخ مەحمودی نەمر بوو.

شەڕ بەرپا بوو ، تا ئێوارەی ئەو ڕۆژەی خایاند و بەشکانی ئینگلیزەکان کۆتایی پێ هات. کە (١٠٠) کەسیان لێ کوژاوەو ژمارەیەکی زۆریش لە کەلوپەل و خەیمەو تۆپیان لە پاش بەجێ ما، هەروەها دووابەدووای ئەو شەڕە هێزەکانی شێخ مەحموود بە سەرکردایەتی کەریم بەگی فەتاح بەگ پێشڕەوی زیاتریان کردووە و دەستیان بە سەر چەمچەماڵدا گرتووە، کاپتن بۆندی یاریدەدەری دادوەری سیاسی تیا دەستگیر کرا).

کاتێك هێزەکەی مێجەر (بومی)یش لە تاسلوجە بە دەستی (کەریم بەگ)و کوڕەکانی و هێزەکەیان شکاون و بەرەو چەمچەماڵ رایان کردووە، هەر ئەو ڕۆژە (لەسەر جادەی نێوان تەکیەی کاکەمەندو چەمچەماڵ کەوتوونەتە بۆسەیەکی سوارە ئازاکانی کەریم بەگەوەو چەند سەربازێك و (٢) مدەرەعە و (١) مەترەلیۆزیان لەلایەن (کەریم بەگ) و سەردەستە و خزمە ئازاکەی (کاکەولای ئەفەندی)رەشەوەندەوە، دەستیان بەسەردا گیراوە).

لە چاوپێکەوتنێکی ئەندازیار(شوان نەسرەدین رەزاخان) هەمەوەندیدا، بەم شێوەیە باسی گرتنی مەترەلۆزەکەی تاسلوجە لەلایەن کەریم بەگەوە لەزاری (خەوام کەریمە ڕەش)ی هەمەوەندییەوە تۆمار دەکات ، کە ئەویش لە (کەریمە ڕەش)ی باوکییەوە بیستوویەتی، کە لەو شەڕەکەدا بەشداری کردووەو ئەسپەکەی کوژراوەو گوتوویەتی: (مەترەلۆزێکی دوژمن تەنگی بەسوپاکەی ئێمە هەڵچنی بوو، شەڕێکی بێ وێنەی لەگەڵ دەکردین، زیانی ماددی و گیانی پێ گەیاندین، پاش بریندار بوونی سابیربەگ و چەند کەسێکی دیکەو کوژرانی ئەسپەکەی من، کەریم بەگ فەقیانەکەی لەدەستی ئالأند و بە تەنیا لەپشتەوە بۆی سەرکەوت و تاوی لە مەترلۆزەکە داو لوولەکەی گرت و سەربازەکەی سەریشی بەدیلی گرت،

کەریم بەگ دەستی لە سەرفەقیانەکەیەوە بەهۆی گەرمی لولەی مەترەلۆزەکەوە سووتابوو)[1].




خوالێی خۆشبێت (نامیق حسێن ئاغا)، یەکێك بووە لەخزم و باوەڕپێکراوە نزیکەکانی (کەریم بەگ) و لەشەڕی تاسلوجەدا بەشداری کردووە. سەبارەت بە شەهیدەکانی ئەو شەڕە دەڵێت: (یەکێك بەناوی (خدر) شەهید بوو، یەکێکی تریش بەناوی (خلەی صۆفی گوڵە). یەکێکی تریش شەهیدبوو بەناوی "عەزیزجوچك" هەمەوەندی).[2]

---

[1] شوان نەسرەدین رەزاخان: چاوپێکەوتن لەگەڵ(خەوام کەریمەڕەش)، گوندی شۆراوە، رۆژی ـ ٢٠٢٣/١١/٢٤

[2] مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف: چاوپێکەوتنێك لەگەڵ (نامیق حسێن ئاغا)، چەمچەماڵ - رۆژی ٢٢/٨/١٩٨٨




من لام وایە (خدر) و (خلەی صۆفی گوڵە) هەر یەك كەس بووبن، كە لەو شەڕەدا شەهیدكراون و پێدەچێت بەهۆی هەڵەو دووبارە تۆماركردنەوەی ناوەكەوە ئەو هەڵەیە لەدەست نووسەكەدا روویدابێت و لە چاوپێكەوتن و دەسنووسەكەی مامۆستا (عەبدولڕەقیب یوسف)دا، تۆماركرابێت.


ڕەفیق حیلمی

ڕەفیق حیلمی لەدووای شەڕی تاسلوجەوە، باسی بەهەڵەچوونی شێخ مەحموود دەكات لەڕووبەڕووبوونەوەو وەستانەوە بەرامبەر بە لەشكری ئینگلیزەكان كە زۆربەیان نیزامی و ئاشنای هونەری جەنگن، لەبارەی (كەریم بەگ)ەوە، كە وەكو ئەوان شارەزای هونەری جەنگ بووە نووسیوویە:

(دوای شکانی هێزە بچووکەکەی ئینگلیز لە تاسلّووجە، شێخ مەحموود لەجیاتی ئەوەی کە هێزەکانی خۆی هەموو لە دەربەند دابمەزرێنێت و چاوەڕوانی هێزی گەورەو پڕ چەکی ئینگلیز بکا کە کەوتبووە ڕێ، دەس بەجێ ئەو هێزەی لای خۆی بکردایە بە چەن بەشێکەوەو هەر یەکە لەم بەشانەی لەژێر سەرەکی زابتێکی نیشتیمان پەروەری کوردو چاودێری ویارمەتی یەکێك لە ڕەئیس عەشیرەتەکانی وەکو "کەریم بەگی فەتاح بەگ" وە یا "مەحموود خانی دزلّی"دا بناردایەتە هەرێمێك لەهەرێمەکانی عەشایەری کە ئەم ڕەئیسە شارەزای بوو وەیا تێکەلّی لەگەلّییا هەبوو. بەتایبەتی ئەگەر دوای ئەوە کە هێزێکی هەلّبژاردە و تێکەلّ لە چەن عەشیرەتێك و بەشێك لە عەسکەرە "نیزامی"یەکەی لەژێر سەرەکی دوو سێ زابتی ئازاو چەن رەئیسێکی عەشایردا لە زێی کۆیی بپەڕاندایەوەو ئینجا خۆشی بە دوای هێزەکەیەوە بکشایەتەوە شاخەکانی سورداش و بە شەڕی چەتەیی ئینگلیزەکانی ماندوو شپرزە وماندووبکردایە، دوور نەبوو کە شۆڕشەکەی بە ئاسانی بتەنێتەوەو پەرە بسێنێت و لەماوەیەکی زۆر کەمدا ئاگرەکەی هەموو کوردستانی عێراق بگرێتەوە).(١)

دوای ئەوەی هێزە شکاوەکەی دوژمن لە تاسلوجە بە هەزار هیلاکەت دەرباز بوونەو گەیشتوونەتەوە (چەمچەماڵ)، پاش حەوانەوە لەگەڵ هێزەکانی تریاندا خۆیان بۆ هێرشێکی دیکە بۆ سەر شۆڕشگێڕانی کورد ئامادەکردووەتەوە، کەریم بەگ و سابیربەگ ئەو نەخشەیەشیان پوچەڵ دەکەنەوەو لەگەڵ هێزەکانیاندا هێرشێکی کتوپڕیان دەکەنە سەر و لەماوەیەکی کەمدا پڵنگ ئاسا دەست بەسەر

---

(١) رەفیق حیلمی: یاداشت، کوردستانی عێراق وشۆڕشەکانی شێخ مەحموود، دەزگای چاپ وبلاّوکردنەوەی کوردستان، چاپی یەکەم- ٢٠٢٠، لا١٤٨،١٤٨

شاری (چەمچەماڵ)دا دەگرن و هەموو دیل و دەستکەوتەکان دەنێرنە بەندیخانەی (دەبۆکە)لە شاری سلێمانی.

عەبدول مونعیم غولاّمی لە لاپەڕە (١٠١)ی بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا کە لەژێرناوی (ثورتنا فی شمال العراق) بە چاپی گەیاندووە، سەبارەت بەم ڕوداوە دەڵێت:

(یەکەم کەس کەریم بەگی هەمەوەند بوو بەسواری ئەسپەکەیەوە چوو بووە ناو شارەوە، وە لەم ڕووداوەدا کابتەن بۆندی جێگری دادوەری سیاسی ناوچەکەی بەدیلی گرتبوو پاشان لەژێر چاودێری سوارەکانیدا ناردبووی بۆ سلێمانی)[١].

بە ئەنجامدانی ئەم چالاکییە، شۆڕش زیاتر کلّپەی سەندووەو ناوچەکانی کۆیەو رانیەو شوێنەکانی دیکەشی گرتووەتەوە.

بۆ رزگارکردنی کابتەن (بۆند) لە دیلی و دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی (کەریم بەگ) و شۆڕشگێران، ئینگلیزەکان هێزێکی گەورەتریان کۆکردووەتەوەو هێرشیان بەرەو ناوچەکانی (چەمچەماڵ و بازیان و سلێمانی) دەست پێ کردووەتەوە.

ساڵی خوێندنی (١٩٧٣-١٩٧٤ز) کە من خوێندکاری پۆلی شەشەمی قوتابخانەی چەمچەماڵی سەرەتایی کوڕان بووم، مامۆستا (سابیر حەمەعەلی) وانەی مێژووی پۆلی شەشەمی پێ دەگوتینەوە، لە وانەیەکی مێژوویی دا باسی ئازایەتی (کەریمی فەتاح بەگ)ی باپیرمی بۆکردین، کە چۆن وەکوسەرکردەیەکی ئازای شاری چەمچەماڵ بەڕووی ئینگلیزەکاندا ڕاپەڕیووە و شاری چەمچەماڵی لە دەستی ئینگلیزەکان رزگار کردووەوکاپتەن (بۆند)ی جێگری دادوەری سیاسی بەریتانی لە چەمچەماڵ دەسگیرکردووە. هەروەها لەکاتی ئەوباسکردنەدا دەستی بۆ من راکێشاو و گوتی: کەریم بەگ باپیری ئەم خوێندکارەی هاوڕێتانە. ئیتر لەو

---

[١] عبدالمنعیم الغلامی : ثورتنا فی شمال العراق ، ١٩١٩ ـ ١٩٢٠، الجزو الاول ، ص ـ ١٠١

ساتە بە دوواوە تێگەیشتم کە مێژوو چەندە گرنگە بۆ ناسینەوەی کەسایەتی و سامانی نەتەوایەتی و خەباتی گەلەکەمان.




ئیدی لە دووای ئەو وانە بەنرخەی مامۆستا سابیرەوە، رۆژلە دووایی رۆژ و چرکە دوای چرکە ئارەزوم بۆ وانەی مێژوو زیادی دەکرد و بڕیارمدا بکەومە هەوڵی کۆکردنەوەی وێنە و بەڵگەنامە مێژووییەکان. سەرەتا وێنەیەکی دەستکردی (کەریم بەگ)م دەستکەوت کە (حەسەن فەلاح)ی هونەرمەند بەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە لەدوای سەرکەوتنەکانی لە شەڕی تاسلوجە و ڕزگارکردنی شاری (چەمچەماڵ)دا، لە ڕۆژی (٢٥/٥/١٩١٩)دا، ئەو وێنەیەی کێشابوو. وەکو بۆیان باسکردم، لەساڵی (١٩٥٩ز)دا، ئەو وێنەیە وەکو کارتی جەژنە پیرۆزە چاپکراوەو لە سەراپایی کوردستاندا بلاّوکراوەتەوە .




ئیدی ئازایەتی وچالاکی و فەرمانڕانییەکانی (کەریم بەگ) لە فۆلکلۆروبەیت وبالۆرەو لاوك وگۆرانی کوردەواریدا بوون بە وێردی سەر زاری خەڵکی ودەنگیاندایەوە و قەڵاکانیشی بوون بە نیشانەی خۆڕاگری و پشت وپەنای هەژاران و بێ نەوایان. تەنانەت وای لە هونەرمەندێکی گەورەی وەکوو(محەمەدی ماملێ)کردووە، لەگۆرانییەکیدا کەلە ژێر ناوی (ئەمن کوردم)دا، تۆماریکردووە، باس لە ناوچەی چەمچەماڵ بکات کەلەسایەی فەرمانڕانی سەرکردەکانیدا لە ئیستا و لە ڕابردوودا بووە بە جێگەی حەسانەوەی هەژاران و بێ نەوایان و بڵێت:

**دەچـــمە چەمچـــەماڵ بۆمـــاڵی قـــازی**
**عەســـکەری ناکـــەم بـــۆ مـــەلیك غـــازی**

مامۆستا (عومەر مەعروف بەرزنجی) ئەم هەڵبەستە فۆلکلۆرییەی بۆ ناردم، کەباس لە ئازایەتی و پاکی و سوارچاکی و کەریم بەگ دەکات لە رزگارکردنی شاری (چەمچەماڵ) دا و دەڵێت:

**بابی بابم شێخ مـەحموود لەگـەڵ دەزگـای داینایـە**
**خۆی لە چـیایی سـورداش و ئۆردوگـای لـە سـەحرایە**
**چەن قارەمـانی جەوهـەردار و قومانـداری لـە گەڵدایـە**
**کــەریمی فــەتاح بــەگی عەســکەری تــەدریب دایــە**
**لــە عەســکەری دەخــوڕی ئیســتاعید راوەســتایە**
**سـەلام خوزیـان لـۆ دەکـرد حەربـەی لـە تفەنگێدایـە**
**هـەموو ڕەختیـان لـە خـۆدا ڕۆیـین بـە شـەوی شـاری**
**سـەعات لـە دوازدەی شـەویٚ گەیینـە چەمچـەماری**
**حەربی ئیسـلام خـۆش دەبـوو لەگـەڵ فەلـەو کوفـاری**
**قاقــەزێکیان دەنووســی ئــەو ئینگلیــزو قوتیــانی**
**شــێخ مــەحموودێك پەیــدا بــوو هاتییــە لــە سـلێمانی**
**چــەند بــەرتیلیان دەدایــیٚ هــیچ بــەرتیلی نــە زانــی**

لەدوایی رزگارکردنی شاری(چەمچەماڵ) ئینگلیزەکان هێزەکانییان ڕێکخستووەتەوە و لە کەرکوکەوە بەرەو چەمچەماڵ هێرشیان هێناوەتەوە. لەرۆژی (١٨/٦/١٩١٩)دا، گەیشتوونەتەوە دەربەندی بازیان. سابیربەگ لەگەڵ کەریم بەگی باوکی و عەبدوڵاٚ بەگی برایدا بە خۆیان و سوپاکەیانەوە، بۆ بەدەست هێنانی مافی ڕەوای گەلەکەیان، بەشدارییەکی کاریگەریان لە شەڕی (دەربەندی بازیان)دا کردووە. هەر وەکو (حەبیب عەلی میرانی)لەو بارەیەوە دەڵێت:

**شەڕ و کوشتاری بەر دەربەندم دی (کەریم) و (صابر) خۆم لەجەنگم دی**
**خۆێنی هاتەجۆش کەوتە خوێن ڕژان بۆ ماف وەرگرتن سوپای کوردستان**[1]

---

(١) حەبیب عەلی میرانی: بەرگی یەکەم لەیادی شەهیدان وئەدیبانی کوردستان، چاپخانەی الاداب، نەجەف - ١٩٧٣، لا ٨




(ئەنوەر ئاغا)ی کوڕی (حەمەومین ئاغا) لە چاوپێکەوتنێکدا بۆی گێڕامەوە: (لەوشەڕدا "کەریم بەگ" بریندار بووەو دووان لەجەنگاوەرە ئازاو خزمەکانی و لەشکرەکەی بەناوەکانی "حەمەڕەشید جوامێرئاغا" و "حەمە چەچان عەزیز سلێمان" شەهیدبوونە. "کەریم بەگ"یش، بریندار بووە و لەلایەن جەنگاوەرەکانییەوە گوێزراوەتەوە بۆ گوندی خەربەنەلوو).[١]

لە چاوپێکەوتنێکمدا لەگەڵ (عەلی کەریم دەروێش) سەبارەت بە شەهیدبوونی (حەمەڕەشید جوامێرئاغا) گوتی:(حەمە نێرگەلەچی هاتە ئەمدیوو لە گوندی "عەلی مەنسوور"بە کوێخا" حەوێز عەلی مەنسوور"ی وت: ئێرە هەمەوەندی لێیە؟! ئەویش وتی : بەڵێ: عەلی کەریم دەروێش و یونسی برای هەمەوەندن . وتی باشتێکتان بۆ باس بکەم ، کە فرۆکەکانی ئینگلیز دایان لە ناو دەربەند، حەمەڕەشید جوامێرخان لە ژێر بەردە قارەماندا بوو ، وەختێ چوومە سەری سەروچاوی لە خوێن و ریخۆڵەکانی لە زەویدا بوو، وتم یا شێخ ئەوە باروودۆخەکەیە، تا هاتینەوە سەری تەواو بوو بوو).[٢]

---

[١] سەروەر ئەحمەد کەریم: چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئەنوەرئاغا)، چەمچەماڵ، کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆ - ١٩٩٣/٥/٢

[٢] سەروەر ئەحمەد کەریم، چاوپێکەوتن: لەگەڵ (عەلی کەریم دەروێش)هەمەوەندی، بازیان، رۆژی ٢٠٢٠/٤/٢٧

سەرەڕای ئەوەی لەم دەربەندەدا شۆڕشگێڕانی کورد شەڕێکی باشین کردووە و قوربانی زۆریشیان داوە، کەچی لەم بەڵگەنامەیەدا هاتووە ئینگلیزەکانیش بەبێ ئاستەنگ دەربەندی بازیانیان گرتووە و بەرەو سلێمانی پێشڕەوییان کردووە.

بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٨

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرە خوێندنەوە

بەغدا، (٢٠ ی حوزەیرانی ١٩١٩)، کاتژمێر (١٥و ٣٠) دەقیقە .

(٢٤ی مانگ کاتژمێر ٢٢ گەیشتووە)

ژمارە: ٣٨٢

درێژەی تێلیگرامی ژمارە ٣٨٠ م.

(١٨)ی حوزەیران کاتژمێر (٤)ی بەیانی، بەریتانییەکان رایانگەیاند کە وا دەربەندی بازیانیان بەبێ ئاستەنگ گرتووە. زیانی سەرجەمی دوژمن هێشتا نەژمێردراوە، بەڵام لەنێوان دیلەکاندا شێخ غەریب و شێخ مەحموود ئەمین دەبینرێن. دەستکەوتی ئینگلیزەکان ژمارەیەکی زۆر چەك وچۆڵ، ئەسپ ومێترالیێوزە سوارەی ئینگلیز بەردەوامبوون لەپێشڕەوی و شەو چوونەتە ناو شاری سلێمانییەوە. هەموو ئەو بەریتانیانەی کە لە ناو شاردا بوون ساغ و سەلامەتبوون.

شارل رۆ

Charles roux

کونسلی فرەنسی[١]

---

[١] کوردسان لە بەڵگەنامەکانی کونسڵی فرەنسی لە بەغداساڵی ١٩١٩: نەجاتی عەبدوڵڵا، لە فرەنسییەوە کردوونی بەکوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، سلێمانی ـ ٢٠٠٤، لا٦٨

هەرچەندە ئەم شەڕە بە ئەسیرکردنی شێخ مەحموودو دوورخستنەوەی بۆ دوورگەی (ئەندامان)ی هندستان کۆتایی هاتووە و شۆڕشەکە توشی شکستێکی گەورە بووە، کەچی لەگەڵ ئەو تێك شکاندنە گەورەیەشدا (کەریم بەگ) و (سابیربەگ) و (عەبدوڵڵابەگ)ی کوڕی و هاوەڵەکانیان، کۆڵیان نەداوەو سەرپەرشتی هێزە چەکدارەکانی کوردستانیان کردووەو راپەڕیون و سوپای ئینگلیزەکانیان لەکوردستان وە دەرناوەو شاری سلێمانی و رانیەو چەمچەماڵیان لێ پاککردونەتەوە. لەو بارودۆخە دژوارەدا خێزانی شێخ مەحموود کەریم بەگیان بە فریادڕەس و سەرکردەی کاتی تەنگانە زانیووە، بۆ دژایەتیکردنی ئینگلیزەکان و پەیوەندی نهێنییان بە کەریم بەگەوە کردووە. هەروەکو شێخ (لەتیف)ی حەفید لەوبارەیەوە لە یاداشتەکانیدا نووسیوویە: (ئێمە ئەو کاتە لە داریکەلی بووین، دایکم و ئامۆژنم وحەپسە خانی نەقیب، پارەیەکی زۆریان خەرج دەکرد، بۆ ئەوەی دژایەتی ئینگلیزی پێ بکەن و یارمەتی بزوتنەوەی نیشتمانی پێ بدەن. هەرسێکیان پەیوەندی نهێنیان بە شاعیری ناسراو ئەحمەد بەگی ساحێبقڕان و نوری بەگی برایی و کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەندی یەوە هەبوو)[١]

محەمەد رەسوڵ هاواریش لەو بارەیەوە نووسیوویە: (کەریم بەگی فەتاح بەگ و سابیری کوڕی دوای ئەوەی شێخ لە شەڕی دەربەندی بازیاندا بەدیل گیرا. ئەوان خۆیان نەدا بە دەستەوەو چەکیان فڕێ نەداو هەمیشە بەرامبەر ئینگلیزەکان شەڕیان ئەکرد و هەردووکیان پەڕینەوە بۆ ناوچەی رانیەو (سەید محەمەدی جەباری)شیان لەگەڵدا بووەو خۆیان گەیاندووەتە لای تاقمەکەی ئۆزدەمیر لە

---

[١] یاداشتەکانی شێخ(لەتیف) ی حەفید، لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی حەفید، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ساغکردنەوەی کەمال نوری مەعروف، چاپی یەکەم ـ ١٩٩٥،ل٧٩.

ناوچەی ڕەواندز، کە ساتێك شێخ مەحموود لە هندسانەوە هاتەوە، یەکەم کەس بوون کە چوونە پاڵ شێخ مەحموود و بە لایەنگری شێخ مەحموود مانەوە)[1].

زرار عەلی لە پەیامێکدا وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە و هەمیشە دەربەندی بازیانی بە دەروازەی هەستانەوەی شۆڕش لەسەر دەستی پیاوە ئازاکانی داناوەو لەو بارەیەوە نووسیوویە:

بـــــەیانی یــــــەو وا گزنگـــــــە
شـــاریش کـــپ و مـــات و بـــێ دەنـــگ
حیلـــــە و سمکـــــــۆڵانی ئەســــــپێك
شــــاری خـــــامۆش دێنێتـــــە دەنـــگ
گـــــەلۆ هەســــــتن رابـــــن لەخـــــەو
شاســـــــــــوارێکی دووره رێ یــــــــــە
ســــــوارکەریمی فــــــەتاح بەگــــــەو
پـــــەیامێکی بـــــۆ شــــار پــــێ یـــــە

نەوشیروان مستەفا ئەمین سەبارەت بە ڕۆڵی کەریم بەگ لەو ڕووداوەدا دەڵێت: (دوای گیرانی شێخ مەحمود لە حوزەیرانی (١٩١٩ز)داو دوورخستنەوەی بۆ هیندستان، کەریم بەگ خۆی بەدەستەوەنەداو بەیاخیێتی لەئینگلیزمایەوە. هێزێکی لە هەمەوەند سازدا شان بە شانی دەیان کەس لە جەباری و جاف و پشدەری، بەرگری داگیرکەرانی ئینگلیزی و داوای گەڕانەوەی شێخ مەحمودی ئەکرد).[2] لەگەڵ ئەوەشدا کە (کەریم بەگ) بە سەرکردەی کاتی تەنگانە و

---

[1] م . ر. هاوار: شێخ مەحموودی قارەمان, سەرچاوەی پێشوو، لا٢٠١

[2] نەوشیروان مستەفا ئەمین: بەدەم ڕێگاوە گوڵ چنین، کتێبی دوەم، بەرگی دوەم، الدار العربیەللعلوم- ناشرون، بیروت - لبنان- ٢٠١٣زاینی، لا٣٢

فریادڕەس ناوبانگی دەرکردووە، بە شێوەی باوك وباپیرو بنەماڵەکەی زۆر حەزی لە ئەدەبیات و هۆنینەوەی شیعر هەبووە، بەداخەوە هۆنراوەکانی تۆمار نەکراون و لە ناوچوون. کەریم بەگ هەمیشە بە نا تەبایی ریزەکانی گەلەکەی دڵتەنگ بووە، هەموو کات لە ساتی کۆکردنەوەی هێزەکاندا هەوڵی داوە، کە رۆڵەکانی گەل یەك ڕیزو یەکگرتوو تەبابن. هەروەکو لەم دوو دێرە هۆنراوەیەیدا دەردەکەوێت کە لایەن بەرێز (عەلی کەریم دەروێش) هەمەوەندییەوە پارێزراوە کە دەڵێت:




**جـوابێکم ناردووە بۆ داربەڕوولە          پێنج سوارم بۆ هات تفەنگ دوو لوولە**

**جوابێکم ناردووە بۆ کۆزە ڕەقە          دە سـوارم بـۆهـات کەلام تەفرەقە[1]**

بەداخەوە ئەو ناتەبایی و یەکڕیزییە لە دێر زەمانەوە بەرۆکی کوردی گرتووە، هەر ئەوەش وای لە بێکەسی شاعیر کردووە، کە بڵێت:

**کورد ئەبـەد ناگـا بـە مەقسـەد نۆکـەری بێگانەیـە**

**دوو دڵن پیسـن لـە نـاو یـەك بۆیـە وا بـیٚ لانەیـە**

---

[1] سەروەر ئەحمەد کەریم: چاوپێکەوتن لە گەڵ (عەلی کەریم دەروێش) لە دایکبووی ١٩٣٠ هەمەوەندی، تەیناڵ، رۆژی ١٢/١١/٢٠١١

لەکۆتایی مایسی (١٩١٩ز)دا ئەو هێزەی کە مێجەر(فرایزەر) سەرپەرشتی کردووە، گەیشتووەتە قەرەهەنجیر و شەڕ دەستی پێ کردووەتەوە و چەند ڕۆژێکی خایاندووەوکەریم بەگ رابەرایەتی شەڕەکەی کردووە.

مامە (عەزیز)ی کوڕی (کەریم بەگ) لەزاری (عەبدوڵلا بەگ)ی برایەوە کە لەو شەڕەدا بەشداری کردبوو، هەموو جارێك بەم شێوەیە باسی ئەو شەڕەی بۆ دەگێڕاینەوەو دەیگوت: (لەگەرمەی شەڕدا مترالیۆزێکی دوژمن شپرزەی کردین بەجۆرێك کە لەشکرەکەمان لە شکاندابوو، کەچی باوکم و سەید محەمەدی جەباری و سابیربەگ، لەوتاوی ئاگرو گوللەبارانەدا هەڵیان کوتایە سەری و گرتیان و هێزەکەی دوژمنیان بەتەواوی شکاند). ئینگلیزەکان لاشەی ئەفسەرێك و (١٥) سەربازیان لەمەیدانی شەڕەکەدا جێ هێشتووە. لەمانیش (صالح مەحموود پلاو خۆر و فەتاح عەزیز رەحیم دۆینە و رەحیم ئەحمەد تورشی هەمەوەندو حەمەئەمین کۆزە رەقەیی و محێ الدین ئەمین دۆغری و عەلی قادر مەولان و عەلی فەقێ عەزیزو سەید ئەمین ی سەید عەبدولرەحمان مۆردانە و سەید وەلی سەید مستەفای جەباری) شەهید بوونە.



خوالێی خۆشبێت (حاجی سەعید)ی کوڕی (حەسەن سلێمان سەلیم) هەمەوەندی لەزاری مامە (سلێمان فەتاح) هەمەوەندییەوە، باسی ئازایەتی (حەسەن سلێمان سەلیم) هەمەوەندی کردووە، کەچۆن لەو شەڕەدا برینداربووەو (فەتاح عەزیز رەحیم دۆینە)ی هەمەوەندیش شەهیدبووە، لەئەنجامی هێرشکردنە سەرمۆڵگەیەکی ئینگلیزەکان لەسەر بەرزاییەکانی (کەرتڕێنە) لەسەر ڕێگەی (کەرکوك - سلێمانی) و دەست بەسەراگرتنی. بۆ ڕاستی و دروستی ئەم شەڕە سابیربەگ کەخۆی لەو شەڕەدا بەشداربووە، ئەم چەند دێرە هۆنراوەیەیی لەوبارەیەوە نوسیووە کە دەڵێت:

بــە ئــەمر بێچــون پادشــای غــەفغور
شــەهید بــی صــاڵح محمــود پــلاو خــۆر
خەبــەر بردشــان پــەی شــێر ژیــان
شــەهید بــی صــاڵح پــەریش کەردبــەیان
ناگــاه هــەم ســواریٚ بــە یەلغارجــە دوور
بــەزاری و فۆغــان جگــەر وەك تــەنور
کــەریم بــەگ فــەرما ئــەزاری چێشــەن
وا وەیــلا و فۆغــان زاری پــەی چێشــەن
واتــەش کــەریم بــەگ ســەردار ســوپا
"فــەتاح عــەزیز "کەفتــەن نــە ســەحرا
ئــەولاد دۆینــە شــەهید بــی نــەوجا
وە گوللــە شەســت تــیر کــافر گــومڕا
ســاکە ئێــد ژنــەفت کــەریم بــەگ نامــدار
بــانگش نــەوەردا پــەی فــەتاح نــازدار
ئافــەریم فــەتاح غــەزات کــەرد ئــاوا

## پــەی دیــن ڕەســوڵ ڕوحــت کــەرد فیــدا

لە هاوینی ساڵی (١٩٢٠ز)دا، کەریم بەگ لەگەڵ سابیربەگی کوڕیدا، بەشداری کۆبوونەوەی ژاڵەی ڕەباتیان کردووە، کەریم بەگ زۆر بەئازایانە لە کۆبوونەوەکەدا هەستاوەتە سەرپێ و فەرموویەتی: (ئەگەر سەرم لەجاو درووبێ، دەبێت شێخ مەحموود لەهندستانەوە بهێنمەوە ئەم سلێمانییە).

نامیق حسێن ئاغای هەمەوەند، سەبارەت بەم کۆبوونەوەیە کە خۆی بەشداری تێداکردووە دەڵێت: (هێشتا نەچووبووینە ژاڵە، ئێمە چووینە تاسلوجە، ئەفسەرێکی ئینگلیز هات بۆ لای کەریم بەگ، کەریم بەگیش پێی وت: شێخ مەحموود بێننەوە و ئازادی بکەن، با گەورەکەمان بێتەوە، ئێمە زیاترخزمەت بەگەلی خۆمان و دۆستایەتی ئێوە دەکەین).[١]

هەر لەم چاوپێکەوتنەدا هاتووە کە ئەو کەسایەتییانەی بەشدارییان لەوکۆبوونەوەیەدا کردووە، بریتی بوونە لە: (کەریم بەگ و سەید محەمەدی جەباری و شێخ قادری گوللەنەبڕ و عەبدولکەریم وادی ئاغاو ڕۆستەم ئاغاو سەرۆکی ڕەباتییەکان و سەرۆکی میکائیلی و عەشیرەتێکی تریش).[٢]

سەبارەت بەداواکاری کەریم بەگ بۆهێنانەوەی (شێخ مەحموود) لە هندستانەوە بۆ کوردستان، (شێخ ڕەشید)ی کوڕی (شێخ عەبدولی کانی کەوە) فەرموویەتی: (لە هەمەوەند بەس کەریم بەگ، کەریم بەگ و کەریم بەگی بەگزادە).[٣]

---

[١] مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف: چاوپێکەوتنێك لەگەڵ (نامیق حسێن ئاغا)، چەمچەماڵ - ڕۆژی ٢٢/٨/١٩٨٦، لا١

[٢] مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف: هەمان چاوپێکەوتنی پێشوو، لا٥

[٣] مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف: چاوپێکەوتنێك لەگەڵ (شێخ ڕەشید شێخ عەبدول)کانی کەوە، چەمچەماڵ، ڕۆژی - ٢٦/٨/ ١٩٨٨، لا١١

لەرۆژی (١٨/٦/١٩٢٢)دا، کە هەمان ڕۆژی شەڕی دەربەندی بازیان و ئەسیرکردنی شێخ مەحمودە. کەریم بەگ و سابیری کوڕی لە شاخی (مۆرتکە) بەڕووی کابتەن بۆند وکابتەن ماکانتدا ڕادەپەڕن و شۆڕشێکی نوێ لە دژی ئینگلیزەکان بەرپا دەکەن. ئیتر لە گەڵ ئینگلیزەکاندا لە بازیان، ساردی دەکەوێتە نێوانیان و سەید محەمەدی جەباریش دەبێتە هاورێ وهاوخەباتیان. میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی لەو بارەیەوە دەڵێت: (لە بازیان لەبەینی هەمەوەندەکان و ئینگلیزەکان ساردی وکەم ئیعتیمادی کەوتە بەینەوە. چونکە سابیربەگ و کەریم فەتاح بەگ فەرماندەی ئازای شێخ مەحموود، دوو زابتی ئینگلیزیان بە ناوی کبتان(بۆند) و کبتان(ماکند) کوشتبوو)[1]. مام جەلالیش لە کتێبەکەیدا، سەبارەت بەم رووداوە دەڵێت: (کەریم بەگی فەتاح بەگی سەرۆکی عەشرەتی هەمەوەند کاپتن بوند ـ و ئەفسەرێکی ئینگلیز. لە نزیك چەمچەماڵ دەکوژێت ، ئەو کاپتنە دەبێت کە شێخ مەحموود دەبات بۆ بەغدا بۆ ئەوەی لەبەردەمی حوکمی عورفی بەریتانیادا بوەستێت)[2]. هەروەها لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەدا، لەدوای ئەو رووداوە، مام جەلال تاڵەبانی باسی خۆڕاگری کەریم بەگ دەکات و دەڵێت: (پاشان بۆ ماوەی دووساڵ لە ناوچەکانی قەراغ و سەنگاو وچەمچەماڵ و ناوچەکانی دیکەی سلێمانی جەولە دەکات)[3]. بەهۆی ئەو

---

[1] میرزامحەمەد ئەمین مەنگوڕی: حەقائقی بەسەرهاتی شێخ مەحموود لە پەنای ئیستیقلالی کوردا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی ـ ٢٠٠٣، لا ١٧

[2] جەلال تاڵەبانی: کوردستان و بزاڤی نەتەوەیی کورد، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، خالید مەجید ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ـ ٢٠٢١، لا ٢٢٥

[3] جەلال تاڵەبانی: کوردستان و بزاڤی نەتەوەیی کورد، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، خالید مەجید، چاپی یەکەم، سلێمانی ـ ٢٠٢١، لا ٢٢٥

رووداوەوە و زۆربەی هەمەوەندەکان دەچنە پاڵ هێزەکەی کەریم بەگ لە شاخ و پەیوەندی پێوە دەکەن.

خوالێی خۆشبێ (حەمەشەریف ئەمین ئاغا)ی هەمەوەند. لەوبارەیەوە گوتوویەتی: (هەمەوەندەکان نزیکەی (٢٠٠) سوارێك لەترسی ئینگلیز رۆیشتن، حەمەومین ئاغا، فەقێ محەمەد، غەفوورئاغا، موشیرئاغا، بەتەنها ئەمینی رەشید ئاغا مایەوە، ئەویش کرا بەقایمقامی چەمچەماڵ).[1] خوالێی خۆشبێ (کەریم کاکەمەند)ی، هەمەوەند سەبارەت بەو رووداوە دەڵێت: (کەریم بەگ جوابی نارد بۆ "فەقێ محەمەد"و وتی: نیوەڕۆ لە"هەنجیرە" لەگەڵ کابتەن نان دەخۆین و دێین بۆ "مۆرتکە"و ئێواری میوانی تۆدەبین، ئەویش هەمەوەندی ئەم دیوئەودیوی کۆکردەوە "حەمەومین ئاغا، موشیرئاغا، کاکەولای ئەفەندی، عارف ئاغا، کاکەمەند، سلێمان ئاغا" دوای نیوەڕۆ کابتەن "بۆند" و "کەریم بەگ" بەیەك دەگەن و"بۆند" دەکوژرێ، ئیتر هەموو هەمەوەند دوای کەریم بەگ کەوتن وچوون بۆ رەواندز، کاتێ کەریم بەگ لە رەواندز هاتەوە "سلێمانی" داگیرکرد، رۆژی چوار جار بۆمباباران دەکراین، بۆ لاوازکردنی کەریم بەگ ئینگلیزەکان هەوڵی گەڕانەوەی شێخ مەحمودیان دەدا، بەڵام کاتێ کەریم بەگ سلێمانی گرت، بوو بەحاکم و لە خانووەکەی (مەجیدەفەنی) کانێسکان دانیشت تاکو شێخ هاتەوە، سابیربەگیش بوو بە بەرێوەبەری ناحیەی باوەمردە).[2]

---

[1] مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف: چاوپێکەوتن لەگەڵ (حەمەشەریف ئەمین ئاغا)ی هەمەوەند، چەمچەماڵ، رۆژی ١٤/٩/١٩٨٢

[2] سەروەر ئەحمەد کەریم: چاوپێکەوتن لەگەڵ (کەریم کاکەمەند) هەمەوەند، شوێن، تەکیەی کاکەمەند- رۆژی ٧/٧/١٩٩٧




جۆن کلیبەرت براون لەو بارەیەوە دەڵێت: (لە١٨/حوزەیراندا، سەرتیپ بۆند - Captain S.S. Bond بە هاوڕێیەتی سەرتیپ ماکانت - K.Makant Captain R، کەخەریك بوولە لیڤییەوە بگوازرێتەوە بۆ بەشی سیاسی و بۆ سەرکەوتنی سەرتیپ بۆند بوو لەچەمچەماڵ، چوون بۆ مۆرتکە، دوومیل دوور لە گوندەکەوە لەگەڵ کەریم فەتاح بەگ یەکتریان بینی، هەرکە یەکیان گرت لەگەڵ ئەودا هەردوو ئەفسەرەکە لەدواوە تەقەیان لێکرا، دەڵێن لەلایەن سابیرو عەبدوڵڵای کوڕەکانی کەریم فەتاح بەگەوە تەقەیان لێکراوەو دەستبەجێ کوژراون).[1] لەپاش ئەم روداوە (کەریم بەگ) دەبێت بە دوژمنی ژمارە(١) لای ئینگلیزەکان و دەکەونە هەوڵی کوشتن ولەناوبردنی ئەم هەواڵە لە رۆژنامەی پێشکەوتندا بلاْو دەکەنەوە. کە دەڵێت:

(شخصیك و یا چند شخصیك اگر خبرو اطلاع بدەن و او خبرو اطلاعە ببێ بەسببی توقیف و گرتنی کریم فتاح بگ هموند لەلاین حکومتەوە دە هەزار روپیە انعام و بەخششی ادرێتێ. دیسان اطلاع بدریت و ببێ بەسبب گرتنی سید محمد جباری بۆ امەش دووهەزار روپیە انعام بخشش ادرێ).

---

(١) جۆن گیلبەرت براون: ه س پ لا ٨٠

(گولْد سمس حاکمی سیاسی)

رۆژنامەی پێشکەوتن ژمارە ١١٣

رۆژی ١٩٢٢/٦/٢٢

هەروەها ئەم هەواڵەی (چەرچلْ)یش لەژمارە(١١٧)ی، رۆژنامەی (پێشکەوتن)دا، دەربارەی (کەریم بەگ)لە رۆژی(١٩٢٢/٧/٣٠)دا، بلاْوکراوەتەوە کە دەڵێت: ( لەندەن ـ (٥)ی تەمموز میستەر (چەرچل) جوابی ئەو پرسیارەی دایەوە کە لە مەجلیسی عمومدا لێیان کرد. وتی مەعلوماتێکی تری دەست نەکەوتووە. سەبارەت بە کوشتنی کابتەن (ماکانت) و کابتەن (بۆند)ەوە لەلایەن کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەندەوە لە (١٨)ی حوزەیراندا کوشتوونی، بەڵام لەم رووەوە لەگەڵ مەندوبی(سامی) عێراقدا موخابەرە هەیە عەسکەری (لیوی) کە قوماندانیان، ظابطانی بەریتانیایە موعاوەنەتی قوەی هەوایی دەکەن بۆ نازڵ کردنی عیقاب بۆ سەر جرم دارەکان)[١].




(١) گۆڤاری پەپڤین: ژمارە(٢) ئوکتۆبەری ١٩٩٧، لاپەڕە ٢٣٤

هەرلە بارەی ئەو ڕووداوەوە (ئیدمۆندس) کوشتنی بۆندو ماکانت بەئابڕوچوونی دام ودەزگاوحکومەتی بەریتانیا دادەنێت و لەو بارەیەوە دەڵێت: (کوشتنی"بۆند"و "مەکێنت" لە١٨ی مانگی ژوئێندا، زەبرێکی قورسی لە ئابڕووی دەزگای حکوومەتدا بوو و ئەو کردەوەیە لە هەلێکی ناڕێکدا ڕوویدا بوو)[١].

ئەحمەد خواجەش ئەو ڕۆژە بەخۆشترین ڕۆژ دادەنێت و لە لاپەڕە(٨٤)ی (چیم دی)دا، سەبارەت بەم ڕووداوە دەڵێت: (زۆر خۆش بووتا "١٠" ڕۆژ لە دێهاتەکانی سلێمانیدا بە فڕۆکە بۆیان دەگەڕان ، نزیکەی سەد چۆغڵ جاسوسیان بڵاوکردەوە کەچی نەیان دەزانی کە چوون بۆکوێ).




لەدوای کوشتنی کابتەن بۆند: (هێزەکەی کەریم بەگ ، نەجمەکانی سەر شانی بۆندیان لێکردوەتەوە و هێناویانە بۆ گوندی "چاڵگە"و لەماڵی (ڕەسوڵ ئاغا)داویانەتە دەست (سلێمان )ی کوڕی و، پێیان وتووە: بیخەرە گۆمی (قەرە قاژ)ەکەوە، لەو لاشەوە ئینگلیزەکان پروپاگەندەی ئەوەیان کردووە، ئەوەی خزمی

---

[١] سیسیل جۆن ئیدمۆندس: کورد تورك عەرەب، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، ژمارە(١٨٠)، چاپی سێیەم ـ ٢٠٠٤، لا٣٠١

کەریم بەگ بێت دەبێ بڕوات. هەر ئەو کاتە مام "فەتاح مەحموود ئەحمەد)کانی ساردی، دەچێتە لای کاپتنی تازەی ئینگلیزەکان و ئەویش شەفاعەتیان پێدەدات و دەڵێت: ئێمە دوژمنی "کەریم بەگ"ین، دوژمنی ژن و منداڵ نیین لەکاتی گەڕانی فرۆکەکانماندا، ئاڵای سپی هەڵکەن پارێزراو دەبن)[1].

لە چاوپێکەوتنێکمدا لەگەڵ خوالێی خۆشبێ (ئەنوەر حەمەوەمین ئاغا)، کە شارەزاییەکی باشی لە مێژووی هەمەوەندا هەبوو، سەبارەت بەبینینی کەریم بەگ لەنێو قەڵاکەی خۆیدا لە گوندی (قەرەتامۆر)دا، گووتی: (ماڵی کەریم بەگ لەسەر گردێکی بەرزی باکووری گوندی قەرەتامۆر بوو، شەش ژوور بوو یەکێکیان چێشتخانەو هی میوان بوو، تەویلەخانەو چوار قوللەی بەرزی بۆ شەڕکردنی هەبوو، من تەمەنم حەوت ساڵان بوو، کەریم بەگم لەنێوقەڵاکەدا بینی, بە دووربین سەیری مەنیلەی دەکرد و ریشی لێی سپی بوو بوو)[2].




---

[1] سەروەرئەحمەد کەریم: چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز(ساڵح سلێمان ئاغا)ی، هەمەوەند، چەمچەماڵ، کاتژمێر (٢)ی پاشنیوەڕۆ، رۆژی ـ ١٢/١١/٢٠٢٣

[2] سەروەر ئەحمەد کەریم: چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنوەرئاغا: چەمچەماڵ، کاتژمێر(٣)ی پاشنیوەڕۆ، رۆژی ٤/٧/١٩٩٨.

جگەلە هەموو ئەو پاڵەوانێتیانەی کە لە سەرەوە باسمان کردووە، کەریم بەگ و سابیربەگ و عەبدوڵڵابەگ و هێزەکەیان شەری دەربەندی رانیەشیان کردووە و ئینگلیزەکانیان وا ڕاماڵیوە کە لە سلێمانیش خۆیان نە گرتووەتەوە. ئیدمۆندس سەبارەت بە چوونی (کەریم بەگ) بۆ رانیە و خۆ ئامادەکردنی بۆ گۆڕەپانی ئەو شەڕە ، کەریم بەگ وەکو رابەرو فیداکارێکی لەخۆبردووی کورد وەسف دەکات ودەڵێت: (هاتنی پتر لە ١٠٠ شەڕکەری ئازای کورد بە سەرۆکایەتی ڕێبەرێکی فیداکاری لەخۆبردوو، بۆ ئۆزدەمیر سەرکەوتنێك بوو، کەئاواتی بۆ دەخواست)[1]. مام جەلال لەکتێبەکەیدا سەبارەت بەم شەڕە دەڵێت: (شەڕێك لە (٢٣ ئابی ١٩٢٢ز)دا، لەنزیك دەربەندی پشدەر روویدا، شان بەشانی هێزە کوردیەکانی ڕانیە و پشدەر، هێزێکیش بەسەرکردایەتی کەریم بەگی فەتاح بەگ سەرۆکی هەمەوەند بەشدار بوو).[2] نامیق حوسێن ئاغا، سەبارەت بەژمارەی هێزەکەی کەریم بەگ لە رەواندز دەڵێت: (ئێمە "١٠٠"سواربووین، لەگەڵ کەریم بەگ کە چووینە رەواندز، سەید محەمەدیش حەوت سواری لەگەڵ بوو).[3] تێك شکاندن و خۆرانەگرتنی ئینگلیزەکان لەبەرامبەر هەڵمەتەکانی کەریم بەگدا، لەشەڕی رانیەو رزگارکردنی شاری سلێمانیدا هۆکارێکی سەرەکی بوو، وای لە ئینگلیزەکان کرد بیر لە هێنانەوەی شێخ مەحموود لە هندستانەوە بۆ سلێمانی بکەنەوە و حکومەتێکی بۆ تەشکیل بکەن.

---

[1] سیسیل جۆن ئیدمۆندس: کورد تورك عەرەب،وەرگێڕانی حامید گەوهەری، لەبلاٶکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ وبلاٶکردنەوە، ژمارە(١٨٠)، چاپی سێیەم ـ ٢٠٠٤، لا ٣٠٥

[2] جەلال تاڵەبانی: کوردستان و بزاڤی نەتەوەیی کورد، وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە خالیدمەجید فەرەج، چاپی یەکەم، سلێمانی - ٢٠٢١، لا٢٢٤

[3] مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف: چاوپێکەوتنێك لەگەڵ (نامیق حسێن ئاغا)، چەمچەماڵ - رۆژی ٢٢/٨/١٩٨٦، لا٤

نەوشیروان مستەفا ئەمین لەوبارەی ئەو شەڕەوە نووسیوویە: (کاتێ هێزی تورك گەیشتە رەواندز، کەریم بەگ چووە لایان و لە شەڕی دەربەندی رانیەدا لە (٢٣ی ئابی ١٩٢٢)دا، کەهێزی ئینگلیز زۆر بەخراپی شکا. بەشداریەکی کاریگەری کرد. ئەم شەڕەو چەند شەڕێکی تر و زیادبوونی جموجۆڵی دوژمنانی ئینگلیز کاربەدەستانی ئینگلیزی ناچارکرد، بیر لە چۆڵکردنی سلێمانی و هێنانەوەی شێخ مەحمود بکاتەوە)[(١)].

کەریم بەگ بەکردار ئەو سوێندەی کە لە کۆبوونەوەی (ژاڵەی رەبات)بۆ هێنانەوەی شێخ مەحمود خواردبووی هێنایەدی، لەگەڵ سابیربەگی کوڕی و هێزی هەمەوەنددا لەم شەڕەدا ئینگلیزەکانی ناچارکرد کە بیرلە چۆڵکردنی سلێمانی و هێنانەوەی شێخ مەحموود بکەنەوە.

میرزاغەفوری شاعیر لەکوردستانی رۆژهەلاتەوە، سەبارەت بەئازایەتی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند لەم شەڕەدا دەڵێت:

**سەرم قوربانی فیـــــــکرو هیمەتی نەسلی (هەماوەند)ە**
**(کەریم بەگ) خۆی نەکرد، تابیع، بە ئەو بێ چاووڕووانە[(٢)]**

عەبدوڵڵا ئاگرین لە لێکدانەوەی ئەو هۆنراوەیەی سەرەوەدا دەڵێت: کەریمی فەتاح بەگ هیچ کاتێك خۆی نەکردوەتە دەرباروبەندە و تابیعی ئینگلیز و ڕۆم و عەجەمە بێ چاو و ڕووەکان. میرزا غەفوری جارێکی دیکە، لەم چەند دێڕەی خوارەوەشدا، دێتەوە سەر باسی ئازایەتی و شۆڕە سواری و نەجیب زادەیی کەریم

---

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین: بەدەم رێگاوەگوڵ چنین، کتێبی دووەم، بەرگی دووەم، الدارالعربیەللعلوم - ناشرون، بیروت- لبنان - ٢٠١٣ زاینی،لا٣٢

(٢) دیوانی میرزا غەفور: کۆکردنەوەو ساغکردنەوەو لێکدانەوەو پێشەکی، عەبدوڵڵا ئاگرین، چاپی یەکەم، ١٩٩١، لا٨٧

بەگ و هێرشەکانی لە قەلأی (لێوژە)وە، بۆ سەر ئینگلیزەکان لە رانیە و لەگەڵ داشۆرینی هەموو ئەو چڵکاوخۆرو نۆکەرو داگیرکارانەی کوردستان، کە هەمیشە لە هەوڵی لەناوبردن و گەڕان دا بوونە ، بە دوای کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەنددا و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**لــە بــەگزادەی هــەمووعێلی (مــورادی)دا مەگــەر پەیــدا**
**ببیّ وەك "ئــەو" ســوارێکی ، وەهــا بــەم نەوعــە غــەییورە**
**گــەهیّ تــەعقیبی ئاغــاوات و بــەگزادەی (هەمەوەنــد) ە**
**گەهیّ تەسخیری قەلعەی (لێـــــوژە)کرد (کۆنە تەندور)ە[1]**

هەروەها (مەحموود مەشهەدانی) سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ، کە لە مانگی ئابی (٢٠٠٨) دا دەستی لەکار کێشایەوە، لە کۆتا وتارییدا: (کەریم بەگی فەتاح بەگی سەرۆك هۆزی هەمەوەندی بە پاڵەوان ناوزەد کردو داوای لە کاربەدەستانی کوردستان کردکە لە ڕێبازی ئەو پاڵەوانە لانەدەن ، چونکە ئەو ملی بۆ بەریتانییەکان کەچ نەکرد). هۆکاری سەرەکی هێنانەوەی شێخ مەحموود لەدوای(٣٠ ئەیلولی ١٩٢٣) لە هندستان وکۆیتەوە بۆ سلێمانی و کردنی بەفەرماندار. بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کەریم بەگ رۆڵی گەورەی گێڕا لە کوشتنی بۆند و ماکانت و رزگارکردنی شاری رانییەو گرتنی سەر ڕێگای بازیان و رزگار کردنی شار سلێمانیدا و ملی بۆ بەریتانییەکان کەچ نەکرد. بەوەش شەرەفی دروستکرنی ئەو حکومەتە کوردییە، لە (٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٢٢) بە کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند دەبڕێت، هەروەکو لەسەرجەم بەڵگەنامەکانی سەرەوە ویاد نامەی شێخ مەحموودی حەفیدیشدا هاتووە:

---

[1] دیوانی میرزا غەفور: کۆکردنەوەو ساغکردنەوەو لێکدانەوەو پێشەکی، عەبدوڵڵا ئاگرین، چاپی یەکەم، ١٩٩١، لا٦٩

(ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری بە ماوەیەك و بەتایبەتی لە ساڵی (١٩٢٢)دا، ئاڵۆزی بەخۆیەوە بینی، ئەویش لەوکاتەی هێزی پشدەرو رانیە لە ژێر سەرکردایەتی عەباس ئاغای مەحموود ئاغای پشدەرو غەفوورخانی ناودەشت و (کەریم هەمەوەندی)*، هێزی بەریتانیایان لەو ناوچانەدا تێك شکاندو دوای کشانەوەشی بۆ کۆیە لەوێش دەریان پەڕاندو پاشان بەرەو سلێمانی پاشەکشەی کردو دوایی لەو شارەش هەڵکەنرا. لەو دەمانەدا (مەحموود خانی دزڵی) پشگیری حکومەتێکی بە ڕابەری شێخ مەحموود کردو لەولاشەوە (کەریم بەگی فەتاح بەگ) هەستا بە کوشتنی کاپتن(بۆند) لە چەمچەماڵ، ئەوکاپتنەی کە شێخی بەدیلی لە دەربەندی بازیانەوە برد بۆ بەغدا، ئەو کارانە وایان لە دوو حکومەتی شاهانەی بەریتانیاو پاشایەتی عێراق کرد کەبەیانێکی فەرمی ـ ڕەسمی لە (٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢)دا، واژۆ بکەن لەو بەیانەدا هاتبوو حکومەتی شاهانەی بەریتانیاو هەروەها حکومەتی عێراق دان بە مافی ئەو کوردانەی کە لە سنووری عێراقدا نیشتەجێن دەنێت، بە دامەزراندی حکومەتێکی کوردی لەناو ئەو سنوورەدا. هیوایان وایە رابەرە کوردە هەمەجۆرەکان، لایەنەکان، لەگەڵیاندا بەشێوەیەکی گونجاو بگەنە رێککەوتنێك بۆ حکومەت و سنوورەکەشی، کوردەکانیش نوێنەری خۆیان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پەیوەندی ئابووریان لەگەڵ حکومەتی شاهانەو حکومەتی عێراقدا بنێرن)(١). ڕەفیق حیلمی لەبارەی رۆڵی کەریم بەگ لە دروست بوونی ئەو حکومەتە کوردییەدا دەڵێت: (بۆدامەزراندنی

---

* مەبەست لە (کەریم هەمەوەندی)، (کەریم بەگی فەتاح بەگ)ی هەمەوەندە.

(١) یادنامەی شێخ مەحموودی حەفید: ناسرحەفیدو ئەوانی تر، بەریتانیا و شێخ مەحموود لە تەرازووی واقعدا، نووسین و ئامادەکردنی ، عبدالخالد سابیر، بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ـ ٢٠٠، لا ٣٤٠

حکومەتی کوردی گەلێك مەزبەتە دراوەتە حکومەتی ئینگلیز بە تەواوی لەم وەختەدا بوو کە (کەریم بەگی فەتاح بەگ)یش دوو زابتەکەی ئینگلیزی کوشت و ئەو ناوەی شێواند، ئینجا ئەمانە هەموویان یەکیان گرتەوە و بوون بەهۆی ئەوەی کە ئینگلیزەکان بڕیار بدەن بە هێنانەوەی شێخ مەحموود). هەموو ئەو ڕاستیانەی سەرەوەش پێچەوانەی بیروبۆچوونی هەندێ نووسەری کوردە، کە لایان وابووە، کوشتنی کابتەن بۆند و دەرکردنی ئینگلیزەکان لە سلێمانی و رزگارکردنی شاری سلێمانی ناوچەکانی دەوروبەری لەلایەن کەریم بەگەوە زیانی بۆ شۆڕشی کورد هەبووە. بەپێچەوانەوە کوشتنی بۆندو ماکانت و رزگارکردنی شاری چەمچەماڵ و رانیەو سلێمانی لەلایەن کەریم بەگەوە هەروەکو لەنووسین و بەڵگەنامەکانی سەرەوەدا هاتووە: هۆکاری سەرەکی بوون بۆئەوەی ئینگلیزەکان بیر لە هێنانەوەی شێخ مەحموود بکەنەوە لەهندستانەوە بۆ سلێمانی و حکومەتێك بۆ کورد دابمەزرینن. شێخ مەحموودیان هێنایەوەو حکومەتێکیشیان بۆ دروستکرد. کەچی مامۆستا (کەریم زەند)ی مێژوونووسیش بە هەڵدا چوو، کاتێك لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفیزیۆنیێدا وتی: (کەریم بەگ قارەمان بوو، بەڵام کوشتنی کابتەن بۆند کارێکی نەشیاوبوو). ئەم بۆچوونەی مامۆستا کەریم زەند، پێچەوانەی بیروبۆچوونی (ئیدمۆندس)ی دوژمنی کورد و کەریم بەگ بووە، کە ئەو وەکو دوژمنێك هەڵوێستەکانی کەریم بەگی بەهێزو شکۆ لە قەڵەم داوەو لای وابووە حکومەتی بەریتانیا لە کوردستاندا، لە بەرامبەر چالاکی و هەڵوێستە کوردانەکانی (کەریم بەگ)دا، دۆڕاوە و ئابڕوی چووە. هەروەها هەر خودی(ئیدمۆندس)خۆی لە شوێنێکی دیکەدا لە وەسفی کەریم بەگدا دەڵێت: (کەریم بەگ رێبەرێکی فیداکاری لە خۆبردوو بوو). کەچی بە پێچەوانەوە هەندێك لە نووسەرەکانی کورد لە بەرامبەر ئەو ئازایەتی و هەڵوێستانەی (کەریم بەگ)دا بێدەنگن و سەرەڕای ئەوەش وەکوئیدمۆندس و دوژمنانی دیکەی

کوردیش ئازایەتی و جوانییەکانی سەرکردەکانی کورد و کوردستانەکەی خۆیان نابینن. پێدەچێت شێخ مەحموودی نەمریش هەر لەو روانگەیەوە ئەم چەند دێڕە هۆنراوەیەی بۆ هاتبێت، کە داخی لە نەزانی نەتەوەکەی خواردوەو هەموو هەوڵ و تەقەلاکانی لە شۆڕشدا بەبێ ئەنجام وەسف کردووە و دەڵێت:

**مودەتی عومرم بە تالآن چوو لە سوچ و قوژبنا**
**پێ مەلەم زۆرکرد لەبەر ئیمان لە بەحری بێ بنا**
**شاهبازێ بووم لە مەیدانی شکاری دوژمنا**
**جەهلی میللەت بوو بەزیللەت هات بەسەرشانی منا**(1)

لەدوای ئەوەی کە ئینگلیزەکان بەینیان لەگەڵ شێخ مەحموود تێك دەچێتەوە، هێزی ئاسمانی بەریتانیا فشارێکی زۆر دەخەنە سەر شارو گوندەکانی کوردستان و بێ رەحمانە بە بەرچاوی جیهانەوە دەست لە کورد نا پارێزن. لە رۆژی (١١/مایس/١٩٢٣)، یاداشتێك لەلایەن شێخ مەحموودەوە دەدرێت بە کۆمەڵەی گەلان، کە واژۆی کەریم بەگ وەك سەرۆك هۆزی هەمەوەند و سابیربەگ و ئەمینی حەمەی ئیمامی لەسەرە وداوای سەربەخۆیی ومافی رەوای کورد ئەکەن، ئەحمەد خواجە لەلاپەڕەکانی (٣٤-٣٩)ی کتێبەی (چیم دی)دا، بلأویکردوەتەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

بۆ باڵیۆزی: ئەمریکا
تورکیا
رووسیا
ئیتالیا

---

(1) لەتیف بەرزنجی: شێخ مەحموود لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٠، لا٣١٦

فرەنسا

ئینگلتەرە

سەرەك وەزیرانی ئێران

لەدوای جەنگی (١٩١٤)وکوژانەوەی چرای برووزی عسمانی بە تەواوبوونی جەنگ نیشتیمانی ئێمە(کوردستانی جنوبی)، لە سوپاو ئیدارەیان چۆلکرا. هێزی سوپای ئینگلیز بەهەلی زانی خۆی هاویشتە ویلایەتی (موصلّ)ەوە، کوردستانی جنوبیشی داگیرکرد. بەلاّم بەو پەیمانەی کە بەپیّ ی پەیمانی(سیڤەر) هەموو حەقێکی قەومیمان بدەنیّ و لە کوردستانی جنوبیدا حکوومەتێکی کوردی دروست بکات و هەمووچەشنە یارمەتییەکمان بدەن. ئینجا بە تەواوی رێگەی ئینگلیز درا بەهاتنی بۆ سلێمانی. سیّ مانگی بە سەردا نەڕۆیشت بە پێچەوانەی پەیمانەکەیان بۆ کاروباری چ سیاسی و چ ئیداری چ ئابووری لە: ئینگلیز و ئێرانی و عەرەب و ئەفغانی و هیندی و هەڕەمە پیاو و مأموورانی هێنا بەناو کیشوەرەکەماندا بلاّوی کردەوە، بەلاّم کوردەکان هەر لە دوورەوە تەماشایان ئەکرد ئەو یارمەتییەی کورد بە هیوای بوو وەئەو پەیمانەی دابووی کە حکوومەتێك بۆ کورد دروست بکات گۆڕا بە زۆرداری و بیّ بەزەیی، وە ئەو هێزە بیّ شوومارەی کە لە جەنگی گەورەدا بەرامبەر بە تورك و ئەلّەمان بەکاری هێنا بەری دایە وێزەی کورد بەکوشتن و سووتاندن و تالاّن کردن ولاّتی وێران کرد بە چەشنێك دلّی هەموو ئادەمیزاد بگریەنێت. زۆر کردەوەی زۆرداری و ناپەسەندیان نواند تا هەموو کوردی ناچارکرد بۆ پاسی خاك و دارایی و نامووس بەرامبەر بەو ئینگلیزەی کە بە دۆستی کورد خۆی پیشان ئەدا دەست بداتە چەك و داوای مافی خۆی (استقلال) بکات. ئینگلیز خۆی کرد بە دووژمنی خوێنینی کورد. لە رۆژی (٢٢مایسی ١٩١٩)دا، کورد بە چەك کەوتە بەربەرەکانی ئینگلیزەکان، بەلاّم تەنیا بەچەکی تفەنگ و خەنجەر. ئینگلیزیش بێجگە لە تۆپ و فرۆکە بە

هێزێکی کوشندەی (٣٠ تا٤٠)هەزار سوپاییەوە رۆژی (١٨ حوزەیران١٩١٩)، کوردی پەرێشان کردو ئەو حوکمدارەی کە بە فەرمانی خۆیان بۆ کوردستان دانرابوو بە بریندارکراویی، لەگەڵ نزیکەی هەزار مرۆڤ و زابتانی کورد دا کوژران و بە یەخسیری گیران و بران.

لە بڕیاری خنکاندنەوە بۆ دەساڵ بەندی، حوکمداریان ئاوارەی هیند کرد، سێ شەو و سێ رۆژ شاری سلێمانی تالاّن کرا، لە کۆلاّناندا کوژراو فڕێ ئەدرا، دێهات وکشتووکاڵ، پردوو مزگەوت بە بۆمبا وێران کرا، ئاژەڵ بە متراليوزو فڕۆکە بەقڕ هێنرا. ژن، پیاو، منداڵ بە هەزاران لە ناو ئەشکەوت و سەر چیاکاندا کوژران، مردن. حوکمدار لە بەندییەکەی سێ ساڵ بەسەر نەچوو بەپێی داوا و دەنگی کورد لە رۆژی (٢٢/ايلول/١٩٢٢)دا دووبارە بەناوی بەجێ هێنانی پەیمانەکەیانەوە حوکمدار شێخ مەحموودیان لە هیندەوە هێنایەوەو بەناوی حوکمداری کوردستانەوە لە سلێمانی دایان نا. ئەم جارەیش، پەیمانی درووست کردنی حکوومەتی کوردستانی بلاّوکردەوە. بەلاّم ئەو داوایەی کە ئینگلیز لە کوردی ئەکرد لە توانای کوردا نەبوو، کە بەبێ پێویست لە تورکیاو ئێراندا شۆرش هەڵگیرسێنێت. ئینجا دیسانەوە لە پاش شەش مانگ کەوتەوە بیانوو بە بۆمبا شاری سلێمانی، دێهات، چیاو دارستانەکان و باخ و ڕەزی سووتاند. وێرانی کرد، لە ئادەمیزادو ئاژەڵ کوشتار لە ژمارە نایات، خێزانی کورد بە پیاو، ژن، منداڵ و پیرەوە کەوتنە چیاو ئاوارەی ئەشکەوت و مغارەکان بوون. بەڕووتی، برسیەتی، گەرما، سەرما، ژیان تاڵ بوو. فڕۆکە ماوەو دەرەتانی پەیداکردنی ئازوخەی نەدا. لە ئادەمیزاد پەروەری و دڵسۆزیتان تکا ئەکەین، کە دڵسۆزی خۆتان بەرامبەر بەم گەلە ئاوارەو پەرێشانە پیشان بدەن، کە بە هەزاران خێزان لە چیاکاندا بەبێ پیاو بەسەختی گوزەران ئەکەن و ئەژین و پیاوەکانیان بەرامبەر بە بەدبەختی و جانەوەری ئینگلیزەکان سنگیان ناوە بە بەرگوللەی ناگاهانیانەوەو بەبێ بەزەیی

لەکوشتاری کورد دەست پارێزی ناکەن چارەیەك بکەن . کورد ئەیەوێت بگات بە مافی خۆی، دەستبەرداری چەك نابێت، تاوەکو ئەم دوژمنە مان لێ دوور نەکەوێتەوە.

١١/مایس/١٩٢٢

مەحموود

سەرۆك وفەرماندەی گشتی

حاجی رە سوڵ ئاغا

سەرۆکی عەشیرەتی پشدەر

حەمەئاغا ی علی ئاغا

دیسان.

کەریم فەتاح بەگ

سەرۆکی عەشیرەتی هەمەوەند

صالّح ئاغای حەمەئاغا

سەرۆکی عەشیرەتی پشدەر

سابربەگ

سەرۆکی عەشیرەتی هەمەوەند

ئەمین حەمەی ئیمام

لەسەرۆکانی هەمەوەند

سەید کەریم سەید ئەحمەد

لە ساداتی بەرزنجە

ئاوڕەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا

لە ئەشرافی سلێمانی

رەزا بەگ

لە ئەشرافی سلێمانی و فەرماندەی سوپا

ئەحمەد مەدحەت

مەبعووسی رەوندز

وە (٢٨) ناوی تر[١].

هەڵویستی ئازایەتی (کەریم بەگ) بۆ دووەم جار ئەوەبووە، لەرۆژی (١٧/٦/١٩٢٣)دا، جارێکی دیکە شاری سلێمانی رزگاردەکاتەوەولە خانووەکەی (مەجیدئەفەندی) کانی ئاسکان دادەنیشت و دەبێت بە حاکمی شار، هەروەکو خوالێی خۆشبێ (کەریم کاکە مەند)ی هەمەوەند دەڵێت: (کەریم بەگ تا دەهات بەهێز دەبوو، لە رەواندز هاتەوەو سلێمانی داگیرکردو لە خانووەکەی مەجیدە فەنی کانێسکان حاکم بوو، سابیربەگیش بەڕێوەبەری ناحییەی باوەمردە، شێخ مەحموودیش لە پایزدا هاتەوە، تا چوینەوە بەهار،"حەمەومین ئاغا"ی کرد بە قائیمقامی چەمچەماڵ و "فەقێ محەمەد"یش بە بەڕێوەبەری ناحیە).[٢]

د.کەمال مەزهەریش باسی سەرکردایەتیکردنی کەریم بەگ دەکات لە رزگارکردنی شاری سلێمانیداو لەو بارەیەوە دەڵێت: (رۆژی (١٧)ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٣ هێزە چەکدارەکانی ئینگلیز شاریان بەجێهێشت، ژمارەیەك سەرشۆڕی نیشتمان و ڕوو ڕەشی مێژووش کە زراوەترەکی تۆڵەی گەل بوون لە گەڵیان شار بەدەر بوون، شۆڕشگێڕانی کورد بە سەرکردایەتی کەریمی فەتاح

---

[١] چیم دی: ئەحەمەد خواجە، شۆرشەکانی شێخ مەحموودی مەزن، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠١٣، لا(١٣٦-١٣٧-١٣٨)

[٢] سەروەر ئەحمەد کەریم: چاوپیکەوتن لەگەڵ (کەریم کاکەمەند) هەمەوەندی، تەکیەی کاکەمەند، کاتژمێر (١٠)ی ،سەر لەبەیانی- رۆژی ٧/٧/١٩٩٧

بەگی هەمەوەند بە ناوی شێخەوە کاروباریان گرتەوە دەست تا خۆی رۆژی (١١)ی تەمموز بە سەربەرزی گەڕایەوە. [1]




هەروەها (د. وەلید حەمدی)یش، بەهەمان شێوەی د. کەمال مەزهەر ، لەکتێبەکەیدا سەبارەت بە رزگارکردنی شاری سلێمانی لەلایەن کەریم بەگەوە دەڵێت: (هەر ئەوەندەی هێزەکانی بەریتانیا لە شار دەرچوون دەستبەجێ هێزەکانی (کەریمی فەتاح بەگ) گەیشتنە سلێمانی و دەستیان بەسەر شاردا گرت و کەریم بەگ جاڕیدا، کە خۆی حاکمی سلێمانییە، بەیانێکی بۆ خەڵکی شار بڵاوکردەوە داوای لێکردن کە ڕێزی ئاسایش بگرن، ڕێزی ئەو کەسانەش بگرن کە لە شاردا ماونەتەوەو هەڕەشەی سزادانی ئەو کەسانەشی کرد کە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا هاوکاربوون و لەگەڵ ئەوانیشدا شاریان جێ هێشتووە. هەر لەو بەیانەدا. داوای لەبازرگانانی تووتن کرد کە ئەو باج و پارانە بدەن، کە فرۆشتوویانە یان ناردوویانە بۆ دەرەوەی لیواکە پاش ئەوەی شێخ مەحمود چەند هەفتەیەك بوو

---

(١) د.کەمال مەزهەر: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، چاپخانەی (الادیب البغدادیه)، بەغدا ١٩٨٥، لا١٥٨

سەردانی گوندەکانی دەوروو بەری سلێمانی دەکرد لە ڕۆژی (١١)ی تەمموزدا گەیشتەوە ناو شاری سلێمانی.. هەر بەگەیشتنی شێخ مەحمود بە سلێمانی مەندوبی سامی ئەم بڕیارانەی دا، کە هەڵوێستی حکومەتی بەریتانیا و حکومەتی عێراقی تیا ڕونکردووەتەوە، کە لە خاڵی (ت)دا دەڵێ:- ئاگادار شێخ مەحمود بکرێتەوە، کە تائێستا حاکمی سلێمانی یە کەوا لەم کاتەدا خۆی و کاروبارەکانی وازلێهێنراون ئەگەر دەستدرێژی نەکاتەسەر دەرەوەی سنووری مەرکەزی سلێمانی، مەندووبی سامی بە نامەیەکی شەخسی ئەم بڕیارانەی گەیاندە شێخ مەحمود وپێشی ڕاگەیاند کەهەموو ڕێگەو شوێنێك دەستنیشان کراوە بۆ جیاکردنەوەی قەزاکانی (رانیە، قەڵادزێ، چەمچەماڵ، هەڵەبجە، قەرەداغ، سەنگاو و ناحیەی ماوەت) لە سلێمانی).[1] شێخ رەشید شێخ قادر لەکتێبەکەیدا سەبارەت بەکەریم بەگ و سابیربەگ و ئەمین حەمەی ئیمام دەڵێت: (شۆڕشی شێخ مەحموودی نەمر سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە باشوورو باکوورو ناوەندی کوردستانی رۆژئاوا، لە خانەقین تا زاخۆ و زەهاو وکرماشان و سنەو بێجار و گەروس تا هەوشار بەشدارەکانی شۆڕشی پیاوان و دڵسۆزانی شاری سلێمانی :

١ـ کەریم بەگ فەتتاح بەگی هەمەوەند.

٢ـ سابیر کەریم بەگ هەمەوەند.

٣ـ ئەمین حەمەی ئیمام هەمەوەند).[2]

---

[1] د. وەلید حمدی: کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، وەرگێڕانی، محەمەد نوری توفیق، چاپخانەو ئۆفسێتی هەواڵ، چاپی دووەم، سلێمانی- ١٩٩٩، لا ١٤٦، ١٤٧،١٤٨

[2] شێخ رەشید شێخ عەبدولرەحمان قادر: بەریتانیا، تورکیا، ئێران، کورد، ١٩٣١- ١٩١٥، چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠١٠، لا٢٣١

سابیربەگ پیاوێکی بالآبەرزی سوروسپی بووە، هاوشێوەی کەریم بەگی باوکی، زۆر جار لە بۆنەکاندا جل و بەرگی کەواو سەڵتەو فەقیانەی شۆڕ و جامانە و عەگالێکی قۆزاخەسیم زەردی پۆشیوە، لەگەڵ جوتێك چەکمە پۆتینی زەرد لەپێیدا، کە شێخ رەشید عەبدولرەحمان قادر بەم شێوەیە لەگەڵ لەشکرەکەی شێخ مەحموودا، لەگوندی ڕێشین بینویەتی لەوبارەیەوە دەڵێت:

**چ خـــۆش بـــوو مـــن تـــەن بەتـــەن وێنەیـــەکم دی**
**لـەیاد ناچـێ کـەمن ئـەمڕۆ چ بگرەوبەردەیـەکم دی**
**ســـــوارەی کـــــورد وگـــــۆران وگـــــەرمیانم دی**
**ســــــــوارەی جــاف لاو و پیـادەی هەورامـانم دی**

لە ڕیشێن و لەناو ئەم لەشکرەدا دیمەنی ئەم سوارانەی سەیر کردووە.

١- کەریم فەتاح بەگی هەمەوەند سواری ئەسپێکی بۆرە بوو و جل وبەرگی کەواوسەڵتە و فەقیانە شۆڕ و جامانە و عەگالێکی قۆزاخەسیم زەرد لەسەردا و جوتێك چەکمە پۆتین زەرد لەپێدا، پیاوێکی رەسابوو.

٢- سابیری کەریم بەگ سواری ئەسپێکی شێ بوو، دەستووری باوکی جل و بەرگ، حەمەی ئیمام هەروا سوارەی هەمەوەند.[١]

لەگەڵ پۆشینی ئەو جل وبەرگانەشدا، هەمیشە کەریم بەگ و سابیربەگی کوڕی وەکو نیشانەی رەتکردنەوەی ژێردەستەیی و کۆیلایەتیش بە شێوەیەکی کوردانە جەمەدانی و مشکییان بەتێکەڵی بەستووەتەوە. لەوبارەیەوە هەمیشە (مەیجەرسۆن)پەندێکی هەمەوەندەکانی بەسەر زارەوە بووە، دەڵێت: (لە جیهاندا

(١) شێخ رەشید شێخ عەبدولرەحمان قادر: بەریتانیا، تورکیا، ئێران، کورد، ١٩٣١- ١٩١٥، چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠١٠، ل١٨٦

هیچ کۆیلەیەك نییە مشکی و جامانەی بە سەرەوە بێ)[1]. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە (کەریم بەگ)وکوڕەکانی لە هیچ کات و ساتێکدا نەبوونە بە داردەست وکۆیلەی کەس وژێردەستەیی گەلەکەمانیان ڕەتکردووەتەوە. خوالێی خۆشبێ (کەریم تۆفیق عەلی)، کە لەدایکبووی ساڵی (١٩١٠ز) چەمچەماڵە، لە چاوپێکەوتنێکدا کۆمەڵێ بەسەرهاتی کەریم بەگ و سابیر بەگی بۆ گێڕامەوە و وتی: (لەتەمەنی حەوت ساڵیدا کەریمی فەتاح بەگ و سوارەکانیم بینی، بەڕێز لە گوندی (قوامراو)ەوە، دەهاتن و پێشەنگیان لەگوندی (تەژگا) بوو. سوارێکی باڵابەرزی تیابوو جوانی وام نەدیبوو، وتیان: ئەوە سابیربەگە. چەك و فیشەك دان و فیشەکێکی زۆری پێوە بوو).[2] هەروەها لە چاوپێکەوتنێکی دیکەدا لەگەڵ (دارا محەمەد عەبدولڕەحمان)یش، لەو بارەیەوە وتی:




---

[1] مەیجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەك لە کوردستان ، مەڵبەندی کوردلۆجی (٨) ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ٢٠٠٧ ، لا ـ لا١٣٦

[2] سەروەر ئەحمەد کەریم: چاوپێکەوتن لەگەڵ (کەریم تۆفیق عەلی)، پاش نیوەڕۆی ڕۆژی - ٢٠٠٦/٢/٢٢

(کەریم بەگ و سابیربەگ بەخۆیان و لەشکرەکەیانەوە هاتوونەتە گوندی (کانی سارد)و بوونە میوانی (کیژە)خانی نەنکم، کە ژنێکی دەست رەنگین و کارامە ومیوان دۆست و گورجوگۆڵ بووە، بەدەست و بردێك خواردنی سەرجەم لەشکرەکەی ئامادە کردووە، هەموو جارێك باسی ئەوەی بۆ دەکردین و دەیگوت: هەرگیز ئەو قسەیەی کەریم بەگم بیرناچێتەوە، کە لە میوان دارێتییەکەدا پێی وتم: خودا هەرچی پیاوی ناوداری جیهان هەیە، بکات بە قوربانی شێرە ژنێکی ئەم خاکەی خۆمان و بەرێزتان)[1].

هەروەها لە کۆتا قسەکانیدا وتی: (سابیربەگی کوڕیشی هێندە جوان و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵك بوو، کچێك لە کوردستانی رۆژهەڵاتەوە، لەبەر خۆشەویستی ئەسپێکی لە زەنگیانە، بە قەبارەیەکی گەورەو جوان و قەشەنگ بۆ سابیربەگ دروستکردووە و بە دیاری بۆی ناردووە). بەو شێوەیە سابیربەگ پایەیەکی کۆمەلایەتی بەرز و بەهێزی هەبووە، خۆشەویستی شێخ مەحموود و کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بووە و هەتا بڵێیت شۆڕەسوارێکی و ئازا و کەم وێنە بووە.

ئەحمەد خواجە لە لاپەڕە (١٠١ ـ ١٠٢)، کتێبی (چیم دی)دا، سەبارەت بە داستانی کۆزەرەقە دەڵێت: (کەریم بەگ سەرۆکایەتی شەڕەکەی کردووە، بە (٦٣)کەسەوە و لەلایەن سابیربەگەوە (١٨)سوپایی و پیادە گیرا بوو، ئەسپ زۆر بوو. ماینێکی زۆر جوانی فەرماندەی ئینگلیزەکانیش گیرا، کوژراویان زۆر بەجێهێشت، ئەم جەنگە لەو جەنگانە بوو کە لەیادی مێژوو دەرنەچێت).

---

[1] سەروەرئەحمەدکەریم: چاوپێکەوتن لەگەڵ (دارا محەمەد عەبدولڕەحمان) لە دایکبووی ساڵی (١٩٣٢)، کاتژمێر (٩)ی سەرلە بەیانی، چەمچەماڵ ـ رۆژی ٥/٤/٢٠١٢

نامیق حسێن ئاغا دەیگووت: هەموو جارێك کە سەردانی شێخ مەحموودمان دەکرد، شێخ بە (کەریم بەگ)ی دەگووت: نەکەی دڵی (سابیربەگ) بشکێنی بە خودا کەس بەدوای من وتۆوە نامێنێت.

لە داستانی بناری (گۆیژە)یشدا، سابیربەگ ئەو بنارە دەکاتە گۆڕستانی دوژمنان. لە دوای یەکگرتنەوە و ڕێکخستنەوەی هێزەکان، بەپێی بروسکەی ژمارە (١) رۆژی (١ی اوغستوسی ١٩٢٤)، سابیربەگ و سەید محەمەدی جەباری دا دەبەزنەوە بۆ ناوچەکانی بازیان و قەرەداغ. لەکاتی دەستپێکردنی هێرش بۆ سەر بارەگاکانی شێخ مەحموودیش لەلایەن سوپای لیڤی و ئاشوری یەوە، سابیربەگ خۆی دەگەیەنێتە بناری گویژە و بۆیان دادەمەزرێ و شەرێکی خوێناوییان لەگەڵ دەکات. ئەحمەد خواجە لە لاپەڕە (٩٠)ی بەرگی دووەمی (چیم دی)دا، باسی ئەم شەڕە دەکات، کە چۆن ئاسوری ولیڤی هیچیان بۆ نەکراوە و داوای فڕۆکەیان کردووە و دەڵێت: (دوو فرۆکەیان بۆ هات لەگەڵ گزنگی هەتاودا بەنگاهداری فڕۆکەکان روو بە سلێمانی چوارتایان بەجێهێشت لە بناری گۆیژەدا بەرەنگاری سوارەی هەمەوەند ـ سابیر ـ بوون. گاڵەیان پێ کردن، چونکە فرۆکە توانای هیچ کارێکی پێنە ئەکرا تا نزیکەی بانگی ئێوارە جەنگ بەگەرمی درێژەی بەست لە تاریکەدا سوارەکان کشانەوە بۆ سیتەك ئەوانیش لە ئەزمرەوە سەریان دەرکرد، لە هەمەوەندەکان (٤)بریندار و (٦)ئەسپ کوژرا لە ئاسورییەکان: بریندار و کوژراویان بەجێ نەما: بەلاّم بەپێی نامەی باوەرپێکراوان لە سلێمانی (٢٠) کوژراو (٣٠) برینداریان بوو بوو لە پاشدارەکەیان (١٠) ئیستر بەباری فیشەك و کە لووپەلەوە گیرابوو، لەم جەنگە خوێن رژاندن و ترسناکەدا فڕۆکە نەیتوانی هیچ چەپۆکێك بووەشێنێت).[1]

---

[1] چیم دی: ئەحمەدخواجە، بەرگی دووەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی لا٨٩- ٩٠

کەریم بەگیش (٣)رۆژ سەر جادەی ئەزمر کۆنترۆڵ دەکا، دوای ئەوەی هێزەکانی دوژمن لەبەردەم هەڵمەتەکانی سابیربەگ و سوارەکانیدا خۆیان رانەگرتووە هێزێکی گەورەتریان کۆکردوەتەوە و بەرەو ناوچەکانی چوارتا و کە ناروێ هێرشیان دەست پێکردووەتەوە. سابیربەگ لەگەڵ کەریم بەگدا سێ رۆژ سەرجادەی ئەزمڕ کۆنترۆڵ دەکەن.

شەوی (٢٥/٢٦ی مایسی ١٩٢٤) بەهۆی توندوتیژی سیاسەتی ئینگلیزەکانەوە (شێخ مەحموود) و لەشکری کوردستان شاری سلێمانیان چۆڵ کردووەتەوە و رووە و دۆڵی (سورداش) کەوتوونەتە رێ. بۆ روو بەڕوو بوونەوەی هێرشەکانی دوژمنیش بە تەنها (کەریم بەگ) و (سەید محەمەدی موفتی )لە ناو شاری سلێمانیدا ماونەتەوەو سوارەکانیان بەهەر چوار لادا دامەزراندووە.




شێخ لەتیفی حەفید لە لاپەرە (١١٧)ی یاداشتەکانیدا، سەبارەت بە خۆڕاگری (کەریم بەگ) و(سابیربەگ)ی کوڕی لە بەرامبەر بۆردومانی فڕۆکەکانی ئینگلیزدا دەڵێت: دوای ئەوەی کە شێخ و پێشمەرگەکانی، سلێمانییان چۆڵ کرد، ئێمەی منداڵ و ئافرەتان خرابووینە ناو ئەشکەوتی وێڵەدەرەوە من بۆ ئەوەی باوکم ببینم بەبێ پرسی دایکم و شێخ سەمەدی دایەنم هاتمە سلێمانی، ماڵ وکۆچێکی زۆرم بینی شاریان بەجێ دەهێشت، گریانی ئافرەت و هاواری منداڵ، تابلۆیەکی

ترسناك و خەمناکی نەخشاندبوو، جگەلە سەربازانی کوردستان و پاسەوانان، کەسی دی تێدا نەبوو پاسەوانەکان منیان بردە لای سەروەکی هێزەکە، کە سەیید محەمەدی موفتی وکەریم بەگی فەتاح بەگ بوو، پاش ماوەیەك دایەنەکەم و چەند چەکدارێك هاتن بە شوێنمدا بەڵام من بۆ باوکم دەگریام.

کەریم بەگ وتی: پێویستە ئەم منداڵە لە شاردا نەمێنێت، چونکە بەیانی هێزی پەڕەشووت دادەبەزێت وئێمەش ئامادەی شەڕێکی گەورەین، بەیانی (٣١)ی مایسی (١٩٢٤) سەعات (شەش و نیو)ی سەرلەبەیانی (هەژدە) فڕۆکە بەرەو سلێمانی هاتن و دەستیان بەبۆردومان کرد.



شاعیری نیشتمان پەروەر (حاجی میرزا عەبدوڵڵا)ی سەقزی بۆ یادی ڕاستگۆیی وپاکی و بێ هاوتایی و ڕەفتار جوانی و خۆڕاگری کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند لەو بۆردومانە سەختانەدا دەڵێت :

یـــــاران بـەخودا ئەمڕۆکـە ئـەوقاتی دوعایـــــــــــە

بـــــۆ زاتـی (مـەلیك) چـونکە شـەووڕۆژ لـە غەزایـــــــــە

تـەیارە هەموو لەحزە لـە کـەرکوك و لـە بـــــــــــەغدا

**بـــۆ کۆمەکی ئینگلیزە بەچەرخـــــــــــە لـە سەمایـــــــــــە**

**هـــــەردێت و دەچێ خۆی دەنوێنـــێ بـــــــــە هـەموو ڕەنـگ**

**قابیل نی یە ئـــــــەم ئیشـە هـەموو مـــەیلی خودایـــــــــــە**

**بـــــۆ دەفعی بـەڵا حـــــەزرەتی (عثمانـە) دوعــــــــا گـۆی**

**دڵ دۆزی (عدو) تیری عـــــەلی شـیری خـــودایـــــــــــــە**

**بـــــۆ چـەتری سـەری حـەزرەتی کـاك ئەحـــمـــــەدە دایـم**

**دوشمن بـــــە مـەلیك دوشمـن دۆسـتانی خـــودایـــــــــە**

**بـــــــۆ کۆمەك و یـەك ڕەنگـی خـودا حەقـە کـەریم بـەگ**

**بێ میسل و نـەزیر بـــــــــوو لە جیهاندا کە وەهایـــــــــە .**[1]

جگە لەو هۆنراوەیەی سەرەوەی نێو دیوانەکەی شاعیر، هەڵدانەوەی پێشەکی کەم کتێبی مێژوویی وئەدەبی جیهانی هەیە، بەو شێوەیە باسی پاکی وئازایەتی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند و سابیربەگی کوڕی نەکردبێت، هەروەکو(بێتوشی) شاعیر کە یەك دێڕ هۆنراوەی بە زوبانی شیرینی کوردی هەیە، ڕێك دەڵێی بۆ پاکی و بێگەردی و ڕەفتاری جوانی کوردانەی کەریم بەگ وکوڕەکانی نووسیوە کە دەڵێت:

**لــە دیباچــەی کیتــابی حوســنی عالــەم هــەر وەرەق لادەم**

**دەبینم مبحثــی وەســفت لــە هــەر فەصــڵێ لــە هــەر بــابێ**

لەو ڕۆژە ڕەش و ترسناکانەدا هەواڵ گەیشتوەتە (کەریم بەگ) کە هەندێك لە گوندنشینەکانی ناوچەی (سورداش) بەفیتی ئینگلیزەکان بوونەتە نەیاری (شێخ مەحموود) و شۆڕش، سابیربەگی بە (١٥٠) سوارەوە ناردووە بۆ سەرکوت کردنیان،

---

[1] گۆڤاری کاروان: ژ (٢٦)، چاپخانەی دار افاق عربیە، تشرینی دووەم ١٩٨٤، شێخ مەحمودی حەفید، نووسینی لەتیف بەرزنجی، لا٧

نەیارەکان لەبەردەم هەڵمەتی سابیربەگ و سوارەی هەمەوەندا چەند کاتژمێرێك زیاتر خۆیان رانەگرتووە، بە دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆر لێیان لە هەموو لایەکەوە سەرکوت کراون لە دوای ئەوەی کە شێخ مەحموودیش لەرۆژی (٢٥ی مایس)دا بە نامە ئاگاداری کردبوونەوە کە دەست لە دژایەتی کردنی هەڵگرن.

بەهۆی بۆردومانی چڕی ئینگلیزەکانیشەوە ، دووبارە خێزانی (کەریم بەگ) ئاوارەی ناوچەکانی (هەورامان) و (دزڵی) بوونەتەوە. دوای چەندین بۆمبابارانی دیکە، ئینجا ئینگلیزەکان توانیویانە لە رۆژی (١٨ی تەمموزی ١٩٢٤)دا، بێنەوە ناو شاری سلێمانی و داگیری بکەنەوە. لەبری ئاوەدانکردنەوەی شاروگوندەکانیش بۆمبای تەوقیت کراویان بە دیاری بۆ هێناون، (سەمەد زەنگەنە) لە واڵەکەی خۆیدا وتەیەکی (مام جەلال)ی، داگرتووە. سەبارەت بەو شارستانییەتانەی کە ئینگلیزەکان بۆ کوردیان هێناوە دەڵێت: (من گەلێکم کتێب خوێندووەتەوە لەسەر هندستان، لە هندستان سەرکردەیەکی مەشهوریان هەبوو، ناوی (جەواهیر لال نەهرۆ) بوو، ئەو جەواهیر لال نەهرۆیە لە زیندانا یەك تاقە کچی هەبوو، خۆشی دەویست، نامەی بۆدەنووسیّ و دەیەوێت تاریخی دونیای بۆ باس بکات، لەسەر کورد شتی زۆر جوانی نووسیوە، بۆ نموونە: لەو شتانەی لەسەر کورد نووسیوویەتی: (ئەو مەدەنییەتەی ئینگلیز بۆ کوردستانی برد ئەو بۆمبایانە بوو کە تەوقیت دەکرا و فڕێدەدرایە گوندەکانیان، بۆئەوەی بەرۆژ کە دەچوونە دەریّ، کاتی گەڕانەوە بتەقێتەوە، تا زۆرترین کەس بکوژێت).

ساڵی (١٩٢٥) کەرکوك بووە بە لیوایەکی سەربەخۆ لە (چوار) قەزا پێکهاتووە (قەزای ناوەند، کفری، چەمچەماڵ، گل).[١]

---

(١) گۆڤاری حەمرین ژمارە (٢)، چاپخانەی ڕوون، هاوینی ١٩٩٩، منطقة کرکوك ومحاولات تغیر واقعها القومي، نوسینی د. نوری تالەبانی، و. محمد شێخ عزالدین، لا١٢٩

بەپێی بەڵگەنامەی ئینگلیزەکان (کەریمی فەتاح بەگ) و (سابیربەگ)ی کوڕی بەشداری چەند شەڕێکیان کردووە و بەشێکی زۆر لە چەکدارەکانی شێخ لەو شەڕەدا لەژێر فەرمانداری ئەواندا بوونە و لە (حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٥)دا، لە نزیك کەناروێ رووبەڕوی هێزی ئینگلیزەکان بونەتەوە. بۆیە ئینگلیزەکانیش هەمیشە هەوڵی لەناوبردن و خامۆش کردنی بزوتنەوەکەیانیان داوە.

ئەم بروسکەیەش لە ڕۆژی (٧ی تەمووزی ساڵی ١٩٢٥)دا، لە پێنجوێنەوە ڕەوانەی بەغداد کراوە و پاشان بۆ لەندەن کە دەڵێت: (ئیمڕۆ بەیانی شێخ مەحمود بە یاوەری کەریم بەگی فەتاح بەگ و سابیر لەتەك سەدو پەنجاکەس لەپیاوەکانی بە خەڵوزەدا تێپەڕین کە پێنج میل لەولای ڕۆژهەڵاتی پێنجوێنەوە دوورەو.. شێخ لەتیف و شێخ ڕەوفی لەگەڵبوو. دوێنێ بەهێ خان و شێخ بابەعەلی کوڕی بەهەمان ڕێگەدا تێپەڕین. بەرلەوان ئایشەخانیش، ڕۆژی چواری تەمموز ئەو ڕێگەیەی بڕی، هەموویان بەرەو هەورامان دەڕۆن)[1]. ساڵی(١٩٢٥) سابیربەگ لە(گرێزە) رابەری هێزەکانی هەمەوەند دەکات و شەڕێکی خوێناوی لەدژی سەرهەنگی دووەم (لەورانس) و سوپای ئینگلیزەکان دەکات کە جافی هارونی ورۆخزایی و شاتریش لەو شەڕەدا بەشدار دەبن.

(جۆن گلیبەرت براون) فەرماندەی هێزەکانی بەریتانیا سەبارەت بە رابەرایەتی کردنی ئەو شەڕە لە لایەن سابیربەگەوە دەڵێت: (ئەو هێزەی هێرشی کردەسەر سەرهەنگی دووەم لەورانس ـ Lieut. Colonel Lawrence بریتی بوو لەپیاوە تایبەتییەکانی شێخ مەحمود، هەروەها هەندێ لە تیرەی هەمەوەند

---

[1] ڕۆشنبیری نوێ: ژ(١٣٥)ی ئاداری ساڵی ١٩٩٥ بەڵگەنامەیەکی نهێنی بایەخدار دەربارەی هەڵوێستی ئینگلیز بەرامبەر شێخ مەحمودو بزوتنەوەکانی، نووسینی د.کەمال مەزهەر، لا٣٧

بەڕابەری سابیری کوڕی کەریم فەتاح بەگ، کۆمەڵانی خێڵی شاتری، ڕۆخزایی و جافی هارونی و ژمارەیەك لەخەڵکی ناوچەکە و گوندەکانی ئەو دەوروبەرە)[1]



فەرماندەی هێز: جۆن گیلبەرت براون

لەدوای سەرکەوتنەکانی سابیربەگ لەو شەڕەدا ، ئینگلیزەکان دەست دەکەن بە سوتاندنی گوندەکانی ئەو دەورووبەرە ، هەروەکو (جۆن گلیبەرت)* براون دەڵێت: (لە ٢٧مایسی ١٩٢٥دا سوپاکە بە هەیاس، مووان، بێستان سور و عەربەتدا دەستیکرد بە گەڕانەوە، هەموو ئەو گوندانەی سوتاند، کە لە هێرشەکەدا بۆ سەر سوپاکەی لەورەنس - Lawrence بەشدارییان کردووە).[2]

شێخ لەتیفی حەفیدیش لە یاداشتەکانیدا دەڵێت: (لە سەرەتای بەهاری ١٩٢٥ دا، لە دژی مەحموود، لەشکرێکی زۆرکۆکرایەوە بەرەو ناوچەکانی سلێمانی و

---

(١) جۆن گیلیبەرت براون : هـ. س. پ, لا١١٩.

* جۆن گیلبەرت براون: فەرماندەیەکی هێزی ئینگلیزەکان بووە، نووسەری کتێبی لیڤییەکانی عێراقە، خەلاتی سانت مایکڵ وسانت جۆرج، خەلاتی فەرماندەی ئیمپراتۆریای بەریتانی، خەلاتی خزمەتگوزاری هەڵکەوتووی وەرگرتووە. لا٧

(٢) جۆن گلیبەرت براون : هـ. س. پ, لا٢٩

کەرکووك بوونەوە، بە ئامانجی هێرش بردن و پەلاماردان هێزێکی لیڤی گەورە، بە یارمەتی چەند فڕۆکەیەك، دوای شەڕێکی سەخت هاتنە چووارتاو لەوێشەوە هێرشیان هێنا بۆ (کەناروێ)، کە بارەگای شێخی لێ بوو، پاش شەڕێکی خوێناوی، فڕۆکەیەکی دوژمن پێکراو، خرایە خوارەوە، زیانێکی زۆر لە سوپای دوژمن کەوت و سوپای کوردیش دەسکەوتێکی باشی هەبوو. لەشکری داگیرکەر، بە شکاوی بەرە و چوارتا، گەڕایەوە، بەلاّم بەداخەوە هەست بەئازایی کردن، وای لە کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەندو شێخ محەمەدی سەییدە بچکۆڵە کرد، کە ڕێگای ئەزمڕ لە دوژمن بگرن و دوای سێ ڕۆژ شەڕی خوێناوی لەشکری کورد کشایەوەو دوژمن کەناروێ ی سووتاند).[1]

محەمەد ڕەسوڵ هاوار سەبارەت بەو شەڕ دەڵێت: (لەکەناروێ هێزێکی لیڤیی ئاسوری بەشاڵ و شەپکی بادینانییەوە نێرران بۆ ئەوەی شێخ مەحموود بگرن، بەلاّم لە شەڕێکدا کە لە چوارتا ڕوویدا زۆریان لێ کوژراو لەشکری لیڤیی و ئاسوری بەشکاوی لەچوارتاوە گەڕایەوە بۆ سلێمانی. لەبناری گۆیژە و لە ئەزمردا سوارەی هەمەوەند بە سەرکردایەتی کەریم بەگی هەمەوەند بەرەنگاری ئەو هێزی لیڤی ئاسورییە بووەوە و ژمارەیەکی تر لەو ئاسورییانە کوژران و ١٠ باری ئێستر فیشەك دەستگیری شۆڕشگێڕان بوو).[2] بەو شێوەیە مێژوو شاهیدی دەدات و دەیسەلمێنێ، کە هەڵوێستی کەریم بەگ و سابیربەگ لە بەرامبەر داگیرکاران و دوژمناندا مەردانە بووە و زێڕو زیو و روپییەی دوژمنانیان بە لاوە بێ بەها بووە و

---

[1] یاداشتەکانی شێخ لەتیف: ه. س. پ، لا١٣٠

[2] شێخ مەحموودی قارەمان ودەوڵەتەکەی خواروی کوردستان: م.ر.هاوار، بەرگی دووەم، لە چاپکراوەکانی بلاك رۆز، لەندەن-بەریتانیا١٩٩١، لا٥٦٣

نەبوونە بە نۆکەری بێگانەو( قانع) ئاسا پارێزگاریان لە شاری سلێمانی و بناری ئەزمڕو گۆیژە کردووە، کە دەڵێت:

**لاوی کوردم! مردنت زۆر چاکترە تا ژینی وا**
**ئەجنەبی بێت و لە گۆیژە بێت بە فەرمانداری تۆ**
**خوێنی هاو خوێنت ئەڕێژێ، نۆکەری ئەگریتە دەس**
**هەی سەگم بەردایە زێڕو، لیرەو دیناری تۆ ..**
**یادگاری هۆزی "ماد"ە، داوەشێی بۆ مامەڵەت**
**لاپەڕەی مێژوو ئەنوسێ لە عنەت و ڕەفتاری تۆ[1]**

میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی باسی پاڵەوانێتی (کەریم بەگ) لەو شەڕەدا دەکات ودەڵێت: (خەتی مواسەلات و (سوق الجیشی دەوڵەتی) لە هەموو بارێکەوە تەهدید کرد. مەرکەزی ناحیەی (سورداش، خورماڵ، عەربەت، قەرەداخ، بازیان، سروچك)ی خستە ژێرسەیتەرەوە. بەو مناسەبەتەوە لە(چوارتا و سنجلی و کەناروێ) شەڕێکی زۆر بەهەیبەتی لەگەڵ هێزی دەوڵەتیدا کردووە. لەناحیەی (عەربەت)یشەوە دای بەسەر ئۆردووی دەوڵەتی و بە کوشتارێکی فاحش گێڕاینە دواو پاڵەوانی ئەم مەعرەکەیەش (کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند و خەلیفەیونسی جافی ڕوخزایی) بوون، حەقیقەتەن مقاوەمەتێکی دلێرانەیان لەمێژوی کورددا تەسبیت کرد)[2].

---

[1] دیوانی قانع :برهان قانع کۆیکردۆتەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ــ ت ١٩٧٩، لا١٧٠.

[2] میرزامحەمەد ئەمین مەنگوڕی: حەقائقی بەسەرهاتی شێخ مەحموود لە پەنای ئیستیقلالی کوردا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی ـ ٢٠٠٣، لا٢٢.

تێك شكاندنی هێزەكانی لیڤی و ئاسوری لەلایەن كەریم بەگەوە، وای لەئینگلیزەكان كردووە، پەنا بۆ هێزی ئاسمانی بەرن. هەروەكو جۆن گلیبەرت براون لەو بارەیەوە دەڵێت: (لە٤/حوزەیران/١٩٢٥، گوندی سیتەك لەلایەن هێزی ئاسمانی پاشایەتیەوە بۆردومانكرا).[١]

سابیربەگ هەمیشە لە خزمەتی كۆمەلانی خەڵكدا بووە و لە خۆشی و ناخۆشییەكانیاندا بەشداربووە و لە رۆژگارە سەختەكاندا بە هانایانەوە چووە و پارێزگاری لێكردوون. لەكاتی بۆردوومانە سەختەكەی گوندی (سیتەك)دا، كە خانووەكان گڕیان گرتووە، سابیربەگ بەكۆڵی خۆی كەل و پەلی خەڵكە هەژارەكەی لە ماڵەكانیان هێناوەتە دەرەوەو لە سووتان پاراستوویەتی.

ساڵی (١٩٢٥) ئینگلیزەكان هەرچی هێزی ئاسمانی و پیادە و سوارەیان هەبووە لە دژی كوردی هەژار بە كاریان هێناوەو كوردستانیان خاپوور كرد هەر بۆیە كەریمی فەتاح بەگ و كوڕەكانی بڕیاریاریانداوە لەبری یادكردنەوەی جەژنەكانی بەهار و نەورۆز و سەری ساڵی كوردی لە ساڵی (١٩٢٥)دا، لەگەڵ مەلیكی كوردستاندا یاداشتێك بدەنە كۆمەڵەی گەلان و داوای مافی رەوای گەلەكەیان بكەن. كە ئەمە دەقی ئەو بروسكە و یاداشتنامەیەیە، كە شێخ (لەتیف)ی حەفید لە لاپەڕە (١٣٧ ـ ١٣٨)ی یاداشتەكانیدا لە ژێر ناوی ( بروسكەی شۆڕشگێڕانی كوردستان)، بەسەرۆكایەتی شێخ مەحموود، بۆ وڵاتە گەورەكان وكۆمەڵەی گەلان نێردراوە كە دەڵێت:

ژمارەی بروسكە: ٥٢٣

لە ٢٠/٣/١٩٢٥دا

بۆ مەقامی بەرزی سەرەك وەزیرانی ئێران ـ تاران ـ وێنەیە بۆ:

---

[١] جۆن گیلبەربراون : هـ. س. پ، لا٢٩٦

وەزیری ناوخۆی ئێران

باڵوێزخانەی ئەمریکا

باڵوێزخانەی تورکیا

باڵوێزخانەی ئیتالیا

باڵوێزخانەی ڕووسیای سۆڤێتی

باڵوێزخانەی دەوڵەتی فەرەنسا.

ئێمە کە خەڵکی کوردستانی خوارووین، لە یەکەمین جەنگی جیهانی یەوە، داوای مافی نەتەوایەتیمان لە ئینگلیز دەکەین، بەرامبەر ئەم داواکردنەمان، بەهۆی هێزی ئاسمانی و لە شکرەکەیانەوە قڕیان تێ خستین. تەنانەت ڕێگای هاوارو وشکانیشیان لێ گرتین، لە مانگی مایسی ١٩٢٤دا، حکوومەتی ئینگلیز، هەموو جۆرە چەك و کەرەسەیەکی جەنگی دژمان بەکارهێنا، بە ئامانجی داگیرکردنی کوردستان و بەستنەوەی بە ڕەوڕەوەی عێراقی عەرەبییەوە. ئەو کوشتار وێرانکاری و زۆرداریيەی بە سەر وڵاتەکەماندا هات، گشتی بەناوی مافی مرۆڤایەتی یەوە بوو، دوور لە هەموو یاسایەکی مەدەنی. بۆئەوەی بە چاوی خۆتان ئەم ڕاستییانە ببینن، داواتان لێ دەکەین هەیئەتێکی دادپەروەرانە بۆ کوردستان بنێرن.

سەرۆکی شۆرش و حوکمداری کوردستان

شێخ مەحموود

نوێنەری بنەماڵەی بابان

ڕەزا

سەرۆکی بەلەدی یەی سلێمانی

سەییدکەریم سەییدئەحمەدبابارەسوڵ

سەرۆکی ساداتی قەرەداغ

غەریب

لە سەرۆکەکانی پشدەر

ئەمین بەگ زادە ،ئەحمەد

لە سەرۆکەکانی پشدەر

عەلی ئاغازادە محەمەد

سەرۆکی عەشیرەتی پشدەر

حاجی ڕەسوڵ ئاغا

هۆزنشینی عەودالآن

حسامەدین

نوێنەری رەواندز

ئەحمەد مەدحەت

بابەرەسوڵ  زادە سەیید نوری

سەرۆکی تەریقەتی قادری یە

هۆزنشینی تەکیەی کربچنە

سەنگاو-کەرکوك

شێخ عەبدولقادرزادە

سەییدحسێن

موفتی زادەی سلێمانی

محەمەد

سەرۆکی عەشایەری سەلاحی یە

فەتاح

قایمقامی ڕانیە

حاجی سەیید حەسەن

عەبدوڵڵا

سەرۆکی هۆزی هەمەوەند

"عەبدولکەریم"*

سەرۆکی هۆزی سمایل عوزێری

حەسەن

لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی پشدەر

رەسوڵ ئاغا زادە ئەحمەد

لە ئەشرافی سلێمانی

ئەحمەد پاشا زادە عەبدولڕەحمان

سەرۆکی ساداتی بەرزنجە

سەییدئەحمەد[١].

ئەم یاداشـــــته دەنگۆیەکی باشی لە وڵاتانی دراوسێ وجیهاندا داوەتەوەو گرنگی پێدراوە، ئەوەتا وێنەیەك لە هاوشـــــێوەی هەمان بەڵگەنامە لەکتێبەکەی کەمال نوری مەعـــــروفدا هاتووە، کە واژۆی کەریم بەگی لەسەرە ئەمەش دەقەکەیەتی:

بۆ باڵیۆزخانەی بەرزی تورکیا لە ئێران

* عەبدولکەریم: مەبەست کەریم بەگی فەتاح بەگی سەرۆك هۆزی هەمەوەندە.

[١] یاداشتەکانی شێخ(لەتیف)ی حەفید، لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی حەفید، لەبلاۆکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ساغکردنەوەی کەمال نوری مەعروف، چاپی یەکەم ـ ١٩٩٥، لا ١٣٧، ١٣٨

وێنەیەك بۆ باڵیۆزخانەی بەرزی ئەمریكا لە تاران.

وێنەیەك بۆ باڵیۆزخانەی بەرزی سۆڤیەت ـ روسیا لە تاران.

وێنەیەك بۆ باڵیۆزخانەی بەرزی فەرەنسا لە تاران.

وێنەیەك بۆ باڵیۆزخانەی بەرزی ئیتالیا لە تاران.

وێنەیەك بۆ سەرۆك وەزیرانی حكومەتی بەرزی ئێران ـ تاران .

لەپێش هەمووشتێكدا بەگوێرەی ئەوبروسكانەی كە مێژووی جیاجیایان لەسەرە، حكومەتی ئینگلیز بە هێزی ئاسمانی و وشكانی. لە كوردستانی باشوور زیانیان بە هاوڵاتی گەیاندووەو وڵات و گوندەكانیان وێرانكردووە. داواكراوە چارەیەك بۆ ئەمە بدۆزنەوە و ئەم زوڵمە لەسەر خەڵكە بێچارە و ئاوارەبووەكە كۆتایی پێ بهێنرێت. ئەم جارەش ئەم زوڵمەش كرا، كە زیانێكی زۆری لێكەوتۆتەوە. بەشێك لەو كەسانەی لایەنگری عێراق نین بە بۆردومانی فڕۆكە ترسێنراون و هەندێكیان سیاسەتی گرنگ (.. .. .. ).

لەناو سلێمانیدا خێزانێكی زۆرو بێ توانا بڕیاریانداوە بەرە و كەركووك و وڵاتە دوور و هاوسێكان بڕۆن.

ئەمڕۆ لەژێر زنجیرەی ئەسارەت كەركووك (.. .. ) ماونەتەوە. كە میللەتێك داوای مافی میللی خۆی بكات لەم سەردەمی مەدەنییەتدا لەپێناو ئەمەدا تووشی كارەسات و فەلاكەتێكی ئاوا (.. .. .. ). دیاردەیەكە بۆ رزگاربوون.

ئەمە یەكەمجارو دوا عەرز (.. .. ) بەوە بەبێ شەڕ لەلایەن حكومەتی بەریتانیاوە داوای بەجێهێشتن بە سیاسەتی فێڵبازییان كە كوردستانی باشووری خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆی دەمێك (.. .. .. )، رزگارمان بكەن و مافی میللیمان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆتان، بە حەماسەتەوە داوای ئەمەتان لێدەكەین.

حكومەتی باشووری كوردستان ـ سلێمانی

شێخ و ساداتی هەموو سەنگاو، سەیید یاسین

بەناوی سەرجەم ساداتی بەرزنجەوە

سەرۆکی ساداتی هەموو قەرەداغ

لە سەرۆکەکانی پشدەر، عەلی ئاغا

بەناوی هەموو عەشیرەتی پشدەرەوە، حاجی رەسوڵ

نوێنەری رەواندوز ئەحمەد مەدحەت

شێخی عەودالأن، عصام الدین

لەپیاو ماقوڵانی سلێمانی ئەحمەد پاشازادە عەبدولرەحمان

نوێنەری کوردستان سەیید ئەحمەد

بەناوی هەموو بەگزادەکانی بابانەوە، بودغی؟ بودغی؟ بودغی؟!

بودغی سەرۆکی گەلاڵی تۆفیق

لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی جاف رۆستەم

لە سەرۆکەکانی پشدەر بودغی ئەحمەد

سەرۆکی عەشیرەتی "هەمەوەند"*.

"بودغی" حەسەن

سەرۆکی ئیسماعیل عوزێری

لەقاموسی عوسمانیدا (بودغی)نەبوو، رەنگە لەدەقی نامە تورکیەکەدا شتێکی تربێت ، بەڵام ناخوێندرێتەوە.[1]

---

* مەبەست لەکەریم بەگی فەتاح بەگی سەرۆك هۆزی هەمەوەندە.

[1] مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە کەمالییەکانەوە، لەبەڵگەنامە نهێنییە تورکییەکاندا، نووسین وساغکردنەوەی کەمال نوری مەعروف، چاپخانەی تاران، چاپی دووەم ـ ٢٠١٨، لا١١٧، ١١٨، ١١٩

ئەمەی خوارەوەش وێنەیەکە لە بەڵگەنامەکەو واژۆی (کەریم بەگی فەتاح بەگ)ی، سەرۆك هۆزی هەمەوەندی لەسەرە.



لەچاوپێکەوتنێکدا(لەتیف تاهیر حەمەومین ئاغا)ی هەمەوەند، سەبارەت بەکەوتنە خوارەوەی فرۆکەیەکی ئینگلیزەکان لەگوندی مەملەحە وتی: (سابیربەگ لە ناوچەی (مەملەحە) فرۆکەیەکی ئینگلیزەکانی خستووەتە خوارەوە و موچەی تێدابووە و دابەشی کردووە بەسەر خەڵکەکەدا)[١].

هێزی ئاسمانی ئینگلیزەکان بەردەوام لە دژی کەریم بەگ و سابیربەگی کوڕیدا درێژەیان بە ئۆپەراسیۆنەکانیان داوە و هەواڵیان پێگەیشتووە، کە کەریم بەگ لە گوندی (داریکەلی)یە، ئەم نووسینەی (جۆن گیلیبەرت براون). ئەو وتەیەی سەرەوەی (لەتیف تاهیر حەمەومین ئاغا) پشت راست دەکاتەوە کە دەڵێت: لە

---

[١] سەروەر ئەحمەد کەریم: چاوپێکەوتن لەگەڵ (لەتیف تاهیر حەمەومین ئاغا)ی هەمەوەند، چەمچەماڵ، کاتژمێر(٤)ی ئێوارە، رۆژی٤/١٢/٢٠١١

١٧ی حوزەیران زانیاری درا، کە لە داریکەلی پەنجا میل دوور لە کەرکوکەوە، سەرهەنگی دووەم ئەلەکساندەر ــ Lieut . Colonel L. Alexander ئەو شەوە لەگەڵ تیپی (A)، کەرکوکیان جێهێشت، بۆ پەیوەندیکردن بە تیپی (B)ە وە بە فەرماندەی سەرتیپ ــ Captain کینایرد Kinnaird لە چەمچەماڵ لە سەعات ٠٤:٠٠، لە ١٨ی حوزەیراندا ئەو ویستی ئۆپەراسیۆنەکە بەردەوام بێت، بەڵام لە ٨:٣٠ بەیانی پەیامێکیان بۆ هات دەڵێت: فرۆکەیەکی پۆلی ژمارە (٣٠) لە سەر مەملەحە، کە نزیکەی ٣٠ میل دوورە، لە خاکی دوژمندا کەوتۆتە خوارەوە).[١] هەر وەکو پارێزەر (سەلاح حوسێن ئەحمەد) بۆی گێڕامەوە لەهێرشێکدا، حەمەشەریف ئاغا لەگەڵ (سابیربەگ)دا، دەستیان بەسەر (قۆرەتوو)دا گرتووە و لەگەڵ هۆزەکانی تردا بەشداری گرتنی ناحیەی قەرەداخیان کردوە و دواتر لە ڕۆژی ٤/٨/١٩٢٥دا ناحیەی ڕەباتیان گرتووە.


حمەشەریف ئەمین ئاغا

هەروەها (حەمە شەریف ئاغا) بەتاقی تەنهاش بەسواری ئەسپەکەی (کەریم بەگ)ەوە، هێرشی کردووەتە سەر ڕەبایەیەکی ئینگلیزەکان لە سەر ئەو قەلایەی نزیك باشوری ڕۆژهەلاتی(کەنەکەوە) و دەستی بەسەر ڕەشاشێك وسەربازەکەی سەریداگرتووە.

---

(١) جۆن گیلیبەرت بڕاون: ھ س پ لا ١٤٣، ١٤٤

## سابیربەگ بە تەنها لە کۆڕی خەباتدا دەمێنێتەوە

لە ساڵی (١٩٢٧)دا، شێخ مەحموود لەگەڵ حکومەتی عێراق و ئینگلیزەکاندا ڕێك کەوتووە، هەموو شۆڕشگێڕانی کوردستان لێبوردنیان بۆ دەردەچێت و تەنها (سابیربەگ) لە شاخ بێ پشت و پەنا دەمێنێتەوەو لێبوردن نایگرێتەوە.

هەروەکو لەم یاداشتەی (کورنوالیس)دا، هاتووە کە داویەتی بە وەزارەتی ناوخۆ (وەزارەتی ناوخۆی عێراق) .

دۆکیومەنتی ژمارە:

٩٦_ c.o.٧٣٠ ڕۆژی ١٩٢٦/١٠/٢٦

سڕی/no.c٢٩٢٦

sl ١ ٢٧

لە خاڵی (١٩) ـ برگەی (ج)دا، هاتووە: (ئەوانەی لەگەڵ شێخ مەحموودان و دەیانەوێ بگەڕێنەوە دەبێ ئەوانیش شتێکیان بدرێتێ تەنها سابیری کوڕی کەریم بەگی هەمەوەند نەبێ).[1]

سابیربەگ لەگەڵ عەبدوڵڵابەگ و ئەحمەدبەگی برای و ئەمینی حەمەی ئیمام و براکانیدا بە هەڵکردنەوەی دووبارە ئالاّی کوردستان وبەرزکردنەوەی دروشمە کوردانەکەی (کەم بژی و کەڵ بژی)کەریم بەگی باوکی لوتکەی کێوەکان بەرناداو نایەڵی ئالاّی کوردستان بکەوێتە سەر ئەرز. کاتێك ڕوودەکاتە ماڵی (حەمەشەریف بەگ)، لە گوندی(وەیسە) لە ناوچەی (مەریوان)، حەمەشەریف لە ماڵ نابێت، سابیربەگیش ئەم دێڕە هۆنراوەیەی وەکو تانە لێدانێك لە

---

[1] محەمەد ڕەسوڵ هاوار: شێخ مەحموودی قارەمان دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم ـ ١٩٩١،ل٦٨٩، ٦٩٦

شۆڕشی(شێخ مەحموود) و ئاوارەبوونی خۆی و هاوەڵەکانی لەسەر دەرگا تەختەکەیان هەڵدەکۆڵێت و دەنووسێت:

**منم بە تەنها ئاوارەی وەتەن ناوم سابیرە و ئەصڵم هەمەوەن**

هەروەکو دەڵێن: ئەو دەرگایە، تا ئەم دواییانەش هەر ماوەتەوە، کە دەرگایەکی تەختەی دوودەری گەورە بووە، (حەمەشەریف )کوردپەروەر بووە و لەکاتی ئاوارەیی دا، مەردانە هاوکاری شۆڕش و شۆڕشگێڕانی کوردی کردووە.

شێخ لەتیفی حەفید لە لاپەڕە (١٦٠)ی یاداشتەکانیدا دەڵێت: (هێندەی نەخایاند هەواڵ گەیشت کە ئۆردووی ئێران گەیشتە دێی ئاسکۆڵ، لێرەدا حەمەشەریف بەگی وەیسە فریامان کەوت و لەگەڵ شێخ محەمەدی شێخ عەلی پەلاماری ئۆردووەکەیاندا، بەڵام لەشکری عەجەم، دیسانەوە شەڕی نەکرد و گەڕایەوە دواوە). هەروەها لە لاپەڕەدا (١٥٣)دا سەبارەت بە (حەمەشەریف بەگ) دەڵێت: (گەنجێکی جوان خاس و مەردبوو، بە پێچەوانەی حەمەرەشید بەگی کاکی یەوە بوو، لەدەست پێکردنەوەی شەڕەوە تاکۆتاییەکەی، بەماڵ و چەکەوە، لەپێناوی شۆڕشی کورد و دڵسۆزی تایبەتی بۆ شێخ، خۆی بەختکردبوو).

عەبدوڵلاخانی تەهماسبی وەزیری جەنگی ئێران نامەیەکی هەرەشە ئامێز بۆ شێخ دەنێرێت لەکاتێکا کە ئۆردوویەك دەنێرنە قەڵای مەریوان و ئیتر بارودۆخی شۆڕش تێکدەچێ پوختەی نامەکەش بەم شێوەیەیە: (سیادەتی شێخ مەحموودی حەفید دوای عەرزی ئیحتیرام، ئامۆژگاریت دەکەم کە بەزووترین کات خۆت بەم سەرکردایەتییە بناسێنە و وەرە بۆ ئێرە، ئەگینا دەرگای دۆستایەتیت لەسەر دادەخەین و بەرامبەرت دەجەنگین).[1]

---

[1] یاداشتەکانی شێخ لەتیف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا١٥٥

شێخ مەحموود دەکەوێتە هەوڵی کۆکردنەوەی لەشکرەکەی و لەکۆتایی بەهاری (١٩٢٦)دا، نامەیەك دەنووسێ و وێنەی دەداتە سەرکردەی هێزەکانی وەکو (سابیربەگ و سەید محەمەدی جەباری و حەمەشەریف بەگی وەیسە و شێخ محەمەدە بچکۆڵە) و هێزی (سۆفیەوەن) و هێزەکانی دیکەش، کە ئەمە دەقەکەیەتی: (ئەولادە خۆشەویستەکانم، سەرکردە و سەربازەکانی شۆڕشی کوردستان. دوای سەلام جارێکی دی، دەستی خیانەت، خەنجەری خۆی وەشاند، وا لەهەموو لایەکەوە، ئۆردووی ئێران، بەهاوقەولی عەشایەرە دۆستەکانمان هاتوونەتە سەرمان، ئۆردووی ئینگلیز و عێراقیش لە پێنجوێن مۆڵیان خواردووە، لە هەموولایەکەوە گەمارۆی بارەگای شۆڕش و خێزان و ماڵ و منداڵیان داوین، وەزع زۆر لە مەترسیدایە، پێویستە بەزووترین کات بگەڕێنەوە لامان. لەرێگەی کانی مانگاوە بەرەو دێی ئاسکۆڵ و وەیسە وەرن، بەڵکو دەرسێکی وای ئەوبێ پەیمانانە بدەین کە لەبیریان نەچێتەوە، ناموس و ژیان لەچنگی ئەو هێزە نامەردانە رزگار بکەین).[١]

مەحموود

---

[١] یاداشتەکانی شێخ لەتیف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٨

## داستانی شیوی قوڕاوە

سابیربەگ سوارچاكێكی چاپوك و ئازای مەیدانی كوردایەتی و پلەوپایەیەكی كۆمەلاّیەتی بەرزی هەبووە، خۆشەویستی كۆمەلاّنی خەڵكی كوردستان بووە و تابڵێیت دەستكراوە و ئازا بووە.

لەمەیدانی شەڕەكاندا، هەمیشە دەستكراوە و بەهەڵمەت بووە و سەركردایەتی چەندین شەڕی یەكلاكەرەوەی كردووە و زۆرجاریش بەشێوەی پارتیزانی دابەزیوەتە ناوچە مەترسیدارەكان و دەستی لەهێزەكانی دوژمن وەشاندووە. لەگرنگترینیان شەڕی شیوی قوڕاوەیە، كە لە گەڵ دەستەیەك لە سوارە هەڵبژاردەكانی لەسەر سنوورەوە بەمەبەستی دەست وەشاندن لە هێزەكانی دوژمن بەرەو ناوچەی چەمچەماڵ دادەبەزن و لەشیوی (قوڕاوە) لەنێوان تەكیەی كاكەمەند و ئاغجەلەردا كۆدەبنەوە بۆ ئەوەی لەسەر رێگەی (تەكیە ـ چەمچەماڵ) چالاكییەك ئەنجام بدەن، بەلاّم دوژمن پێ دەزانێت كە ئەمان لەو شیوەدا ، بۆلێدانی هێزەكانیان لە دارشتنی بەرنامە دان . بۆیە بە هێزێكی سەد كەسییەوە هێرش دەكەنە سەریان.

خوالێی خۆشبێ (كەریم كاكەمەند) هەمەوەندی لەتیرەی رەشەوەند، شارەزاییەكی باشی لە مێژووی هەمەوەند و كەریم بەگ و سابیربەگدا هەبوو لە چاوپێكەوتنێكدا بۆی گێڕامەوە: (بەڕێوەبەری پۆلیسی كەركوك (ئەسعەدبەگ) بە هێزێكی (١٠٠)كەسییەوە هاتە تەكیەی خوارەوو، نانی بەیانیان خواردوو وتیان: پێویستمان بە شوێنێكی بەرز هەیە بۆ بەرق كردن بۆ چەمچەماڵ، لەوكاتەدا دوو پۆلیسی دیكە لە چەمچەماڵەوە هاتن و نامەیەكیان پێدا، ئیتر رۆیشتن و لە (حاجی الیاس)ەوە خۆیان گەیەندە ماڵی (كوێخا بارام) كە لە قەلاّیەكدا بوو بە دیار شیوەكەوە. (كوێخا بارام) دۆستی (سابیربەگ) بوو، ئەوەندە

فریا دەکەوێ کە بە کوڕە بچکۆڵەکەی دەڵێ: کوڕم فریاکەوە، ئیتر فەتاحی منداڵکار بەڕاکردن خۆی دەگەیەنێتە سابیربەگ و دەڵێ: فریاکەوە مەفرەزەی دوژمن گەیشتە سەرتان. لەو کاتەدا ئەمین حەمەی ئیمام و حەمەعەلی ئیمام و کەریم ئیمام و عابید شەریف خاتوون و تۆفیق حسێن ئاغا لەگەڵ سابیربەگ دەبن).[1] ئەوشیوە شوێنێکی ستراتیژییەوگرد و تەپۆلکەو حەشارگەی سەختی تیا هەڵکەوتووە و چەندین ملەی بەرزی وەك (حوشترمل ـ بەلاڵۆك ـ کرۆسك ـ بێژنگ بەسەر)ی تێدایە، حوشترمل بەرزترین ملەیانەو هەروەکو شارەزایانی ناوچەکە دەڵێن: نزیکەی (١٥٠٠) پێ لە ئاستی چەمەکە بەرزترە، بە گەیشتنی هێزەکەی دوژمن شەر دادەمەزرێ، سابیربەگ ئەسپێکی عوبەیی شێی لەژێردا بووە، کە کەریم بەگی باوکی پێیدابوو، چەمەکە رێگای سەرکەوتنی ولاخی نییە، دەبێت بێتەوە بۆ بەردەم گوندی(تەوەکەڵ) کە (سەرتاف)ی پێ دەڵێن. سابیربەگ روودەکاتە حوشترمل کە ملەیەکی سوورکارە و بەڕووی گوندی (تلیان)دا، دەڕوانێ و لە ناوقەدی ملەکەدا گوللەیەك بەرناوقەدی ئەسپەکەی سابیربەگ دەکەوێ، بەلاّم ئەسپەکە ناکەوێ و سابیربەگ دەگەیەنێتە سەرملەکە و گوللەیەکی دیکە بەرسەری ئەسپەکەی دەکەوێ و دەکوژرێ و (سابیربەگ)یش سێ گوللەی بەردەکەوێ و بریندار دەکرێ، ئەسپە عوبەییەکەشی دەکوژرێ. سابیربەگ هەگبە فیشەکەکەی لەئەسپەکە دەکاتەوەو بەپێوە شەڕێکی وایان لەگەڵ دەکات کە بە تەواوی مەفرەزەکەی دوژمن شپرزە دەکات، پاشان ڕوودەکاتەگردە گەچۆرەکان و لەکونە گەچۆڕەکاندا خۆی دەشارێتەوەو تا پۆلیسەکان لەسەرتافەوە دەگەنەوە نزیکی رۆژئاوا دەبێت. سابیربەگ لەتاریکیدا هەگبە فیشەکەکەی دەدات

---

[1] سەروەر ئەحمەد کەریم، چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم کاکەمەند هەمەوەندی، تەکیەی کاکەمەند، رۆژی ٧/٧/١٩٩٧

بەکۆڵیداو بەو برینداری و شەکەتییە خۆی دەگەیەنێتە ماڵی (کوێخا عەزیز)ی تەوەکەڵ دوای ئەوەی خزمەتی باشی دەکەن ئینجا (شێخ عیسا) دەیباتە ماڵی خۆیان و دواتریش (مەلامارف)ی قشلاخ. کاتێ هەواڵی کوژرانی ئەسپەکەی و بریندار بوونی (سابیربەگ) دەگاتە دوژمن هێزێکی گەورەتر کۆ دەکەنەوە گوند بە گوند بەدوایدا دەگەڕێن، لەو دەمەشدا گوندی (کانی چنار) مەڵبەندێکی پیرۆزی ئایینی بووە، زۆربەی کات بووە بە جێگەی لێقەوماوان و پاراستنی خێزانی هەمەوەندەکان. خوالێی خۆشبێ (شێخ حەسەن)ی کانی چنار، کە لەڕووی کوردایەتی دینداریییەوە، دەوری بالاَی هەبووە، لە خزمەتکردنی گەل و نیشتمان و شۆڕشگێڕانی کورد لە ناوچەکەدا، لە ڕێگەی دۆستەکانییەوە سابیر بەگ دەهێنێتە ماڵی خۆیان و لە سلێمانییەوە داودەرمانی بۆ دەهێنێ و چارەسەری کاتی و خێرای برینەکانی بۆ دەکات، دوای چەند شەو حەوانەوە بۆ جێگۆڕکێ دەینێرێتە ماڵی (ڕەشید فارس خاتوون) لە گوندی (تەژگا)، مەفرەزەکانی دوژمن بە چڕی بەدووی سابیربەگدا دەگەڕێن، هەر وەکو خوالێی خۆش بێت (کەریم کاکەمەند) بۆی گێرامەوە: (میخایل چاوشی ئەرمەنی بەخۆی و مەفرەزەیەکەوە دەگەنە ماڵی (ڕەشید فارس خاتوون) کە ناودار و خاوەن دیوەخان بووە. (سابیربەگ) لە نێوکایەنەکەی ماڵی خۆیاندا دەیشارێتەوە، پێشوازییەکی گەرم وخزمەتێکی باشی مەفرەزەکە دەکات، میخائیلیش بە (ڕەشید) دەڵێت: مەترسە بەخوا لە پاش ئەو هەموو خزمەتە ئەگەر سابیربەگیش لەماڵتان بێت دەنگ ناکەین. بەوشێوەیە سابیربەگ لە گرتن ڕزگار دەکات).[١]

---

(١) سەروەر ئەحمەد کەریم، چاوپێکەوتن: لەگەڵ کەریم کاکەمەند هەمەوەندی، تەکیەی کاکەمەند، ڕۆژی ٧/٧/١٩٩٧

دوای گەڕانەوەی مەفرەزەکە خێرا سابیربەگ دەگەیەننە ماڵی (حاجی حەمەئەمین عەزیز) لە گوندی (شۆراوە)، دواتر دەیبەنە چەمەکەی خواروی گوندی (هەڕاوە) و( مامە ڕۆستەم) بەپیریانەوە دەچێت دەیباتە ماڵی خۆیان.




نایەڵێ کەس پێی بزانێ پاك برینەکانی دەشۆن و (قالەکێ)ی قەرەتامۆری دەرمانساز برینەکانی دەرمان دەکات و پاشان دەیبەنە پەلی (کۆترلان و کەلۆزی ترشەکان) لەپشتی ئاوایی چەند ڕۆژێك پارێزگاری لێدەکەن و (ڕەعەی میرزا) کە ژنێکی ئازابووە ڕۆژانە خواردنی بۆ سابیربەگ بردووە. دواتر مامە ڕۆستەم سابیربەگ دەنێرێتە گوندی (شۆراوە) بۆ ماڵی (کەریمەرەش) و پارێزگارییان لێکردووە و حاجی (حەمەومین) و خۆی چووە بۆ چەمچەماڵ و زانیاری لەسەر مەفرەزەکانی حکومەت کۆکردۆتەوەو گەڕاوەتەوە شۆراوە و مامە ڕۆستەم بە کەریمەڕەش، دەڵێ: (سابیرت چی لێکردووە؟ ئەویش دەڵێ: بە دوو کەسدا ناردوومە بۆ گوندی (مۆرتکە)، مامە ڕۆستەمیش بە سواری بە چیاکەدا هەڵدەگەڕێ و سابیربەگ گوێی لە تەقەی ناڵی ولاخەکەی دەبێ و بە پاسەوانەکانی دەڵێ: من بخەنە نێودەوەنێکەوەو لێم دووربکەونەوە. مامە ڕۆستەم بە دەنگێکی بەرز بانگ دەکا و دەڵێ: سابیر لەکوێی؟! کەلێك ئاشکرا دەبن دووبارە

دەیهێنێتەوە بۆ هەڕاوە. شەو (سابیربەگ) خەو بە شەخسی (بۆرسوار)ەوە دەبینێت و دەڵێ: (بنێشتە تاڵی دارەبەنەکەی ئەو شەخسەم بۆ بهێنن). بنێشتە تاڵەکەی بۆدێنن ولە برینەکانی دەدەن، برینە کانی بەرەوسارێژبوون دەچێ و دەیبەنەوە بۆ ماڵی (غەفور ئاغا)ی کوڕی (حەمەی سلێمان ئاغا) لە گوندی (کانی مستەفا). غەفور ئاغا، دووبارە سابیربەگ دەنێرێتەوە گوندی (شۆڕاوە) و لەرێگەی (حەمەڕەش عەزیز)ەوە، هەروەکو (خەوام)ی کوڕی( کەریمە ڕەش)لەزاری باوکییەوە دەڵێت: (حاجی حەمەومین عەزیز و کەریمەڕەش) هاوکاریان کردوە و بە زمەی تفەنگەکانیان برینەکانیان بۆ پاك کردوەتەوەو سێ مانگ و حەڤدە رۆژ لە ناو ئەشکەوتەکەدا پارێزگارییان لێکردووە .[١]







هەروەها (حەمەڕەش)یش بەهۆی ڕاوکردنەوە لە رێگەی (نەبات)ی دەرمان سازەوە لە زەندۆڵ و ئەشکەوتێکی (پەلی دۆمان) کە لەدواییدا بە (ئەشکەوتی سابیربەگ) ناو دەردەکات و تەداوی برینەکانی دەکەن و هەر لە وێشدا تا

---

[١] سەروەر ئەحمەد کەریم، چاوپێکەوتن: لەگەڵ خەوام کەریمە ڕەش هەمەوەندی، گوندی شۆڕاوە، ڕۆژی ٢٤/١١/٢٠٢٣

چارەسەری تەواوی بۆ دەکرێ پارێزگاری لێ دەکەن و پاشان ناردوویانە بۆ گوندی (مۆرتکە)و لەوێشەوە بۆ (دزڵی) و (هەورامان). لە بەرامبەر ئەو سەرکەوتنانەدا (مەحموود خانی دزڵی) (عەتییە)خانی برازای خۆی کردووەتە هاوسەری سابیربەگ.




سابیربەگیش تا رۆژی شەهید بوونی وەك هەڵۆ لوتکەی چیاکان بەرنادات. تا ئەو کاتەی لە گوندی (مڕانە)ی کوردستانی ئێران و ناوچەی مەریواندا، لە پیلانێکی بۆ دارێژراو و نامەردانەدا بۆ وەرگرتنی خەلاتێکی (٢٠) هەزار روپیی ئینگلیزەکان ، بەدەستی خۆفرۆشان و هاوزمانەکانی خۆی شەهید دەکرێ.

کەمال نوری مەعروف لە کتێبەکەیدا وتەیەکی مێژوونووس (ئەحمەدباوەڕ)ی سەبارەت بە تەرخان کردنی خەلات بۆ کوشتنی سابیربەگ تۆمارکردووە، دەڵێت: (کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند و سابیری کوڕی هێندە ترسناك بوون لای دوژمنی دەسەلاتداری بەریتانی، کە بۆ گرتنی هەریەکێکیان بەکوشتن، یان گرتن (٢٠) هەزار روپییەیان بەخشیش دانابوو، بۆ ئەو کەسەی ئەنجامیبدات. دانانی ئەو پارەیە شێخ مەحموودیشی گرتووەتەوە کە (٦٠) هەزار روپیە بووە).[١]

---

[١] کەمال نوری مەعروف: مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموودبەئێرانەوە، لەبەڵگەنامە نهێنییە فارسییەکاندا، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم ـ ٢٠٢٠لا١٩

خوالێی خۆشبێ (کەریم کاکەمەند) هەمەوەندی، سەبارەت بە شەهید بوونەکەی لەساڵی (١٩٢٧)دا. گوتوویەتی: (دوو براو و دوو پیاوی کورد زووبان لای سابیربەگ بوون، فەرمانی گرتنیان هەبوو، دایکیان دەچێتە بەغدا بۆ ئەوەی لێبوردنیان بۆ وەربگرێت، کاربەدەستانی بەغداش مەرج وخەلاّتی کوشتنی سابیربەگیان بۆ دادەنێت، کە پێشتر بڕیاریان لەسەر دابوو، یەکێکیان تفەنگێکی (یایلی) پێ دەبێت، لەسەر حەوز و ئاوێك تەقە لە سابیربەگ دەکات بەرناکەوێت، پاشان سابیربەگ گومان پەیدا دەکات، بۆ جاری دووەم تەقە لە سابیربەگ دەکاتەوە، بەلاّم سابیربەگ بەرناکەوێت و ئەو کەسەش لەلایەن هێزەکانی شێخ مەحموودەوە دەکوژرێت. براکەی دیکەیان خۆی دەشارێتەوە و دەمە و خۆرئاوابوونێك، بە چاوساغی پیرێژنێك دێتە حەوشەکەی ماڵی سابیربەگ. فرسەت دێنێ و تەقە لە سابیربەگ دەکات و شەهیدی دەکات و (عەتیە) خانی خێزانیشی بریندار دەکات).[١]

بۆ گەیشتن بەراستی چیرۆکی شەهیدبوونی سابیربەگ، جگەلە و زانیارییانەی سەرەوە، دەشێت زۆرشتی نهێنی و شاراوەی دیکە هەبێت، تا بوار بە لێکۆڵەران و نووسەرانی دیکە بڕەخسێنێت، پاش بلاّوکردنەوەی ئەم نووسینە زیاتر لەسەری بدوێین زانیاری زیاتری لەسەر بلاّوبکەنەوە.

مامۆستا (عەبدولڕەقیب یوسف) زۆربەوردی و پەرۆشییەوە هەوڵیداوە ڕۆژی شەهیدبوونی سابیربەگ بزانێ، بۆ ئەو مەبەستە لە ڕۆژی (٢٣/٩/١٩٨٢) چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ (شێخ مەحموود)ی کوڕی(شێخ فەرەج)ی بانی بنۆکدا کردووە و ئەم نیوە دێڕە هۆنراوەیەی شاعیرێکی لێ وەرگرتووە، کە بە حروفی ئەبجەدی بۆ ڕۆژی شەهیدبوونەکەی سابیربەگی نووسیوە و دەڵێت:

---

[١] سەرووەر ئەحمەد کەریم، چاوپێکەوتن: لەگەڵ کەریم کاکەمەند، سەرچاوەی پێشوو.

**قـــــەزاکوشـتی، قـــەدەرگـــرتی**
**خـــودا تـاریخـی وا فـــــەرمـــوو**
**چەقەڵ بوو، شێری شێرانی فەنادا.[1]**

بەداخەوە نیوە دێڕەکەی دیکەی دەست مامۆستا عەبدولڕەقیب نەکەوتووە و لەناوچووە. هەر لەو چاوپێکەوتنەدا هاتووە، کە (شێخ مەحموودی حەفید) بۆ شەهیدبوونی سابیربەگ زۆر خەمبار و دڵتەنگ بووە و داوای لە شاعیرێك کردووە، کە هۆنراوەیەك بۆ مێژووی شەهیدبوونی (سابیربەگ) دابنێ. ئەوشاعیرەیش ئەو هۆنراوەیەی سەرەوەی بۆ نوسیووە. هەر بۆ ئەو مەبەستە و بەدواداچوونی زیاتر مامۆستا عەبدولڕەقیب لە ڕۆژی (٢٠١٢/٧/٣٠)دا، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ (حەمەبەگ)ی کوڕی (سابیربەگ)دا کردووە.




لەو بارەیەوە وتویەتی: من لەدایکبوی ساڵی (١٩٢٦)م، کاتێ باوکم شەهیدبوو، شێخ مەحموود لە پێنجوێن بوو خۆی ئامادە کرد بچێتە بەغدا، لە

---

[1] مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف: چاوپێکەوتن لەگەڵ (شێخ مەحموود)ی کوڕی(شێخ فەرەج)ی بانی بنۆك - ١٩٨٢/٩/٢٣

حکومەت عەفوی وەرگرت بۆ هەموو پێشمەرگەکانی تەنیا باوکم و ئەمینی حەمەی ئیمامی هەمەوەندی نەبێ، کە لەگەڵ باوکم بوو. مەلایەکی مەریوانی ئەو هۆنراوەی وتووە، مەلا محەمەد یان مەلا عەبدوڵڵا بووە. هۆنراوەکە زۆرترە، هەموویم لابوو، بەڵام بزر بوو).[1] هەر لەو چاوپێکەوتنەدا مامۆستا عەبدوالرەقیب دەڵێت: (ئەگەر هۆنراوەکە هی "مەلا عەبدوڵڵا"بێ، دوور نییە هی "مەلا عەبدوڵڵا"ی کوڕی "مەلا مەعروف"ی مەریوانی بێ، کە کاتبی شێخ "حیسامەدینی تەوێڵە"یی و دۆستی شێخ مەحموود بووە، لە ساڵی "١٩٤٢"دا، کۆچی دوایی کردووە. لەوانەیە کوشتنەکەی سابیربەگ لە"١٧"یان" ١٨"ی تەمموزی ساڵی "١٩٢٧"دا، بوو بێت . کە شێخ لە"١٧"دا، هاتە پێنجوێن و چاوی بە متصرفی سلێمانی کەوت و رۆژی"١٨" گەڕایەوە بۆ پیران لە هەورامان). کەمال نوری مەعروف لە کتێبەکەیدا سەبارەت شەهیدکردنی سابیربەگ دەڵێت: (کەسێکی وەکو سابیری کوڕی کەریم بەگ هەتاکو دوای کۆتایی هێنانیش بە شۆڕشی شێخ مەحموود، نەیتوانی بۆ سەر موڵك و ماڵی بگەڕێتەوە و دەسەڵاتدارانی بەریتانی هێندە دژی بوون بە دوای سەریدا دەگەڕان، ئەویش دوور لە ناوچەکەی لە سنووری رۆژهەڵاتی کوردستان دەژیا، بەڵام دواتر هەر زەفەریان پێ برد و لە ناویان برد)[2].

سابیربەگیش وەکو شاعیرێکی نیشتیمان پەروەر، هەموو هۆنراوەکانی بۆ خەباتی کەسایەتییە شۆڕشگێڕەکانی شۆڕشەکەی شێخ مەحموودی نەمر و بەشداری و

---

[1] مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف: چاوپێکەوتن لەگەڵ (حەمەبەگ)ی کوڕی (سابیربەگ)، سلێمانی - ٣٠/٧/٢٠١٢

[2] کەمال نوری مەعروف: مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموودبەئێرانەوە، لەبەڵگەنامە نهێنییە فارسییەکاندا، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم ـ ٢٠٢٠، لا٢٠

ئازایەتی خۆی و (کەریم بەگ)ی باوکی نوسیوە، کە چۆن وەك و دوو سەرکردەی ئازاو بە ئەمەك لە شۆڕشی (شێخ مەحموودا) لەبەر پەرچدانەوەی هێرش و داگیرکاری ئینگلیزەکاندا تا دووا هەناسە بەشدارییان کردووە و لە زۆربەی بەیت و بالۆرە و لاوکە کوردەوارییەکاندا بە زیندوویی ناویان هاتووە. خوالێی خۆشبێ (یونس کەریم دەروێش) هەمەوەندیش ، سەبارەت بە ئازایەتی کەریم بەگی فەتاح بەگ و سا بیر بەگی کوڕی ئەم دوو بەیتەی لای خۆی پاراستبوو کە دەڵێت:

**سـەد بـا رەقـەڵا جـووتێ ئاغـا ی خـان**

**هـەردوو چـوون پڵـنگ چـوون شـێر مەیـدان**

**فیشـەك کارخانـە تفـەنگی ئـەڵمان**

**مـیرم کـەریم بـەگ بـەگوێ ی کەنـەوە**

**بـەزەبری پێـنج تـیر بازیـان سـەنەوە.**(۱)

کاوێس ئاغاش لە ناوچەیەکی دوورەوە لاوکێکی بەسۆزی بۆ ئەڤینداری و سوار چاکی و شۆڕشگێڕی و ئازایەتی و دەست کراوەیی (کەریم بەگی فەتاح بەگ)ی هەمەوەند، لە مەیدانی شەڕەکاندا چڕیوە. لەبیرەوەرییەکانی(محەمەد ڕەسوڵ هاوار)یشدا، هاتووە: (لە ناوچەی مێرگەسوور و شێروانە دا، دەنگخۆشێکی وەکو "کاوێس ئاغا" یاپۆلیسیی کردووە یاخود قۆڵچیی دارستانەکان بووە: کاوێس ئاغا چەند قەوانێکی تۆمارکراوی هەیە، کەلەیەکێکیاندا باسی شێخ مەحموود دەکا، لەگەڵ باسی ئازایەتیی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند).(۲)

---

(۱) سەروەر ئەحمەد کەریم: چاوپێکەوتن لەگەڵ (یونس کەریم دەروێش)، چەمچەماڵ ،کاتژمێر (٥)ی ئێوارە، رۆژی ـ ۲۰۰۹/۳/۱۳

(۲) محەمەد ڕەسوڵ هاوار: بیرەوەری، ئامادەکردنی سدیق ساڵح، چاپخانەی شڤان، لە بلاَوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی - ۲۰۰۷، ل۱۷۳




بەوشێوەیە(کاوێس ئاغا) لە ناوچەیەکی دوورەوە لاوکێك بۆ ئازایەتی رابەرە بەناوبانگەکەی کورد و شاری (چەمچەماڵ) دەچڕێت، بۆیە ئەم لاوکە بەسۆزە شارێگەی خەبات و رەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە کۆمەلآیەتی و رامیاری و رۆشنبیرییەی ناوچەی چەمچەماڵ و ئازایەتی کەریم بەگە، کە کاوێز ئاغا پڕ بەگەرووی بۆی دەچریکێنێ و دەڵێت:

(بەڵێ شاد و شهودێ شێخ مەحموود، گەنجێ شێخ قادر بابێ لەتیف گەلەك هەنە ب سێ دەنگان گازی دکا (کەریمی فەتاح بەگ)، گەلی عەگیدان، ئەورۆ دەست هەڵێنانەکی بکەن، ئەزێ چ گاڤا دەستی خۆ بدەمە دارێ جامبیزاری بکوژم کافران، خەلاس بکەم، تۆڤێ (کەبتان بێلآ) دەلۆیلۆ، دەلۆیلۆ، دەلۆیلۆ، دەلۆیلۆ شێخێ منۆ. شەرەکا قەومی ل چیایێ (سورداشێ)، ل دەرێ دولێ . ئەسپێ شێخ مەحموود، گەنجێ شێخ قادر، بابێ لەتیف خورتە، دکا پێ کولێ، شێخ مەحموود ب سێ دەنگان گازی دکا کەریمێ فەتاح بەگ، مشورێ من، هەموو گەلی عەگیدان، ئەورۆ دەست هەڵێنانەکی لەمن رابکەن، بەڵێ شەڕی مە ل دەشتێ نایێتە کرنێ، شەڕێ مە خۆشە بکەوێتە دۆڵ وچیا و چۆلێ. دەلۆیلۆ، دەلۆیلۆ، دەلۆیلۆ، دەلۆ. شێخی منۆ، بەڵێ شاد و شهودێ شێخ مەحموود، گەنجێ شێخ قادر بابێ لەتیف گەلەك هەنە ب سێ دەنگان گازی دکات، کەریمێ فەتاح بەگ، گەلی

عەشیران، ئەورۆ دەست هەڵینانەکی بکەن، بەڵێ چ گاڤا دەستێ خۆ بدەمە دارێ جامبیزاری، بگرم شارێ(کەرکوکێ) شارێ (بەغدایێ).

دەلۆیلۆ، دەلۆیلۆ، دەلۆیلۆ، شێخ مەحموودی منی(زەری)، لە چیایێ (سورداشێ)، سواربوو هاتە(خەلەکانێ)، بەژنا شێخ مەحموود، گەنجێ شێخ قادر بابێ لەتیف، نەبووە تایکی ڤێ (رووحانی) شێخ مەحموود ب سێ دەنگان گازی دکات، کەریمی فەتاح بەگ، گەلی عەگیدان، ئەورۆ دەست هەڵینانەکی بکەن، ئەوە سێ رۆژە، وەمێ حاسێ بووین، ل چیایێ سورداشێ، ل مە دیار نی یە، بۆمە بێ ئیمدادێ وانێ، دەلۆیلۆ، دەلۆیلۆ، دەلۆیلۆ، دەلۆیلۆ دەلۆیلۆ، دەلۆیلۆ، دەلۆیلۆ، شێخێ منۆ، بەڵێ فایدە نییە، هاوار دکەم هاورێ تورکان گەلەك دوورەو بلاّوە کورد خائینۆ).[1]

جوانترین مەدالیای شانازی و شەرەفمەندی و گەورەیی بنەماڵەی (رەسوڵ چەڵەوی) جگەلە بەرزی ئەم لاوکە، ئەوەیە(کەریم بەگ) و (سابیربەگ)ی کوڕی وەك دوو رابەری مەزنی کورد لە خەبات کۆڵیان نەداوە تا ئەو دەمەی هەردووکیان بۆ مشتێ روپیەی ئینگلیزەکان لە ناوجەرگەی خاکی کوردستاندا بەدەستی تاقمێ روپییە خۆر و خۆفرۆشی گەلەکەمان شەهیدکراون و گیانی پیرۆزیان لەپێناو خاك و سەربەخۆیی کوردستاندا بەخشیووە، ئەو تاقمە گلاو و نەگریسەش، لەژێرەوە کاسەلێس و چڵکاوخۆری ئینگلیزەکان بوون. بێشەرمانە ئەومشتە روپێیەیان وەرگرتووە، کە بۆ شەهید کردنی ئەم دوو رابەرەی نەتەوەی کورد تەرخان کراوە و هەر لەبەرئەو خیانەتکردنەش کەوتوونەتە بەرتانەوتەشەری دۆست و دوژمنان،

---

(١) کاوێس ئاغا: کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەی جەلال مەلاحەسەن خۆشناو، لەبلاّوکراوەکانی رۆژنامەی میدیا، چاپخانەی ماردین، چاپی یەکەم، هەولێر-٢٠٠٠، لا٣٠-٣١

بەشێوەیەك کە لە هۆنراوەی شاعیرانیشدا رەنگیداوەتەوە. ئەوەتا شاعیری پایەبڵند (حەمدی)، کە هاوڕی گیانی بە گیانی (کەریم بەگ) و هاوخەباتی بووە، سەبارەت بە وتاقمە خۆفرۆش وگلاوەی ئەو دەمانە، پێش ئەوەی کەریم بەگ شەهید بکەن، پێشبینی ئەوەی کردووە رۆژێك لە رۆژان سەرکردەکانی کورد بەشێوەیەکی نامەردانە بەدەستی ئەو تاقمە خۆفرۆشانە شەهید دەکرێن. چونکە لەژێرەوە بۆ پارە و گیرفان پڕکردن یارمەتی ئینگلیزەکانیان داوەو لەپشتەوە خەنجەری ژەهراوییان لە دژی سەرکردە ئازاکانی نەتەوەکەمان وەشاندوە و لە سەریشەوە هەربەدەم لەگەڵ سەرکردە و شۆڕشی کوردا بوونە. حەمدی شاعیریش بەرامبەر بەو خۆفرۆشانە هاتووەتە دەنگ و لە هۆنراوەیەکیدا دەڵێت:




قەومەکانی روپیە خۆرم دێنە بەرچاوم ئەڵێن
کەر بە جۆ بمرێ شەهیدە سەگ بە گۆشتی لاکەوە
لاتن و لۆتی، نەفامن بۆ نیشاط و مەنفەعەت
دەبنە قوربانی سەگێ بێ شك بەباب و داکەوە[1]

---

[1] دیوانی حەمدی ئەحمەدبەگی صاحێبقڕان: لێکۆڵینەوەولەسەرنووسینی جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، چاپی یەکەم ١٩٨٤، چاپخانەی سەرکەوتن سلێمانی لا٨٤

بەوشێوەیە رابەری مەزنی کورد (کەریم بەگی فەتاح بەگ)ی، سەرۆك هۆزی هەمەوەند و سوپاسالاری شۆڕشەکەی شێخ مەحمود (سابیربەگ)ی کوڕی، مردنیان لەپێناو سەربەرزی گەلدا لاخۆشتر بووە لە ژیان. ئەوەش مایەی سەروەری و شانازییەکی گەلێ مەزن و لاپەڕەیەکی پڕشنگداریشە، لە مێژووی گیان بازی نەتەوەی کورد و هۆزو بنەماڵەکەماندا. بۆ زیاتر نزیك بوونەوە لە ئاواتی دوارۆژی گەل و گەیشتن بە سەربەخۆیی و بەدەست هێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان. لەکۆتاییدا.. دەتوانین بڵێین: سابیربەگ ئەو رابەرو شاعیرو جەنگاوەرە ئازایەی کورد بوو کە شۆڕشی کوردستان کەوت و ئەو هەر نەکەوت. هەموو لەشکری کوردستان لێخۆشبوونی بۆ دەرچوو، ئەو بەتەنها بێ پشتوپەنا مایەوە و لوتکەی شاخەکانی بەرنەدا و تا رۆژی شەهیدبوونی کۆڵی نەدا لە خەبات و لە هیچ کات و ساتێکدا نە تەسلیم بە ئیرادەی شەرانگێزی ئینگلیزەکان بووەو نەهێشتوویەتی ئاڵای کوردستانیش بکەوێتە سەر زەوی. هەزاران دروود و سڵاو بۆ رۆحی پاك و خوێنی گەشی ئەو دوو سەرکردە بە ئەمەك و لەخۆبردوو خۆنەویستەی گەلەکەمان، (کەریم بەگ)و(سابیر بەگ)ی کوڕی، کە ئازایانە گیانی خۆیان فیدای خاك و نیشتمان کرد و لاپەڕەکانی مێژووی پڕ لە داستانی کوردایەتی و شۆڕشەکانی شێخ مەحمودیان بەخوێنی گەشیان ڕەنگین تر کرد و وەك دوو هەڵۆی بەرزە فڕی ئاسمانی کوردستان لە شەقەی باڵیان دا و لەچاو ون بوون و بۆ هەتا هەتایە، سەری نەتەوەی کوردو قەڵای سەرکەشی (چەمچەماڵ)یشیان بڵندتر کرد.

## ڕۆڵی کەریم بەگ و سابیربەگی کوڕی لە بەڵگەنامەکاندادەردەکەوێ

داگیرکارانی کوردستان دوور لە هەموو نەریتێکی مرۆڤانە هەمیشە سەرقاڵی پیلاندانان بوونە بۆ کپکردنەوەی شۆڕشی کورد و لەناوبردن و تیرۆرکردنی سەرکردە خەباتگێڕەکانی. ئەمەش ئەوپەڕی دڵسۆزی و بەوەفایی سەرکردە بەجەرگەکانی نەتەوەکەمان بەتایبەتی (شێخ مەحموود و کەریمی فەتاح بەگ) و کوڕەکانی (سابیربەگ) و (عەبدوڵڵابەگ) و سەید (محەمەدی جەباری) و دەیان سەرکردەی تر دەردەخات، بەرامبەر بە خۆشەویستی گەل و نیشتمان. گەر بەوردی چاوێك بە بەڵگەنامەکانی سەردەمی راپەڕینەکانی (کەریم بەگ)دا بخشێنین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە دوژمنانی سەر سەختی گەلەکەمان بە چ ڕێگەیەکی نارەوا و نامرۆڤانە، هەوڵی دوژمنکاری و ناو زڕاندن و تیرۆرکردنی (کەریم بەگ) و کوڕەکانی (سابیربەگ) و (عەبدوڵڵابەگ) و سەرکردەکانی دیکەی نەتەوەکەمانیان داوە.




بەلاّم ئەوان تا رۆژی شەهید بوونیان کۆڵیان نەداوە و بەشداری شەڕە سەختەکانیان کردووە و پارێزگارییان لە هەژاران و گوندەکان کردووە و لە زۆربەی

بەڵگەنامەکاندا ناویان هاتووە. پێویستە لێرەدا هەندێ لەو بەڵگەنامانە بخەینە بخەینە بەردەستان، تا بە چاوەکانی خۆتان ببینن و بزانن،کە چۆن دوژمنانی گەلەکەمان دوور لە هەموو رەوشت و نەریتێکی مرۆڤانە، هەمیشە سەرکردەکانی کوردیان بە پیاو کوژو چەتەو ڕێگر لەقەڵەم داوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە تەرخانکردنی خەڵات هەوڵی شەهیدکردنی مەلیکی کوردستان و سەید محەمەدی جەباری و (کەریم بەگ) و سابیربەگ، عەبدوڵڵا بەگی کوڕیان داوە.



کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند و عەبدوڵڵا بەگی کوڕی

## بەڵگەنامەکان خۆیان دەدوێن:

### بەڵگەنامەی یەکەم:

پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر "ڕەنجدەر شێرزاد"، ئەم بەڵگەنامەیەی له زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و له واڵی خۆی بڵاویکردوەتەوە، که باس له ئازایەتی و ڕۆڵی "کەریم بەگی فەتاح بەگ"ی هەمەوەند و کوڕەکانی "سابیربەگ و عەبدوڵڵا بەگ و ئەحمەد بەگ" له بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا دەکات و ئەحمەد بەگ بە ئەحمەدە بچکۆلە ناودەبات.

دەقی بەڵگەنامەکە:

ئۆفیسی خزمەتگوزاری تایبەت

سلێمانی

٤٦/١

ڕێککەوتی: ١٩٢١/٥/٨

ستافی ئاسمانی

لقی 'أ'

١ .بارودۆخی ناوخۆیی لە ناوچەی پێنجوێن

تا (٤ی٥)، دەوروبەری (٣٠)خێزان گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان لە پێنجوێن، (میرزا عبدوڵا)ش لەنێو ئەوانەدا بوو، کە ناوبراو سەرکردایەتی دەکرد لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە ئەشرافەکانی ناوخۆ. لە ٤ی٥، پشکنەری کارگێڕی چاوی پێیان کەوت و باسی نیەتی حکومەتی بۆ کردن و هەروەها دڵنیایی بە دەستهێنا سەبارەت بە دڵسۆزی ئایندەیان. ناتوانرێت بڵێین هیچ جۆش و خرۆشێکی تایبەت لە هەڵوێستی ئەمانە بەرامبەر بە ڕژێمی نوێ دەرکەوت“ پێدەچێت بڕێکی دیاریکراو لە زیانی بچووك کە بەر ماڵەکانیان کەوت لە ئەنجامی داگیرکارییە

سەربازییەکان و گومانی بەردەوامیان لە تواناکانی حکومەت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لەبەرامبەر تۆڵەسەندنەوەکانی چەکدارانی شێخ مەحمود و بێ ئاگای لە شێوازی مامەڵەی چاوەڕوانکراو لەلایەن بەرپرسانەوە، بۆ ماوەیەکی کاتی لەم دۆخەدا بیانهێڵێتەوە.

لەهەمان ڕۆژدا، شێخەکانی ژمارەیەك لە گوندەکانی دەوروبەر(؟) سەردانی پشکنەری کارگێڕیان کرد و هەروەها خواستی خۆیان بۆ خزمەتکردنی حکومەت خستەڕوو. لە هەمانکاتدا ترسی خۆیان دەربڕی بۆ تۆڵەسەندنەوەی چەکدارانی شێخ محمود لە گوندەکانیان لە بەرامبەر ملکەچیان بۆ حکومەت، هەروەها داوایان کرد کە دەکریت هەنگاوەکان بۆ پاراستنیان بگیرێتەبەر. ئەم شێخانە بەزۆری لە کەسایەتیە لاوازەکان و موڵکدارە بچوکەکان بوون، کە پێشتر بە تەواوی لە ژێر هەیمەنەی شێخ محمود بوون و بە شێوەیەکی ئاسایی هەرچۆن داوایان لێکرابێت خزمەتیان کردوە. بۆ ئەمانە کارێکی ئاسان نییە کە بتوانن بە ئاسانی لەگەڵ ڕژێمی نوێ خۆیان بگونجێنن بە تایبەتی کاتێك ترسیان هەیە کە لەلایەن چەکدارانی سەرداری پێشویانەوە وەك یاخی بوو مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. وا دانانرێت کە ئەگەری ئەوە هەبێت ئەمانە لەسەر حسابی خۆیان کێشە دروست بکەن" بەهۆی ئەوەی ئەمانە پیاوانی گوندنشین و خاوەن بەرهەم و مەڕدارن، ئارەزووی سەرەکییان بۆ ژیانێکی جێگیرە، بەڵام پێدەچێت تا ئەو کاتەی کە ترسیی چەکدارەکان لە ناوچەکەدا نامێنێت، چاوەڕێی ئەوە دەکرێت کە یارییەکی دوولایەنە بکەن.

٢ .بزوتنەوە بەرهەڵستکارییەکان.

ماوەیەکی کەم دوای داگیرکردنی پێنجوێن، لە (٢٥ی ٤) باس لەوە کراوە کە سابیر و عبدوڵا و ئەحمەد بچکۆلە (کوڕانی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند) و ڕەشید جەباری و ڕەشید بەگ شوێنی جێگیربونیان گرتوە لە قەڵبەزەو ساوجێ

لەسەر سنوری ئێران. بە نیازی ئەوە بوون لێرەوە بەردەوامی بدەن بە شەڕی گەریلایی، لە دەشتەکانی پێنجوێن و شارباژێرەوە هەڵکوتنەسەر کاروانەکان و هێرش بکەنەسەر ئەو گوندانەی کە دەبێت دەستبەرداری دۆزی خۆیان بن و ملکەچی حکومەت بن. دەوترێت کە حەمەعەلی عوسمان چووەتە لای سلێمان خانی ڕوغزای جاف کە بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە ناوچەی خوڕخوڕە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری بانە نیشتەجێیە. باس لەوە دەکرێت کە لە (٣٠ی٤)، سابیر و عبدوڵا و ئەحمەدە بچکۆلە و ڕەشید بەگ لە گۆڵێوە ڕۆشتوون بۆ چنگیان، بە مەبەستی ڕاگرتنی کاروانەکان. لە (٢ی٥)، یەکەیەکی سەربازی ڕووبەڕووی ئەمانە بوویەوە و لە کردەوەی دواتردا ڕەشیدبەگ کوژرا. بەرهەڵستکارێکی دیکە کوژرا و دوانی تر بریندار بوون. دەوترێت کە لە (٣ی٥)، ئەحمەد بچکۆلە لەگەڵ (٢٥) پیاودا گەڕاوەتەوە لە کەولۆس بە تەرمی ڕەشیدبەگەوە، کە نێردرایە خوارەوە بۆ شێخ محمود لە وەڵەکجار. لەو کاتەوە تا ئێستا شوێنی سابیر و عبدوڵا و ڕەشید جەباری نەدۆزراوەتەوە، بەڵام لە ڕاپۆرتێکی ئەم دواییەدا کە پێویستی بە پشتڕاستکردنەوە هەیە، باس لەوە دەکات کە ئەحمەد بچکۆل گەڕاوەتەوە ناوچەی بازیان بە مەبەستی ئەوەی جارێکی دیکە هەوڵی خۆبەدەستەوەدان بدات.

گومانی تێدا نییە کە ئەگەر بتوانرێت یەك یان دوو وانەی بچووکی دیکە بدرێت بەم بەرهەڵستکارانە وەك ئەوەی (٢ی٥)، ئەوا هەندێك هیوا بۆ ڕاگرتنی چالاکییەکانیان دەبوو.

٣ .گوندەکانی هەورامانی عێراق لە ناوچەی ناڵپارێز.

ئەو بۆردومانانەی کە دژی ئەو گوندانە ئەنجامدرا کە لە هێرشەکەی سەر دیفکۆل بەشداربوون لە (٢٢ی٤)، کاریگەری هەبوو لەسەر بە ئاگا هێنانەوەی گوندنشینەکان لەبەرامبەر فرۆکە. حەمەڕەشیدی کۆلیتان لەم ماوەیەدا لەگەڵ حەمەڕەشید بەگ لە وەیسە بووە و لەڕێگەی کاریگەریی ئەمەی دووەمیانەوە

لەگەڵ محمود خانی دزڵی، وای لێکردووە کە دزڵی نامەیەك بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران لە سنە بنووسێت و گلەیی ئەوە بکات کە حکومەتی عێراق پیاوانی هۆز لە ماڵەکانیان دەردەکات. هەروەها داوای ئەوە دەکات کە یان ئەوان ڕێوشێن بگرنەبەر یان ڕێگەی بدەن خۆی ئەو کارە بکات. ئەم دوایین ڕاپۆرتە تا ئێستا پشتڕاست نەکراوەتەوە هەروەها باس لە وەڵامی ئێران نەکراوە.

ئاماری خێڵەکی و هتد کە لە پێنجوێن بەدەست هاتوون لە ژێر بەرگێکی جیادا دەنێردرێت.







**بەڵگەنامەی دووەم:**

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٤٤**

**وەزارەتی کاروباری هەندەران**

**شیفرە خوێندنەوە**

**بەغدا، ١٧ ی تەمموزی ١٩١٩ کاتژمێر ١٧.**

**(١٩ ی مانگ کاتژمێر ١٥ و ٥ دەقیقە گەیشتووە)**

**ژمارە: ٤٠٠**

**درێژەی تێلیگرامی ژمارە ٣٩٣ م.**

**کوردستانی خواروو.**

**راگەیەندراوی رۆژی ١٥ی تەمموز.**

**دوو رەتڵی چکۆلە هێشتا لە سەر چەند خاڵێکی هەمە چەشنە هەرماون، سەربازەکانی حکومەت ناوچەکە تەیدەکەن و سزای ئەو هۆز و سەرۆك هۆزانە دەدەن کە دژایەتییان نیشانداوە لە ماوەی ئەم سەرهەڵدانە تازەیەدا، تەنها لە ئاوایی مۆرتکە mortke بەرەنگاربوونەوە هەبووە، کەوا زیانی ١٠ کوژراویان لە دوژمن داوە و دیلیان گرتووە و لە لایەنی ئینگلیزەکانیشەوە هیچ زیانێك نەبووە.**

**شارل رۆCharles roux**

**کونسلی فرەنسی[١]**

**لەدوای کوشتنی بۆند و ماکانت، ئینگلیزەکان وا دەزانن کەریم بەگ لەنێو شاخ و داخەکاندا خۆی شاردوەتەوە، کەچی بە پێچەوانەوە ئەو لە سەرجادەی کفری**

---

**[١] کوردسان لەبەڵگەنامەکانی کونسڵی فرەنسی لەبەغدا ساڵی ١٩١٩: نەجاتی عەبدوڵڵا، لەفرەنسییەوە کردوونی بەکوردی، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی شڤان ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ـ ٢٠٠٤، لا ٧٤**

ـ کەرکوك پەلاماری هێزی ئینگلیزەکان دەدات و دەستیان لێ دەوەشێنێ، هەروەکو (نامیق حسێن ئاغا)، کە یەکێك بوو لە پیاوە ئازاو خزمە نزیکەکانی (کەریم بەگ)، سەبارەت بەو شەڕە کە لەسەر جادەی (کەرکوك - کفری) کردویانە، دەڵێت: (ئێمە "١٠٠" سواربووین لەگەڵ کەریم بەگ تا "قۆڕی چایی" چووین، لەوێ شەڕمان کرد، "١٥" سەرباز کوژرا و"١٢"ی دیکەمان بە دیل گرت و چەکمان کردن، نزیکەی "٤٠ تا ٥٠" ئەسپ و"١٠" تفەنگی ئینگلیزیمان دەست کەوت، هاتینەوە ناو زەنگنە و چووینە ماڵی "تۆفیق بایز" و "عەبەی شاوەیس"، کەریم بەگ "٢"ئەسپی بەخشی بە "عەبەی شاوەیس|).[1]

دوای تەواوبوونی شەڕەکە چەك و ئەسپ و تەقەمەنی و بارە ئازوقەکانیان گەیاندووەتە گوندی "قۆڕی چایی" و دواتر هاتونەتەوە ناوچەی زەنگنە.

سێرپێرسی کۆکس لە ساڵی (١٨٦٤-١٩٣٧) یەکێك بووە لە کەسایەتییە ناودارەکانی بەریتانیا، ساڵی (١٩٠٤) هاتووەتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دوای شۆڕشی (١٩٢٠)یش، کراوە بە حاکمی سیاسی عێراق ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە لە دروست کردنی عێراق و لکاندنی باشووری کوردستان بەو وڵاتەوە. لەکاتی ئەم شەڕەدا لە بەغدا دەبێت و سەری لەم شەڕە سوڕ دەمێنیت و لەم بروسکەیەدا باسی فشار و لاوازی هێزی پیادە و تۆپخانە و فشۆڵی هێزی ئاسمانی خۆیان دەکات، لەبەرامبەر ئازایەتی "کەریم بەگ"دا کە لە بەڵگەنامەی سێیەمدا ئاماژەمان پێکردووە.

---

[1] مامۆستا "عەبدولڕەقیب یوسف" : چاوپێکەوتن لەگەڵ (نامیق حسێن ئاغا)، ڕۆژی "١٩٨٦/٨/٢٢"، چەمچەماڵ




**بەڵگەنامەی سێیەم:**

بروسکە:

(ناوچەی سلێمانی وکەرکوك لەگەڵ ئەو هەموو فشارەی کە هێزی (لیڤی) خستیە سەر پیاو کوژەکان کە (کەریمی فەتاح بەگ) و تاقمەکەی بوو. ئەو گوندانەی کە یارمەتیان دابوو سزادران و هێزی ئاسمانی دەوری خۆی بینی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (کەریم بەگ) پەلاماری هێزی (لیڤی)دا لەسەر ڕێگەی (کفری-کەرکوك) لەو شەڕدا (٤) لیڤی کوژران هیچ دەسەڵاتدار و ئاغایەك لەو ناوچەیەدا نەبوونە لایەنگری (کەریم بەگ) ئەو هێزەی تۆبخانەی (سیك) کە لە موصڵەوە نێردراون لە (٩)ی تەمموزدا دەگەنە کەرکوك).

تێلگرافی

(سێر پیێرسی کۆکس )مەندوبی سامی

بۆ ئەستەمبول و هندستان ومیصر

بەغداد ٥ /٧/١٩٢٢

**بەڵگەنامەی چوارەم:**

دۆکیۆمێنتی ژمارە C.O. 730-77 ڕۆژی ٢٠/٨/١٩٢٥ لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دەست دەکەوێ.

بڕگەی (٤٣٧):

(لە سلێمانی یاخی بووەکان بوون بە دوو بەشەوە، بەشێکیان کە لەوان زۆرترن نزیکی (٢٠٠-٢٥٠) چەکدار دەبن لەلایەن کەریم فەتاح بەگی هەمەوەند و صابری کوڕی و شێخ مصطفی و براکانی کە کوڕی شێخ عبدالقادری سەنگاون سەرکردەی ئەم تاقمەن خەریکی کۆکردنەوەی باجن لە دێهاتەکانی قەرەداغ و سەنگاودا.[1]

بڕگەی (٤٣٩):

هەمەوەندەکان لای چەمچەماڵەوە پروپاگەندەی شێخ مەحموود زۆرکاری تێکردوون وخۆیان کۆکردۆتەوە بۆ بەشداربوون لە شەڕدا.[2]

**بەڵگەنامەی پێنجەم:**

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (١٣)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٢٥) ڕێکەوتی (٢١)ی ذی القعدة ساڵی (١٣٤٣ ك) ئەنجوومەنی وەزیران لە کاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆ کۆبووەوە لەدیوانی ئەنجوومەنی وەزیران. بە سەرۆکایەتی خاوەن (فەخامە) جەنابی یاسین پاشای هاشمی سەرۆك وەزیری بەرگری. لەم کۆبوونەوەیەدا ئەم وەزیرانە بەشدار بوون: ساسۆن ئەفەندی حزقێل وەزیری دارایی. ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەری وەزیری ئەوقاف، مەزاحم بەگ پاچەچی وەزیری ئیش وکار و هاتووچۆکردن و

---

[1] م . ر. هاوار: شێخ مەحموودی قارەمان دەوڵەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم ، چاپکراوە لەلایەن بلاك روز، لەندەن ـ بریتانیا، لا٥٧٦

[2] م . ر. هاوار: سەرچاوەی پێشوو، لا٥٧٦

جێگری وەزارەتی دادپەروەری، حاجی عبدالحسێن چەلەبی وەزیری زانیاری. لەم کۆبوونەوەیەدا جەنابی میستەر (کۆرنوالیس) راوێژکاری وەزراەتی ناوخۆش ئامادە بوو. لە ئەنجامی کۆبوونەوەکەدا ئەم بڕیارانە درا:

بڕیاری یەکەم، بڕیاری دووەم، بڕیاری سێ یەم.

بڕیاری چوارەم: (کە مەبەستی باسەکەی ئێمەیە و دەیگۆڕینە سەر زمانی کوردی کەبەم شێوەیەی خوارەوەیە:

بڕیاری چوارەم:-

(نووسراوی جەنابی راوێژکار "موعتەمەدی سامی"لە عێراق ژمارە"بی. ئۆ (۲۲"ی "۸"ی حوزەیرانی ساڵی "۱۹۲۵" خوێندرایەوە دەربارەی خەڵاتەکانی کە تەرخان کراون بۆ ئەو کەسانەی کە هەندێ کەس لە سولێمانی بکوژن یان بیان گرن. خەڵاتەکانیش سەد هەزار روپییە، ئەم سەد هەزارەش دابەش دەکرێ بەم جۆرە: شەست هەزار روپێیە بۆ ئەو کەسەی شێخ مەحموود بگرێ و بیست هەزار روپییەش بۆ ئەو کەسەی کەریم فەتاح بەگی هەمەوەند بگرێ، هەروەها بیست هەزاریش بۆ ئەو کەسەی سابیربەگ بگرێ، یان چوار یەکی ئەم خەڵاتە بۆ کوشتنی هەریەکێ لەمانە). دانیشتنەکە کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆ تەواوبووەو لەلاپەڕە (٦٤-٦٥)ی مەحزەری ئەنجوومەنی وەزیراندا تۆمارکراوە .[1]

**بەڵگەنامەی شەشەم:**

بڕیاری چوارەمی ئەنجومەنی وەزیران لەدانیشتنی ۱۳ی حوزەیرانی ۱۹۲۵دا: (نوسراوی بی. ئۆ/۱۲۲ی ۸ی حوزەیرانی۱۹۲۵)ی موستەشاری فەخامەتی مەندوبی سامی عێراقی خوێندەوە، سەبارەت بە تەرخانکردنی ۱۰۰هەزار روپیە پاداشت (جائیزە) بۆگرتن وە یا کوشتنی شێخ مەحمود و کەریمی فەتاح بەگ و

---

[1] گۆڤاری رەنگین: ژمارە (۳۷)، ساڵی - ۱۹۹۱

سابیری کوڕی. لەوە ٦٠ هەزار روپیەی بۆ کوشتن یا گرتنی شێخ مەحمود و٢٠ هەزار روپیەیش بۆ هەریەکێ لە کەریمی فەتاح بەگ و سابیری کەریم بەگ. بەومەرجەی ئەو پارەیەی بۆ کوشتنی یەکێ لەو سیانە ئەدرێ چواریەکی ئەو پارەیە بێ کە بۆ گرتنیان ئەدرێ. ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا ئەم پێشنیارە قبوڵ بکا).[1]

**بەڵگەنامەی حەوتەم:**

دۆکیۆمێنتی ژمارە C.O.٧٣٠.٧٨ رۆژی ١٩٢٥/٩/٣

بڕگەی (٤٨١) یاخی بووەکان لە قەرەداغ و سەنگاو هێرش دەبەنە سەر ناحیەی (گل)، لە ١٩٢٥/٦/٢٧دا سەید محەمەدی جەباری بەخۆیی و (٥٠) سوارو پیادەوە هێرشی بردە سەر (گل) بەلاّم زیان نازانین چی بووە.

شەوی ٢٩/٣٠ی مانگی ئاب/١٩٢٥ نزیکی (٣٠٠) سوار کە سەید محەمەدی جەباری و کەریم بەگی هەمەوەند و شێخ محەمەد غەریب و شێخ مصطفی کوڕی شێخ عەبدالقادری سەنگاو هێرشیان بردەسەر گوندی (قەرەخاوەر)، کە مەرکەزی ناحیەی گل بوو. کاربەدەستان لە کەرکووك عەشیرەتی تاڵەبانیی دۆستیان کۆکردەوە و ناردیانن بۆ ئەو ناوە و هێزی ئاسمانی مان بۆردومانی یاخی بووەکانی کرد.[2]

---

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین: بەدەم رێگاوە گوڵ چنیین، قوتابخانەکانی رۆژنامەوانی کوردی و سەردەمی قەڵەم و موراجعات، کتێبی دووەم - بەرگی دووەم ، دارالعربیە للعلوم ناشرون، بیروت - لبنان - ٢٠١٣،لا٢٦٦

[2] شێخ مەحموودی قارەمان ودەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان: م.ر.هاوار، لەلایەن بلاك روز چاپکراوە، لەندەن، بەریتانیا - ١٩٩١، لا٥٧٧

**بەڵگەنامەی هەشتەم:**

سەرپەرشتکاری کەرکوك (ئیدمۆندس) ڕۆژی (٢٠ی ئەیلولی ساڵی ١٩٢٥) دەقی ناوەڕۆکی ئەم ئاگادارییەی ناردوە بۆ ڕاوێژکاری وەزارەتی کاروباری ناوخۆ (کۆرنوالیس) و وێنەی داوە بە سکرتێری (هێنری دۆبس) ی نوێنەری باڵا لەبەغداد، سەرەتای ئاگادارییەکە بەم جۆرەیە:

بۆ گشت دانیشتوانی قەرەحەسەن

ئاگادارتان دەکەم کە من سابیربەگی کوڕی کەریمی فەتاح بەگم، لەلایەن مەلیکی کوردستانەوە نێردراوم، ئەو هێزەی کە لەگەڵمدایە بریتییە لە (٣٠٠) سوارە، لە هیچ مەترسن من بۆ کۆکردنەوەی باج هاتووم. لەکۆتایی دا دەڵێ: ئەم ڕاگەیاندنەم گونداوگوند بنێرن تا دەگاتە کەرکوك.

ئیمزا

محەمەد سابیر

فەرماندەی بەتالیۆنی کوردستان.[١]

هەروەکو لە دۆکیۆمێنتی ژمارە C.O.٧٣-٧٧، ڕۆژی ٢٠/٨/١٩٢٥دا.

بڕگەی ٤٣٧:

ئەوە پشت ڕاستکراوەتەوە کە سابیربەگ لەو ساڵانەدا، هەروەکو لە بروسکەکەی سەرەوەدا هاتووە، خەریکی کۆکردنەوەی باج بووە.

**بەڵگەنامەی نۆیەم:**

پرۆفیسۆر(د. کەمال مەزهەر ئەحمەد)سەبارەت بە بەڵگەنامەکان ونامەیەکی هەڕەشە ئامێزی (کەریم بەگ)و (سەیدمحەمەدی جەباری) بۆ (مەجید یەعقوبی)

---

[١] ڕۆشنبیری نوێ: گاڵتەوگەپ وگەمەکانی نێوان شێخ مەحمودو فرۆکەوانەئینگلیزەکان، نووسینی د.کەمال مەزهەر، ژمارە(١٣٦)،ساڵی-١٩٩٥،ل٩٦

فەرماندەی لیوای ئەوکاتەی کەرکووك وای نووسیوە: (لە هەمووی پڕ ماناتر ئەوەیە کە مەجید یەعقوبی نامەیەکی هەڕەشەی تایبەتی لە کەریمی فەتاح بەگی هەمەوەند و"سەید ئەحمەد"* ی جەباری یەوە بۆ هاتووە کە تێیدا ئاگاداریان کردووە بێت و شار بە جێنەهێڵێت ئەیکوژین. مەجید یەعقوبی لە تاوا بە خاوو خێزانەوە ڕۆژی ٢١ی ئەیلولی ساڵی ١٩٢٥ کەرکوکی بەجێهێشت و بەپەلە پروزکێ گەیشتە بەغدا)[١].

**بەڵگەنامەی دەیەم:**

ئەم بەڵگەنامەیە بروسکەیەکی بنکەی هێزی ئاسمانی بەریتانیایە لە سلێمانی، کە لەڕۆژی (٢٦)ی ئەیلولی ساڵی (١٩٢٥)دا، داویانە بە فەرمادەی هێزی ئاسمانی بەریتانی لەبەغداد، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

چالاکییەکی فڕۆکەوانی:

سەعات پێنج و چل و پێنج دەقیقە بەکاتی ناوخۆ پێنج فرۆکە چوونە سەر خانەقین و ناوچەی رووباری تانجەرۆ بۆ گەڕان بەدووی کەریمی فەتاح بەگ و سابیردا، هیچ وەدی نەکرا سەعات حەڤدە و نیو بەکاتی ناوخۆ سێ فرۆکەی تر چوونە سەرکانی گوڵەو جێشانەو هەزارمێرد دیسان بۆ گەڕان بەدووی کەریمی فەتاح بەگ و سابیردا، لە هەزارمێرد سێ ئەسپ بینران، دەستڕێژیان لێ کراو یەکێکیان پێوە بوو.[٢]

---

* سەید ئەحمەد مەبەستی لە سەیید محەمەدی جەبارییە.

[١] ڕۆشنبیری نوێ: ژمارە (١٣٦)ی ساڵی ١٩٩٥، گاڵتەو گەپ وگەمەکانی نێوان شێخ مەحمودو فڕۆکەوانە ئینگلیزەکان، نووسینی د.کەمال مەزهەر، لا٩

[٢] ڕۆشنبیری نوێ: هـ س پ، لا١٠

**بەڵگەنامەی یانزەیەم:**

**بۆ پێشگاهی مەلیك و باش قوماندان:**

**دەستان ماچ دەكەین**

**دوێنێ لە كەندەكەوە لەگەڵ پۆلیس و عەسكەری لویدا دوو سەعات لە جەنگدا بووین و تا گردی شێخ محیّ الدین ـ سلێمانی شكان و لەسەریان چووین، پێنج بریندار و دوو كوژراویان بە ئەسپ و تفەنگەوە بەجێ ما لە ئێمەش حەمە شەریف نەریمان و سێ ئەسپ كوژرا، ئێستا لەدێ ی كەڵەكن و خێوەتەین، فرۆكەمان نەبینیوە، تۆفیق ئاغا و هەموومان خاكی بەرپێتان ماچ ئەكەین.**

**سابیر**

**قوماندانی سوارەی هەمەوەند**

**٢٨/ شباط ١٩٢٦[(١)]**

**بەڵگەنامەی دوانزەیەم:**

**بۆ حەزرەتی مەلیكی كوردستان:**

**خاكپاتان ماچ ئەكەین. لەنزیك تەینالْ دامان لە مەفرەزەی نەقلّیات (٥)ئیستر بە بارە ئازوخەوە لەگەڵ یەك ئەسپمان دەستكەوت، شەش عەسكەر دووانیان كوردبوون گیران، ئەوەندە بە ئازایی دلێری ئەجەنگان دڵم نەهات بیانكوژم ئازا ناكوژرێت بەرم دان هەموومان سەلامەتین و خاكی بەرپێتان ماچ ئەكەین.**

**ئەمین حەمەی ئیمام- خزمەتكارت[(٢)]**

---

(١) چیم دی: ئەحمەد خواجە، بەرگی دووەم، وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن، چاپخانەی كامەران - سلێمانی، لا١٣٢

(٢) چیم دی: ئەحمەدخواجە، بەرگی دووەم، بەفەرمانی وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن و یارمەتی وەزارەتی كاروباری باكوور چاپكراوە، چاپخانەی كامەران ـ سلێمانی، لا١٣٢

**بەڵگەنامەی سیانزەیەم:**

**دۆکیۆمەنتی ژمارە -١٥ .C.O.٧٣٠ رۆژی ١٩٢٦/٧/٢٠ استخبارات رقم/١٥کردستان:**

**بڕگە(٤٦٣)**

**(شێخ مەحموود هێشتا هەر لە "وڵەژێر"ە، کە نزیکی "٣٠٠" سوار و "١٥٠" پیادەی لەگەڵە. سابیری کوڕی کەریم بەگ بە "٥٠" چەکدارەوە هاتوونە ناوچەی بازیان ).[1]**

**بەڵگەنامەی چواردەیەم:**

**لە دۆکیۆمەنتی ژمارە C.O.٧٣٠-١٥ی ڕۆژی ١٩٢٦/٧/٢٠ ، استخبارات ژمارە /١٥کردستان**

**بڕگە (٤٦١):**

**کەریمی فەتاح بەگی هەمەوەند کە تائێستە چەند جارێك لەکوشتن رزگاری بووە، شەوی ١٩٢٦/٦/٢٩ لەکاتی هێرش بردنیا بۆ سەر گوندی (قەرەتامۆر) زۆر خراپ بریندار کرا (کەریم بەگ) لەو شەڕەدا کوژرا کە نزیکی چەمچەماڵە، هەرچەندە هەردوو کوڕەکەی هێشتا ڕاکردوون، بەڵام مردنی کەریم بەگ دەبێتە مایەی پەیدابوونی ئاسایش لە ناوچەکانی نێوان کەرکوك و سلێمانیدا. کەریم فەتاح بەگ ئەوەبوو کە (بۆند)و(ماکانت)ی کوشت لەوساتەوە بە چاکترین شەڕکەری چەتەگەری دەناسرێ.[2]**

---

[1] م.ر.هاوار: شێخ مەحموودی قارەمان ودەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، لەلایەن بلاك رۆژچاپکراوە، لەندەن-بەریتانیا-١٩٩١، ل٥٨١

[2] محەمەد ڕەسوڵ هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، بەرگی دووهەم، چاپ کراوە لەلایەن بلاك روز، لەندەن ، بەریتانیا ـ ١٩٩١، ل٥٨٠-٥٨١

## بەڵگەنامەی پانزەیەم:

سەید هاشم سەید ئەحمەد لە دەستنوسیێکیدا سەبارەت بە (کەریم بەگ) نووسیوویە: (کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند کە لەشەڕی نێوان هێزەکانی شێخ مەحموود و ئینگلیزەکاندا کوژرا، پەیوەندییەکی پتەوی لە گەڵ شێخ مەحموددا هەبووە، بەشێوەیەك کە چەندجارێك شێخ مەحموود لەگوندی باینجان سەردانی کردووە. ئەویش بە هەمان شێوە لە سلێمانی و داریکەلی سەردانی شێخی کردووە. ئێستا یەکێك لەنەوەکانی کەریم بەگ بەناوی "سەروەر" پیشەی پارێزەری دەکات و بەردەوام پارێزگاری لە زوڵم لێکراوان و کەم دەستەکان دەکات، لاوێکی خزمەتگوزار و دڵسۆز و نیشتمان پەروەرە، بۆیە هیوای سەرکەوتنی لە هەموو کارەکانیدا بۆ دەخوازم).[١]

## بەڵگەنامەی شازدەیەم:

خوالێی خۆشبێ (عەزیزکاکەڕەش) کە دانیشتووی گوندی (سلێمانەگردە)یە، یەکێك بووە لە پێشمەرگە ئازاکانی (کەریم بەگ) و لەو شەڕەدا بەشداری کردووە، بەم شێوەیە باسی شەهیدبوونی کەریم بەگی بۆ (مەجید)ی کوڕی گێڕاوەتەوە و وتویەتی: (کاتێ کەریم بەگ بەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە لێدراو برینداركرا نەیهێشت کەس بزانێ، پاش ماوەیەك ڕێکردن بەوپەڕی جوامێرییەوە بانگی لێکردین و گووتی: وەرن کوڕینە ئەم گوللەیەم بۆ دەربهێنن و با کەس نەزانێت، ئێمەش بەزمەی تفەنگەکانمان گوللەکەمان لەناو لەشی دەرهێناو دامانە دەستی، تەماشایەکی کرد و کێشای بە زەوی دا و وتی: ئاخ گوللەی (ماوزەر) تۆ منت بڕی؟! ئیتر لەنزیك گوندی نورە و لە شیوی (گۆڕبەنە) چاوەکانی بە یەکجاری

---

[١] دەستنووسێکی سەید هاشم سەید ئەحمەد : بەناوی (العشیرە الهموند، ورجالاتها المعروفین، ص ١

لێکناو دوای ئەوەی بۆ جێگۆڕکێ و سەر لێشێواندنی دوژمنان لە چەندین گوند گۆڕی بۆ هەڵکەندرا. بەڵام لە ڕاستیدا هەر ئەو شەوە تەرمەکەیمان گەیاندە گوندی دێلیژە و لەناو مەرقەدە پیرۆزەکەی شێخ ڕەزادا بە خاکمان سپارد).

نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە لاپەڕە (٣٣)ی کتێبی دووەم، بەرگی دووەم (بەدەم ڕێگاوە گوڵ چنین) سەبارەت بە (سابیربەگ) نووسیوویە:(کەریم بەگ بەشداری دەیان شەڕی کردبوو دژی ئینگلیزو شارەزاییەکی زۆری پەیداکردبوو لە شەڕی پارتیزانی دا. هەر بۆیە ئینگلیز نەی توانی زەفەری پێ بەرێ دوای کوشتنی ئەم، ئەگەر چی سابیری کوڕی و چەندین کەس لە پیاوە ناسراوەکانی هەمەوەند لە ریزی شۆڕشدا مابوون، بەلاّم شێخ مەحمود بە کوشتنی کەریم بەگ یەکێ لە باشترین فەرماندە دڵسۆزەکانی لەدەس دا).[1]

**بەڵگەنامەی حەڤدەیەم:**

لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O.٧٣٠-٩٥ ڕۆژی ١٨/٨/١٩٢٦ هاتووە:

لە ١٨/٦ ئاگادارکراین سابیری کەریم بەگ و چەکدارەکانی لەوە دەچێ رووبکەنە دەشتی قزلّجە).[2]

لەو هەل و مەرج و بارودۆخە ئاڵۆزەدا شێخ مەحموود ویستوویەتی لە ئێران بگەڕێتەوەو ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراقی و ئینگلیزەکاندا بکات، کەچی ئینگلیزەکان بە هەموو توانایەکیانەوە بەرەنگاری سابیربەگیان کردووە و دژی گەڕانەوەی وەستاونەتەوە، ئەوەش لەو یاداشتەدا بەرچاودەکەوێ کە کورنوالیس

---

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین: بەدەم ڕێگاوە گوڵ چنین، کتێبی دووەم، بەرگی دووم، الدارالعربیە للعوم- ناشرون، بیروت - لبنان ٢٠١٣،ل٣٣

[2] محەمەد ڕەسوڵ هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، بەرگی دووهەم، لاپەڕە ٥٨٢

ناردویە بۆ وەزارەتی ناوخۆی عێراق کە لە دۆکیومەنتی ژمارە ٩٦- ٧٣٠ . O. C رۆژی ٢٦/١٠/١٩٢٦ دا هاتووە.

یاداشتێك لەکورنوالیسەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ (وەزارەتی ناوخۆی عێراق)، سڕی NO. C/٢٩٢٦/٢٧/SL/١

لە خاڵی (١٩)، برگەی (ج)ی، یاداشتەکەدا هاتووە:

(ئەوانەی کە لەگەڵ شێخ مەحموددان دەیانەوێ بگەڕێنەوە دەبێ ئەوانیش شتێکیان بدرێتێ، تەنها سابیری کەریم بەگی هەمەوەند نەبێ، وابزانم چارەسەرکردنی ئەوەشتێکی گران نییە، بەرلەوە کەریم بەگ کوژرابوو بۆیە ناوی نەهێناوە).[1]

**بەڵگەنامەی هەژدەیەم:**

د.کەمال مەزهەر ئەحمەدیش سەبارەت بە ڕاپۆرتی ساڵی (١٩٢٧) کە ئینگلیزەکان داویانە بە کۆمەڵەی گەلان دەڵێ: (هیچی لەوانی تر کەم نی یە هەر بەو جۆرەش راپۆرتەکە ناوی سابیر و عەبدوڵڵای کوڕانی کەریمی فەتاح بەگی هەمەوەند دەبات. ئەوانیش لەو رۆژانەدا، بە پیشەی باوو باپیرانیان، دلێرانە بەرەنگاری داگیرکەر هاتبوون، بەڵکو ئەوساکە، وەك ڕاپۆرتەکە بۆ خۆی دەڵێ: تەنها ئەوان لەکۆڕی خەباتدا مابوونەوە و ئینگلیزەکان کوناوکون بە فڕۆکە و سوارە و سەربازی لیڤی دوویان کەوتبوون).[2]

---

[1] محەمەد ڕەسوڵ هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، بەرگی دووهەم، لا٦٨٩-٦٩٦

[2] د.کەمال مەزهەر: چەند لاپەڕەیەك لە مێژوی گەلی کورد، بەشی یەکەم، چاپخانەی (الادیب البغدادیە)، بەغدا، ١٩٨٥، لا١٢٢

کاتێ شێخ مەحمود لەساڵی (١٩٢٧)دا، دانوسانی لەگەڵ حکومەت کردووە، سابیربەگ لێخۆشبوون نەیگرتوەتەوە و لەگەڵ عەبدوڵڵا بەگی برایی و ئەمین حەمەی ئیمام و براکانیدا شاخیان بەرنەداوەوهاتوونەتەوە گوندی(باینجان) کە هی خۆیان بووە. هەر وەکو (جۆن گلیبەرت براون) لەو بارەیەوە دەڵێت: (شێخ مەحمود لەگەڵ حکومەتدا گەیشتنە دانووساند لەسەر مەرجەکان. هەندێ لە پیاوەکانی سابیر و عەبدوڵڵا، کوڕانی کەریم فەتاح بەگ چوون بۆ ناوچە کۆنەکەیان لە نزیکی دەربەندی بازیان).[1]

لە شوێنێکی دیکەشدا دەڵێ: (سابیر لەگەڵ تاقمێکی نزیکەی حەفتاکەسیدا، هێشتا لەناوچەکەدا بەردەوامە و لە ١٤/حوزەیران، سەرهەنگی دووەم ئەلێکساندەر ـ Lieut .Colonel L.Alexander دیسانەوە لەگەڵ فەوجەکەیدا دوایانکەوت و بە ناوچەی دەربەندی باسەڕەدا رۆشت، هیچ بەرەنگارییەکی پێش نەهات).[2]

جێگەی داخە هەمیشە ئەو رۆژنامانەی کە زمانحاڵی ئینگلیزەکان بوون، شۆڕشگێڕەکانی کوردیان بە چەتە و ڕێگر لە قەڵەم داوە، هەروەکو لەم بەڵگەنامانەی خورەوەدا هاتووە:

**بەڵگەنامەی نۆزدەیەم:**

لە رۆژنامەی (ژیان)دا ئەم هەواڵە بلاّوکراوەتەوە، کە دەڵێت:(شەوی ١٥ی مانگ تاقمێك لە چەتەکان لەژێر رەعیەتی سابیری کەریم بەگ و ئەمینی حەمەی

---

[1] جۆن گلیبەرت براون: هـ. س. پ، لا١٦٢

[2] جۆن گلیبەرت براون: هـ. س. پ ، لا١٦٣

ئیمام دا، لەتاو هێرشی برسێتی چونەتە قەرەتۆغان و لە پاش خۆتێرکردن لە ئولۆبەوە تیَ ئەپەڕن)[1].

رۆژنامەی ژیان

ژمارە:٦٦: رۆژی ١٧ی مایسی ١٩٢٧

**بەڵگەنامەی بیستەم:**

(ساڵی ١٩٢٣ دوو فرۆکەی بۆمبا هاوێژی ئینگلیز لەیەك کاتدا کەوتنە خوارێ، یەکێکیان لەسەرچنار و ئەوی تریان لە تاسڵوجە، ئەمەی تاسلوجەیان پیاوەکانی کەریمی فەتاح بەگی هەمەوەند لەداخی دڵی خۆیان پارچە پارچەیان کرد ).[2]

**بەڵگەنامەی بیست و یەکەم:**

سلێمانی بە تایبەت ماڵی شێخ ڕۆژی ١٩٢٣/١٢/٢٥ بە فڕۆکە بۆردومان کرا. مارشاڵ سێرجۆن سالمۆندی سەرکردەی هێزی ئاسمانی بەریتانیا لە عێراق خۆی بە فڕۆکە بۆمبای گرتە ماڵی شێخ و هەر دەرگای دەرەوەی بەرکەوت، دوو فڕۆکەیان نزیکی سەرچنار و لە دەربەندی تاسڵووجە پەکیان کەوت و نیشتنەوە، شێخ یەکەمیانی پاراست و، دووەمیان بە دەستی کەریم بەگی هەمەوەند تێکشکێنرا.[3]

---

[1] رۆژنامەی ژیان: ژمارە(٦٦)، رۆژی ـ ١٧(ی مایس( ١٩٢٧).

[2] ڕۆشنبیریی نوێ: ژ١٣٦ ساڵی ١٩٩٥، گاڵتەو گەپ و گەمەکانی نێوان شێخ مەحمودو فڕۆکەوانە ئینگلیزەکان، نووسینی د.کەمال مەزهەر، لا٨

[3] سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی نەمر: ١٩٢٣-١٩٢٤، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح، لێکۆڵینەوەی د.کەمال فواد و سدیق ساڵح، لا٢٢

**بەڵگەنامەی بیست و دووەم:**

**لەتیف تاهیر ئاغا هەموو جارێك دەیگوت: سابیربەگ لە کۆیەش فرۆکەیەکی خستوەتە خوارەوە.**




**محەمەدی حاجی عەلی کەوتنەخوارەوەی فرۆکەکەی کۆیە پشت ڕاست دەکاتەوەو دەڵێت: (کەریم بەگ کە یەکێك بوو لەسەر لەشکرانی شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمر زۆرجار بەم وڵاتەی کۆیەدا گوزەری کردووە و لەلای پیاوەماقوڵ و دیارەکان میوان بووە، لە بیستەکانی ئەم سەدەیە لەگوندی گۆمەشینی سەردانی کوێخا عەولای گۆمەشینی دەکات، کە باوکی مامۆستا جەمالی خەتیبی مزگەوتی گەورەی کۆیە یە. لەوێ یەکێ لە شۆڕە سوارەکانی کەریم بەگ بە تفەنگێکی سێ تیر فرۆکەیەك لە فرۆکە جەنگییەکانی ئینگلیز بەردەداتەوە. ئەمەش دەبێتە**

شانازییەکی گەورە و یادێکی شیرین لە دڵی خەڵکی ئەم دێیە و قارەمانانی شۆڕشی شێخی نەمر).[1]

**بەڵگەنامەی بیست و سێیەم:**

نەوشیروان مستەفا ئەمین سەبارەت بە (ئەحمەد بەگ)ی کوڕی(کەریم بەگ) دەڵێت: (لەزابیتان: یونس ئەفەندی، رەمزی ئەفەندی، حیکمەت ئەفەندی، سەبری ئەفەندی، رەشیدئەفەندی، حەسەن ئاغا لە عەشایر: ئەحمەدی کەریم بەگی هەمەوەند، هەر ٣ برای ئەمینی حەمەی ئیمام، سەیدەی شێخ عەلی کانی کەوە، شێخ عەلی سەرکار و کوڕەکانی، ئەمانە بەخۆیان و پیاوەکانیانەوە، تاقمی سۆفیوەند، غەوارەی جاف، شێخ عارفی بانی بنۆك، لەگەڵ قیسمێك لە ئەهالی شار و جێگایانی سائیرە، نزیکی ١٢٠کەسێ لە چەتەکان چوونەتە پێنجوێن و لە خزمەت جەنابی موتەسەریفدا تەعەهودی حوسنی سلوکیان داوە و وەسیقەیان وەرگرتوە).[2]

**بەڵگەنامەی بیست و چوارەم:**

نووسەر(عەبدولمەجید فەهمی حەسەن)یش، سەبارەت بە (ئەحمەدبەگ)ی کوڕی (کەریم بەگ) دەڵێت: (ئەحمەدبەگی کوڕی کەریم بەگ یەکێکە لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی هەمەوەند لە قەزای چەمچەماڵ. خاوەنی خانەوادە و دەسەلاٌت و پلە و پایەیەکی بەرزە و لە ساڵی (١٩١٧) لە (چەمچەماڵ) لەدایك بووە، لەسەردەستی مامۆستا تایبەتەکانی فێری خوێندەواری و زانیاری بووە. ئێستا

---

[1] رۆژنامەی هاموون: ژ (٨)، ساڵی یەکەم ، دووشەممە ٩/٢/١٩٩٨، کەریم بەگی فەتاح بەگ لەکۆیە، ئامادەکردنی محەمەدی حاجی عەلی، لا٤٧

[2] نەوشیروان مستەفا ئەمین: بەدەم رێگاوە گوڵ چنین، کتێبی دووەم، بەرگی دووەم، الدار العربیە للعلوم - ناشرون، بیروت - لبنان ٢٠١٣، لا٤٤٧

سەرۆکی پۆلیسی عەشایەرە لەچەمچەماڵ و زۆر بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە دەکات، چونکە کەسایەتییەکی خاوەن ڕێز و ناودار بووە، ئێستا هەردوو کوڕەکەی "عەلی" و "سالار" لە قوتابخانەی سەرەتایی دەخوێنن).[١]




ئەحمەدبەگ ساڵانی (١٩٥٨ ـ ١٩٥٩) بەرێوەبەری پۆلیس بووە، لە گوندی (سەرچناری) ناوچەی (شێخ بزێنی). بەشداری لە شۆڕشی (شێخ مەحموود)دا، کردووەولە ناوەڕاستی شەستەکانیشدا (مەلا مستەفا)ی بارزانی بە تایبەتی داوەتی کردووە و بۆ ماوەی سێ شەو سێ ڕۆژ لەماڵ و بارەگاکەی خۆی میوانداری کردووەو و ڕێزی زۆری لێگرتووە و پلەی سەرلقی (٢)ی ناوچەی بازیانی پێ سپاردووەوبیست تفەنگ و دوو ڕەشاشی ژێرسەی پێ بەخشیوەو و فەرمانی پێ داوە، ئەو هەمەوەندانەی کە لە گوندەکانی خۆیان نەماون، بچنەوە سەر ئاو و زەوی و زاری خۆیان و ئازاد بن. ئەحمەدبەگ لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداری

---

(١) عبدالمجیدفهمی حسن: تاریخ مشاهیر الاویه العراقیه، تاریخ الاسر العراقیه المشهوره بعراقته، و رجالاتهاو زعمائها، مطبعة الزمان، الجزو الاول، بغداد -١٩٤٦، ص٣٥٦

چەندین شەڕی کردووە، لە سەختترینیان: شەڕی گوندەکانی (گەورەدێ، باینجان، دۆڵی سورداش، خاڵخاڵان و هتد). ئەوەی جێگەی داخە لە ڕۆژی ٢٠/١١/١٩٧٠ لە گوندی (باینجان)ی ناوچەی (بازیان) ماڵ ئاوایی لە ژیان کردووە و (٨)کچ و (٥)کوڕی بەناوەکانی (عەلی، سالار، سەردار، دارا، سەروەر) لەپاش خۆی بەجێ هێشتووەو لەگۆڕستانی (شێخ سەعید)ی شاری(چەمچەماڵ) بەخاك سپێردراوە.

**بەڵگەنامەی بیست و پێنجەم:**

تێلگرافی ژمارە (٤٣٨) ی ڕۆژی ٢٣/٦/١٩٢٢ کە مەندوبی سامی لەبەغداوە ناردوویە بۆ وەزیری مستعمرات سەبارەت بەگەڕان بەدووی رابەری مەزنی کورد (کەریم بەگی فەتاح بەگ) و پێشمەرگەکانییدا کە دەڵێ: (ڕۆژی ١٩/ی مانگ شەش فڕۆکە بەسەر سلێمانیدا فڕین و دووانیان بەسەر چەمچەماڵ دا فڕین و لە چەمچەماڵ یەکێك لەو دوو فڕۆکەیە کاپتن(هۆڵت)ی معاونی ئەفسەری سیاسی هەڵگرت. فڕۆکەکان بەسەر ئەو ناوچانەدا فڕین کە کەریم بەگ و تاقمەکەی لێبوو کە٣٠ - ٤٠کەسێك دەبوون، بەڵام هیچ بزووتنەوەو جم و جوولێك لەو ناوچانەدا نەبینرا).



**بەڵگەنامەی بیست و شەشەم:**

**مامۆستا مەلا محەمەد سەعیدحەسەن:**

**زانایەکی ئاینی بەناوبانگ ومامۆستایەکی چالاکی شاری چەمچەماڵ بووە، لە ساڵی (١٨٨٠) لە چەمچەماڵ لە دایك بووە، سێ کوڕ و دوو کچی بەناوەکانی (مەلا طیب، مامۆستاعبدالرحمن، عەبدوڵڵا، صافیە، عالیە)لەپاش بەجێ ماوە مەلا محەمەد خوشەویست ودۆستێکی نزیکی (کەریم بەگی فەتاح بەگ)ی، هەمەوەندبووە، لە ساڵی (١٩٢٠) لەسەر داوای (مەلا محەمەد) کەریم بەگ هێرشی کردووەتە سەر قشڵەکەی چەمچەماڵ لە نزیك ماڵی حەسەن فەقیانە و داگیری کردووەوهاوڕێیەکی (مەلامحەمەدی) بەناوی(مەلا ئیسماعیل چەخماخ سازی کەرکوکی )وچەندکەسێکی تری رزگارکردووە.شێخ مەحموودیش لەساڵی (١٩٢٢) دا،نامەیەکی بو(حەمەومین ئاغا)ی قایمقامی چەمچەماڵ ناردووە ،کەمەلا محەمەد وەکومامۆستایەك لەچەمچەماڵ دەست بەکاربێت.**






**بەڵگەنامەی بیست و حەوتەم:**

**د. ڕەنجدەر شێرزاد، لە کتێبەکەیدا ئەم بەڵگەنامە گرنگەی هێزی ئاسمانی بەریتانی بڵاوکردۆتەوە،کەباس لەئازایەتی وچالاکییەکانی کەریم بەگی فەتاح بەگ)ی هەمەوەند و (سابیربەگ)ی کوڕی دەکات، کەچۆن لەهەوڵدابوون بۆ ڕزگارکردنی شاری سلێمانی، ئەمەش دەقەکەیەتی:**

**ئیدارەی بەسرە**

**بارەگای ئاسمانی هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق،**

**لە ڕێککەوتی ٢٥ی ئابی ١٩٢٤**

**فایلی ژمارە: ١٠٠، نهێنی.**

**پوختەی زانیاری هەواڵگری.**

**مقاتەعەی بەسرە.**

ئاماژە بە بڕگەی ١ی پوختەی زانیاری هەواڵگری ژمارە ٩٧ لە ڕێکەوتی ٤ی ئابی ١٩٢٤. گواستنەوەی زیاتری پەنابەرانی موتەیر لە ڕومەیلە باس کراوە. هەندێك لە خێمەکانی برزان و مەیمون (برایح، موتەیر) و جیبلان لە دووری نزیکەی ٦ میل بەرەو باکوور بەرەو ڕەتاوی ڕۆیشتوون.

دەسەڵات: بەسرە ئەفسەری پشکنەری سیاسی

باشووری کوردستان، بارودۆخی سلێمانی

جگەلە ئەگەری چالاکییەکانی سابیر (کوڕی کەریمی فەتاح بەگی هەمەوەند) بارودۆخی سلێمانی لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا بێدەنگ و پڕ ڕووداو بووە. بازرگانی لە شارۆچکەکەدا لە زیادبووندایە، ئەمە لە کاتێکدا لە ئێستاوە چاککردنەوەی بینا زیانلێکەوتووەکان دەستیپێکردووە.

لە ٢١ی ئاب سابیر لەگەڵ گروپێکی بچووك، سێ کاروانی بازرگانییان لە هوانە لە دووری ٢١ میل لە باشووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی بردو و لە شەوانی ٢٣ و ی٢٤ مانگدا هەڵیانکوتایە سەر ڕازیان و ئابلاغ لە دووری ٦ میل لە باشووری ڕۆژهەڵات و ٢ میل لە ڕۆژئاوای سلێمانی. باس لەوە دەکرێت کە سابیر پیاوی لەسەر هەموو ڕێگا سەرەکییەکانی ناو سلێمانی داناوە لە هەوڵدایە بۆ گەمارۆدانی شارۆچکەکە.

لە ٢٠ی ئابدا بە شێوەیەکی باوەڕپێکراو ڕاپۆرت هاتوە کە شێخ مەحمود لە سەردانێکدا لە چنگنیان بووە لە دووری ١١ میل لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی. لە ئەنجامدا لە هەمان ڕۆژدا گوندەکە بۆردومان کرا و کاریگەرییەکی باشی هەبوو. ڕاپۆرتێکی دواتر باسی لەوە کردوە کە بۆردومانەکە حەوت قوربانی لێکەوتووەتەوە. لە ٢٣ی ئاب هێزێکی لیڤی هێرشیان کردە سەر باخ و ترامائولیا(تەرەماری سەرووە بە هەڵەی تایپ هاتووە). دوو گوندی نزیك لەیەك و سووتاندیان. لە دووری نزیکەی ٢١ میل لە ڕۆژئاوای باکووری ڕۆژئاوای

سلێمانیەوە. یەکەمیان لەلایەن کریمی فەتاح بەگەوە بۆ دەستپێکردنی هەڵمەتەکان بەکارهێنراوە، لەکاتێکدا دووەمیان موڵکی خۆیەتی[1].
(دەسەڵات: یەکەی سلێمانی و ئەفسەری پشکنەری سیاسی. سلێمانی).


SECRET

No 100.

Air Headquarters,
British Forces in 'Iraq.
Dated 23th August 1924.

SUMMARY OF INTELLIGENCE.

BASRAH DIVISION.

REFUGEE AKHWAN.

1. Reference paragraph 1 Summary of Intelligence No 97 dated 4th August 1924. A further move of Mutair refugees from Rumailah is reported. Some tents of the Birzan and Maimun (Braih, Mutair) and Jiblan (Ilwah, Mutair) have moved about 6 miles northwards to Ratawi.

(Authority :- S. S. O. Basrah.)

SOUTHERN KURDISTAN.

SULAIMANI SITUATION.

2. With a possible exception of Sabir's activities the situation at Sulaimani has remained quiet and uneventful during the past week. Business in the town is increasing, whilst reparation of damaged buildings has already begun.
On 21st August Sabir with a small party looted three trade caravans at Muhun (21 miles S.E. of Sulaimani) and Raided Hasiyan and Ablagh (6 miles S.E. and 8 miles W. of Sulaimani respectively) on the nights of 23rd and 24th inst. Sabir is stated to have posted men on all main roads into Sulaimani in an attempt to blockade the town.
On 20th August Shaikh Mahmud was reliably reported to be in Chingina (11 miles N.E. of Sulaimani) on a visit. Consequently the village was bombed on the same day with good effect, a subsequent report stating that seven casualties were caused.
On 23rd August a Levy force attacked and burnt Bagh and Irmal Uliya, two villages lying close to each other about 21 miles W.N.W. of Sulaimani. The former has been used by Karim Fattah Beg for initiating raids, whilst the latter is his property.

(Authority :- Sulaimani Column and S.S.O. Sulaimani.)

---

[1]. پرسگیرییەکانی (باشوری کوردستان) لە ئەرشیف خانەکانی لەنێوان ساڵانی (١٩١٨-١٩٢٦): کۆکردنەوە وەرگێڕانی: پ.ی. د. رەنجدەر محمد عەزیز، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی-٢٠٢٤، ل٤٢٣، ٤٢٤

**بەڵگەنامەی بیست و هەشتەم:**

**د. ڕەنجدەر محەمەد عەزیز، لە کتێبەکەیدا ئەم بەڵگەنامەی بڵاوکردووەتەوە، کە شێخ مەحمودی حەفید فەرمانی داوە (١٠٠)کەس بۆ سەربازگەی هەڵەبجە و(١٥٠)کەسیش بۆ (کەریم بەگی فەتاح بەگ)ی هەمەوەند دابمەزێنێت، ئەمەش دەقەکەیەتی:**

**کوردستان لە عێراق/ پرسی گفتوگۆی ڕاستەوخۆی شێخ مەحمودی حەفید لە بەغداد و هەلومەرجی باشوری کوردستان. ١٥ کانوونی یەکەمی ١٩٢٣دا نێردراوە.**

**(٨٧٨) شێخ مەحمود لە هەوڵەکانی پێشوی شکستی نەهێناو (نا ئومێد نەبو) جارێکی تر نێردەکانی نارد بۆ بەغداد. سەید ئەحمەد بەرزنجی گەڕاوەتەوە، لەگەڵ شێخ محەمەد غەریب، کە زاوا و دڵسۆزترین لایەنگری شێخ مەحمودە. شێخ قادر، برای شێخ مەحمود، لەگەڵیان گەیشت، بەڵام ڕوون نیە کە ئایا بۆ هەمان ئەرکە یان نا. ئەو لەگەڵ خاڵەکانی، شێخ عەبدولکەریم و عەبدولقادر، کە دانوستانەکانی ئەم دواییەوە بوونە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ شێخ مەحموددا هەبێت، لە ململانێدایە. محەمەد غەریب نامەیەکی هێناوە بۆ پشکنەری کارگێڕی، کەرکوك، کە بە شێوازێك ئاشنا لەدەربڕینی شێخ مەحمود نوسراوە، ڕایدەگەیەنێت کە شێخ محمود ناتوانێت سلێمانی بەجێبهێڵێت چونکە ڕۆیشتنی دەبێتە ئاماژەیەك بۆ پشێوی خێڵەکی بۆیە داوا لە کۆمیساری باڵا دەکات کە نوێنەرێك بۆ قادرکەرەم یان ناوچەی کفری بنێرێت، بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ شێخ مەحمود و هەروەها ڕێکخستنی هەبوونی بریکاری بەریتانی لە سلێمانی، هەر کاتێکیش کە هەموو شتێك لەوێ ڕێکخرا، شێخ مەحمود دەتوانێت بێتە بەغدا. پشکنەری کارگێڕی ڕەتیکردەوە چاوی بە محەمەد غەریب بکەوێت یان وەڵامی نامەکە بداتەوە. نامەی هاوشێوە کە ئاراستەی کۆمیساری باڵا و**

ئەندامانی ستافەکەی و هەروەها بۆ ڕاوێژکاری ی ناوخۆ نوسراوە نێردراوەتە بەغدا، بەڵام هیچ گرنگییەك بەونامانەو هەڵگرانی نەدراوە.

(٨٧٩). لەم نێوەندەدا لە نێوان درێژبوونەوەی دۆخی نادیاری سلێمانی، و بە تایبەتی ئەو پشکەی کە شێخ عەبدولکەریمی قادرکەرەم لە دانوستانەکاندا هەیەتی، کە ماندوونەناسانە لە هەوڵدایە بۆ دابینکردنی گەڕاندنەوەی شێخ مەحمود، مەیلی زیادکردنی شکۆمەندی شێخ مەحمود هەیە. (خاڵەکانی)، شێخەکانی قەرەداخ، ئەوەندە بە بەردەوامی لە پەیوەندیدان لەگەڵیدا کە وای کردوە هێڵەکانی نێوان ئەو خاکانەی لە سلێمانی جیابوونەتەوە و ئەوانەی بە شێوەیەکی کاتی لەژێر کۆنترۆڵی شێخ مەحموددا ماونەتەوە، لەم خاڵەدا چارەنوسیان بە خێرایی بەرەو نادیاری دەڕۆن. تووتن کە هەڵگیرابو لەسەر بنەمای ئەو هیوایەی کە ڕەنگە گۆڕانکاری لە ئیدارەکردندا ڕووبدات، ئێستا دێتە ناو سلێمانی و لە ئێستاوە بەشی ئەوە هەیە کە بتوانێت باجی گومرگی شێخ مەحمود بدات کە دەکاتە چوار لاك. دۆزینەوەی قایماقامێکی گونجاو بۆ هەڵەبجە مەحاڵ بووە، بۆیە بیرۆکەی دانانی کەسێکی سەربەخۆ وەلا نراوە. ئەحمەد و حەمید (بەگ) کە بەدوای یەکدا قبوڵکردنی پۆستەکانی قایمقامی و یاریدەدەریان ڕاگەیاندبوو، نەیانتوانیوە بێنە کەرکوك و وا دەردەکەوێت کە سیاسەتی حەمیدبەگی لایەنگری شێخ مەحمود لەو ڕۆژەدا سەرکەوتوە بەسەر مەیلی زۆر دڵسۆزانەی عادیلە خانمی، دایکی ئەحمەد بەگدا. هەروەها سەید محەمەد جەباریش کێشە دروست دەکات. ئاماژەی ئەوە هەیە کە جموجۆڵەکان لە سلێمانی لەسەرپێن بە ئامانجی تێکدانی ئیدارەی نیشتەجێی لیوای کەرکوك و بەپێی ڕاپۆرتێکی پشتڕاستنەکراوە شێخ مەحمود فەرمانی دامەزراندنی ١٠٠ پیادەو ١٠٠ ئەسپی بۆ سەربازگەی هەڵەبجە داوە و داوای لە کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند کردووە بۆ ١٥٠ کەسی دیکە، بەڵام داواکاری ڕووبەڕوی ڕەتکردنەوە بوەتەوە. دەوترێت مەحمود خانی دزلی

لە سلێمانییە بە ٥٠ یان ٦٠ شوێنکەوتووی چەکدار هەروەها جافەر سوڵتانش بەهێزیکی نادیار لە شوێنکەوتووەکانی لەوێیە.

٨٨٠ دەوروبەری ٧ی تشرینی دووەم، ئەحمەد ئەفەندی تەقی، کە ساڵی ڕابردوو لە پێشەنگەکانی چالاکییەکانی تورکیا بو لە ڕەواندوز، لە ئەنقەرەوە لە ڕێگەی ورمیەوە گەیشتە سلێمانی و ڕایگەیاند کە بە دڵنیاییەوە موسڵ گەڕێنراوەتەوە بۆ تورکەکان، و حکومەتی بەریتانیا داوای لیکردوون کە تەنها هێڵی ئاسن و پشکێك لە نەوتەکەیان بمێنێتەوە. هەروەها ڕایگەیاند کە گوێی لیَ بووە و فەرمان بۆ سەربەخۆیی شێخ مەحمود دەرچوە. ئەم پڕوپاگەندە ناشیانە بێکاریگەری نەبوون لە بەشیَ کۆتایی باکووری لیوای سلێمانی.

٨٨١. لە دواترین ژمارەی بڵاوکراوەکەی شێخ مەحمود، ئومێدی ئیستقلال، سەرنوسەرەکەی، ڕەفیق حیلمی، هیلێکی نوێی بە لایەنگریکردن لەسەر شا فەیسەڵ دەخاتەڕوو کە پیاهەڵدانە و تێیدا هەست بە ئاماژەی دەنگێکی کەمێك دژە بەریتانی دەکرێت، هەروەها لە کۆتایی بابەتەکەدا هێرش دەکاتە سەر لایەنگرانی تورك لە سلێمانی بەهۆی ئەوەی کە گوایە تەنها دوای چۆڵکردنی بەریتانیا لە سلێمانی ڕوخساری خۆیان ئاشکرا کردوەو، ملکەچی سیاسەتی بێمانا و ستەمکارانەی مەیجەر سۆن بوون.

٨٨٢ بیر لەڕێکخستنەوەکان دەکرێت بۆ بەڕێوەبردنی وردی قەڵادزیَ. ئەوە پشتڕاست کراوەتەوە کە بابەکر ئاغا ڕێککەوتنی لەگەڵ سەرۆکە نەیارەکانی پشدەر کردووە لەسەر بنەمای ئەوەی کە عەباس مەحمود دژایەتی هەوڵەکانی بابەکر ئاغا نەکات بۆ دامەزراندنی حکومەت لە ناوچەکەیدا، ئەگەر هاتو بابکر

بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەڵ بەریتانییەکان بپارێزێت. پێناچێت هیچ کام لەم دوو لایەنە متمانەی زۆریان بە لایەنەکەی تر هەبێت[1]



SECRET

INTELLIGENCE REPORT.

SECRETARIAT OF H. E. THE HIGH COMMISSIONER FOR 'IRAQ.

Baghdad, the 15th December 1923.

REPORT No. 24.

(The contents of this report are for the sole information of those to whom it is addressed. Not to be reproduced).

Copies to :—

8 Copies—Air Headquarters, Baghdad.
2 „ —Colonial Office.
1 Copy —India Office.
1 „ —Foreign Office.
1 „ —The Chief of the Air Staff, Air Ministry, London.
1 „ —War Office.
2 Copies—Foreign and Political Department, Delhi.
2 „ —High Commissioner, Cairo.
1 Copy —High Commissioner, Jerusalem.
1 „ —British Chargé d'Affairs, Constantinople.
1 „ —British Legation, Tehran.
1 „ —Resident, Aden.
1 „ —Resident, Bushire.
1 „ —British Agent, Jeddah.
1 „ —Director of Intelligence, Khartoum.
1 „ —Chief British Representative, Trans-Jordania, Amman.
1 „ —Consul-General, Beyrout.
1 „ —Consul, Damascus.





6

share of the oil only. He also stated that he
ny of Shaikh Mahmud. This clumsy propaga
the northern end of Sulaimani Liwa.
e latest number of Shaikh Mahmud's paper,
ilm), strikes a new line with a panegyric o
ptible, also, a slight undercurrent of anti-
d of the article the pro-Turks of Sulaimani,
ter the British evacuation, are attacked for h
l oppressive policy of Major Soane.
ngements for the closer administration of Qal'a
is confirmed that Babakr Agha has made an
Chiefs on the basis that 'Abbas i Mahmud
pts at establishing government within his a
ts with the British. Neither party appears
ther.



(1). پ.ی. د. ڕەنجدەر محمد عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٥٢، ٣٥٣، ٣٥٤

**بەڵگەنامەی بیست و نۆیەم:**

د. ڕەنجدەر محەمەد عەزیز ئەم بەڵگەنامەیەی لەئینگلیزییەوە، وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی، لە والّی خۆی بلاّوی کردووەتەوە. کەباس لە شۆڕشگێڕێتی سابیربەگ وعەبدوللّا بەگ وئەحمەد بەگی کوڕانی "کەریم بەگی فەتاح بەگ"ی هەمەوەندو ئەمینی حەمەی ئیمام و تۆفیق حەسەن ئاغا ئەکات. کە لەدوای کۆتایی هاتنی شۆرشی شێخ مەحمود و خۆبەدەستەوەدانی شۆڕشگێڕەکان، ئەمان خۆیان نەداوە بەدەستەوە و تەسلیم بە ئیرادەی شەڕەنگێزی ئینگلیزەکان نەبوونە.

هەروەکو لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە:

ا/٥٦، ڕێککەوتی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٢٧

ستافی ئاسمانی،

لقی 'أ'

ناوچەی سلێمانی:

أ. لەکاتی خۆبەدەستەوەدانی شێخ مەحمودەوە زۆرینەی سەرکردە بەرهەڵستکارەکان لەگەڵ شوێنکەوتووانیان، کە بەپێی مەرجەکانی ڕێککەوتنەکە لێبوردنیان بۆ دەرچوو گەڕاونەتەوە بۆ سلێمانی و ناوچەکە.

ئەم سەرکردانە ش بەسەر دوو گروپدا دابەش بوون:

(ئەی) ڕەگەزە تەنیا خێڵەکیەکان، وەکو، حەمەی شێخ عەلی کە هێزەکانی گەریلای جوڵانەوەی سەربەخۆی پێك هێنا.

(ب) ئەفسەرەکان ولایەنگرانی تری شێخ مەحمود کە کادری دامەزراوە مەدەنی و سەربازییە هەمیشەییەکانی شێخیان پێکهێنابوو.

لیستی ئەو کەسانەی کە تا ئێستا هاتوونەتە ناو سلێمانی هاوپێچ کراوە.

ئەوانەی لە ناو گروپی (ئەی)ن، بۆ گەڕانەوەیان لە کاتی خۆیدا بۆ ماڵەکەیان" هەندێکیان هەر پێشتر ئەو کارەیان کردووە.

ئەوانەی لەناو گروپی (ب)ن، هیوادارن لە کاتی خۆیدا کار بدۆزنەوە" ئەوان لە زۆربەی کاتەکاندا ئەو سەربازە شارەزایانەن کە لە ژێر دەستی تورکەکان و دواتر لە ژێر دەستی بەریتانییەکان لە لیڤی یان پۆلیسدا خزمەتیان کردووە.

٢. گشتی.

ملکەچبوونی شێخ مەحمود و ئەنجامی پەرتەوازەبوونی زۆرینەی بەرهەڵستکاران بۆ ماڵەکانیان، بە شێوەیەکی سروشتی تەواوی تێڕوانینی دۆخی گشتیی بۆ کاتی ئێستا گۆڕیوە.

بە تایبەتی ئەم فاکتەرە، پێکەوە لەگەڵ ئۆپەراسیۆنی ئێران لە مەریوان و هەورامان، هاوکارییەکی بەرچاوی کردووە لە خۆشکردنی ڕێگە بۆ سەقامگیری سیاسی ناوچەی کەولۆس- پێنجوێن هەروەها وڵاتی هاوسنووری ڕێگای پێنجوێن ـ خورمال. بەگزادەکانی هەورامان کە کۆنترۆڵی ئەم کەرتەیان کرد، بێبەش بوون لە خاڵی گردبوونەوەی سەربەخۆیی خۆیان (شێخ مەحمود) و ڕووبەڕووی فشاری حکومەت بوونەتەوە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە ، ملکەچی پێویستی بوون و تەسلیم بوون. لە سەردانەکەی ئەم دواییەی موتەسەریفدا بۆ پێنجوێن و هەڵەبجە لە (١٦ بۆ ٢٤)ی حوزەیران، هەموو سەرۆکەکانی ناوچەی پەیوەندیدار ڕاپۆرتیان پێدا و داوای مەرجەکانی سەقامگیریان کرد .

دەزانرێت سیستەمێك ڕێکدەخرێت کە بەهۆیەوە ئەوان بەرپرسیاردەبن لە ڕێکخستن و ئاسایش لەو ناوچەیەدا لە ژێر ڕێنمایی حەمە ڕەشید وەیسە، کە خۆی لەم ڕووەوە پاداشتێك لە بەرامبەر خزمەتەکەیدا وەردەگرێت.

پاشکۆ.

لەکاتی خۆبەدەستەوەدانی شێخ محمودەوە، ئەمانەی خوارەوە هاتون بۆ سلێمانی یان گەڕاونەتەوە بۆ ماڵەکانیان بە پێی مەرجەکانی لێخۆشبونی ئازاد.

(أ) سەرکردەی هۆزەکان.

سەیدەی جەباری، لە بنەڕەتدا بە ١٠ سوارەوە بۆبازیان نێردرا. جگە لە ٢ خزمەتکاری شەخسی هەموویان گەڕاونەتەوە ماڵەکانیان. سەیدە ئێستا لە سلێمانییە.

شێخ ڕەشیدی جەباری، شێخ ئیسماعیلی جەباری، لەگەڵ ١٥ شێوێنکەوتەیاندا گەڕاونەتەوە لەگەڵ شێخ محمود.

حەمەی شێخ عەلی سلێمانی لەگەڵ ١٠ کەس لە شوێنکەوتوانی هاتووەتە سلێمانی و شێخ ڕەشیدی شێخ عەلی هەمویان لە سلێمانی ماونەتەوە. شێخ عەلی

تێبینی: حەمە و ڕەشید، کوڕی شێخ عەلی بنەماڵەی سلێمانین. شێخ عەلی برای سەلمە خانی دایکی ئایشە خانی خێزانی شێخ محمودە.

حەمە، یەکێکە لە سەرکردە شۆڕشگێڕە دیارەکان، هەرچەندە هێشتا منداڵە بەڵام نزیکەی ٦٠ ئەسپی خێڵەکی لە ژێر دەستیدا بوو وە پێگەیەکی لە نێو هێزە ناڕێکخراوە خێڵەکیەکاندا هەبوو هاوشێوەی ئەو پێگەی مەجید ئەفەندی لەگەڵ هیزە ڕێکخراوەکاندا هەیبووە. بارەگای سەرەکی لە چنگیان بوو، وە کاری سەرەکی چاودێریکردنی کاروباری شێخ محمود بوو لە شارباژێر.

ئەحمەدی کەریمی فەتاح بەگ، برای سابیر و عەبدوڵا لەگەڵ ٩ کەس لە شێنکەوتووانی هاتوون و گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەی هەمەوەند.

شێخ ڕەشیدی باخ، باوکی ڕەشیدی باخ کە لە پێکدادانی لەگەڵ یەکەی (؟) کوژرا لە ١٩٢٧/٥/٤، لەگەڵ ١٢ کەس لە شوێنکەوتووانی گەڕاوەتەوە ماڵەوە لە گوندی باخ.

نوری محمد غەریب، لەگەڵ دوو لە شوێنکەوتووانی هاتە سلێمانی و لەوێ مایەوە. نوری لەگەڵ باوکی نزیکەی ١٢ شوێنکەوتەیان هەبوو، ١٠ کەسەکەی دیکەیان لەگەڵ شێخ محمود بوو.

(ب) ئەفسەرەکانی شێخ محمود ، کە ئێستا لە سلێمانین:

ماجد ئەفەندی، یونس ئەفەندی، نەجات ئەفەندی، رەمزی ئەفەندی، ڕەشید ئەفەندی، سەبری ئەفەندی، عومەر ئەفەندی و عبدوڵا ئاغا.

لە کەرکوك: حەسەن ئاغا.

هەروەها سەید ئەحمەدی مەرەخەس، بریکاری شێخ محمود لە سلێمانیە.

ئەم سەرکرە شۆڕشگێرانەی خوارەوە هەروەها شوێنکەوتوانی پێشوی شێخ محمود ، کە نەگەڕاونەتەوە لەبەر هۆکارەکانی تایبەت بە خۆیان یان لەبەر ئەوەی لێخۆشبونەکە نەیگرتونەتەوە، بەم شێوەیە دابەش بوون:

(أ) لەگەڵ شێخ محمود.

شێخ محمود غەریب: ١٠ ئەسپ

عەزیز ئەفەندی (ئەفسەر)

میرزا عبدوڵای جاف: نزیکەی ١٠ ئەسپ.

(ب) لە ئێران.

سابیر، عەبدوڵا، تۆفیقی حەسەن ئاغا، ئەمینی حەمەی ئیمام: دەوترێت هەمەوەند ئێستا بە نزیکەی ٣٠ شوێنکەوتەوە لە ناوچەی کیورماسین(کونەماسیە بەهەڵەی تایپ هاتووە).

دەوترێت کە حەمەی سەید ئەحمەد بیچکۆڵە لەگەڵ شەش کەس لە شوێنکەوتوانی لە بانەیە.

دەوترێت، حەمە عەلی عوسمان، ڕەشید جەباری، ئیسماعیل جەباری لەگەڵ نزیکەی ٢٥ کەس لە شوێنکەوتوانیان لە ناوچەی خورجورن.

تێبینی: ڕاپۆرتەکانی تر دەڵێن کە جەباری و هەمەوەند هێشتا لەگەڵ شێخ محمودن هەرچەندە جیاوازیەکی کەمیان هەیە، بە مەرجێك لە دیوی ئێران بمێننەوە .

باس لەوە دەکرێت کە لە بنەڕەتدا نزیکەی ٤٥٠ چەکدار لە بەرەی شێخ مەحموددا هەبوون کە سەرکردە بەرهەڵستکارەکانی عەشیرەت و شوێنکەوتووەکانیشیانی تێدابووە، بەم شێوەیە ئەژمار کراوە:

٥٠ کەس گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی.

٩٠ کەس لەگەڵ شێخ محموددا ماوەتەوە.

٥٠ کەس لە ئێران لەگەڵ سابیر و ...هتد.

٢٥٠ کەس بڵاوبوەنەتەوە لە نێو گوندەکانیان ( لە هەردوئێران و عێراق).



**بەڵگەنامەی سی یەم:**

بروسکەی بنکەی هێزی ئاسمانی بەریتانی لەسلێمانی بۆفەرماندەی هێزی ئاسمانی بەریتانی لە بەغدا-٢٦/ئەیلول / ١٩٢٥

سەبارەت بەگەڕان بەدوای (کەریم بەگی فەتاح بەگ)ی هەمەوەند و (سابیربەگ) ی کوڕیدا، بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

"چالاکییەکی فڕۆکەوانی"

سەعات پێنج وچل وپێنج دەقە بەکاتی ناوخۆ پێنج فڕۆکە چوونە سەر خانەقین و ناوچەی ڕووباری تانجەرۆ بۆ گەڕان بەدووی کەریمی فەتاح بەگ و سابیردا، هیچ وەدی نەکرا، سەعات حەڤدەونیو بەکاتی ناوخۆ سێ فڕۆکەی تر چوونە سەرکانی گوڵە و جێشانە و هەزارمێرد دیسان بۆ گەڕان بەدووی کەریمی فەتاح بەگ و سابیردا، لە هەزارمێرد سێ ئەسپ بینران، دەستڕێژیان لێ کراو یەکێکیان پێوە بوو.

**بەڵگەنامەی سی و یەکەم:**

**دوورخستنەوەی هەمەوەندەکان:**



العدد ٢١٥ السبت ٣ أيار ١٩٩٧ السنة الخامسة

وثيقة عثمانية

تنشر لأول مرة

إعداد/ زمناكو فؤاد
جامعة السليمانية

عشيرة الهماوند:

تعد عشيرة الهماوند من اهم العشائر الكردية في كردستان العراق التي وقفت ضد سياسة الدولة العثمانية لذلك مارست الدولة العثمانية ضدها الظلم والعدوان والتشريد في كردستان.

حيث نفت ابناء هذه العشيرة الى طرابلس الغرب بليبيا والى اماكن اخرى ضمن حدود الدولة العثمانية . كل ذلك من أجل وضع حد لنشاطات ابنائها وفي الوثيقة الاتية يظهر لنا مدى سخط الدولة ضدهم وتفريق ابناء العشيرة الى مدن متعددة في أن واحد لكي لا يتحدوا.. وفيما يأتي نص الوثيقة:

الباب العالي

المجلس الخصوصي

في ضوء البرقية التي رفعها الياور الاكرم ومأمور الاصلاحات المشير اسماعيل حقي والتي وضح فيها انه كان تم اسكان الهماونديين بواقع ٤٦ اسرة في الموصل و ٣٢ اسرة في ماردين و٤٦ اسرة في هكاري ثم صدر الامر السلطاني باسكان هؤلاء مرة اخرى في ولاية الأناضول بسبب مشاكلهم مع الاهالي ولابعادهم من الحدود ولغرض تأمين التربية لاولادهم من تخصيص مدارس لهم ولغرض اسكانهم بصورة صحيحة فقد تم توزيعهم بالشكل الآتي:

اسكان (١٠٠) اسرة منهم في سيواس و٢٣ اسرة منهم في قونية و ٥٠ اسرة منهم في ادنه وسوق ٥٠ اسرة منهم في ولاية انقرة ، لذا تبلغ الدوائر بهذا الامر وتقديم الاجراءات المطلوبة في هذا الشأن .

١٣ ذي الحجة ١٣٠٤هـ ١٨٨٧م

التواقيع

| | | |
|---|---|---|
| الصدر الأعظم<br>محمد كامل بن صالح | شيخ سلام<br>احمد اسعد أفندي | رئيس شورى الدولة<br>عارف باشا |
| ناظر الخارجية<br>محمد سعيد | ناظر العدالة<br>احمد جودت | ناظر المالية<br>محمد زهدي |
| ناظر اوقاف<br>مصطفى | ناظر التجارة<br>مصطفى زهد باشا | ناظر المعارف<br>منيف |
| | | مستشار الصدارة<br>الحكم |

ناظر- وزير

# داستانی جەنگی

## داستانی جەنگی

هەندێ جار بەم داستانانەیان وتووە "جەنگنامە". چەشنەکانی داستانی جەنگی جۆراوجۆرن:

١ـ جەنگی ڕوودا‌و

٢ـ جەنگی هەڵبەستراو

٣ـ جەنگی ئەفسانەیی

٤ـ جەنگی خەیاڵی[1]

جەنگی رودا‌و

گێڕانەوەی ئەو شەڕانەیە کە لە نێوان دوو هێزی چەکداردا ڕویان داوە. شاعیر بە هۆنراوە گێڕاویێتییەوە. مەبەستی گێڕانەوە ئەشێ جیاوازبێ. ئەشێ بۆ مەبەستی سیاسی، دینی، مەزەبی، نەتەوەیی، خێڵەکی بێ. ئەشێ بۆ لایەنگری لایەك بێ دژی لایەك . ئەشێ بۆ ستایشی کەسایەتیەك یان شکاندنی کەسایەتیەکی دیکە بێت. ئەشێ بۆ چاپلوسی و دەسکەوتی مادی بێ. گەلێ لەم جەنگنامانە بۆ ئەوە ناشێن وەکو سەرچاوەی مێژوویی بکرێنە سەرچاوە، بەتایبەتی ئەوانەی بۆ مەبەستی تایبەتی هۆنراونەتەوە. لەوانە:

نمونە ١: "نادرنامە"

هۆنینەوەی میرزا ئەڵماس خان

محەمەد ئەمین زەکی لە خۆلاسەیەکی تاریخی کوردوکوردستان دا. عەلادین سجادی لە"مێژوی ئەدەبی کوردی"دا ئاماژەیان بەداستانێ کردوە بەناوی "نادرتۆپاڵ"ەوە، پێ ئەچێ هەمان "نادرنامە"ی میرزا ئەڵماس خان بێ.

---

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین: بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی یەکەم، چاپی دووەم، بیروت- لبنان، ٢٠٢٣، ل٢٥٢

نموونە۲: "جەنگنامەی شازادەی کرماشان وکەهیای بەغداد."

هۆنینەوەی میرزای کرندی .

گێڕانەوەی شەڕێکە لەنێوان سپای ئێرانی بە سەرکردایەتی شازادە محەمەدعەلی میرزای قاجارو سپای عوسمانی و بابان بە سەرکردایەتی کەهیای بەغداد لە ساڵی ۱۸۲۱دا.

لەسەرەتادا ئەڵێ:

**یادانای داوەر**

**یاحەی. یا قەیوم. یا دانای داوەر**

**جهان ناجهان لەنگەروای لەنگەر**

**وە شوعلەی شەریف. شەوقی ماە. خور**

لەکۆتایی دا ئەڵێ:

**رۆحش نەفیرقەی شای شەهیدان بۆ**

**موریدی ئیخلاس سای خانەدان بۆ**

**مەدەد تەڵەب کەی نەخولاصە کەونەین**

**عەلی و فاتیمەو حەسەن و حوسەین[(۱)].**

داستانە شیعرییەکەی سایبربەگ، شاکارێکی بە نرخەو لە چەشنی داستانی جەنگی یەکەمە(جەنگی ڕووداو)، کە باسی شەڕوشۆڕ و ڕووداو داستانەکانی (شێخ مەحموود)و (کەریم بەگی فەتاح بەگ) و کوڕەکانی و چەندین کەسایەتی دیکەی هۆزە جیاوازەکانی دیکە دەکات، بەرامبەر بە داگیرکاری ئینگلیزەکان. کە هەر لەوپێناوەشدا لەگەڵ باوکیدا گیانی خۆیان کردە قوربانی کوردستان و بە

---

(۱) نەوشیروان مستەفا ئەمین : بەددەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی یەکەم، چاپی دووەم، بیروت – لبنان، ۲۰۲۳، ل۲۵۲-۲۵۳

خەلاَتێکی(٤٠)هەزار روپیێ ئینگلیزەکان لە ناوجەرگەی خاکی کوردستاندا شەهیدکران، بۆیە بە ئەرکی سەر شان و بە پێویستم زانی کە دەبێ ئێمەی نەوەکانیان چیدی دەستەوەستان نەبین و بکەوینەخۆ و پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە مێژووییە بخەینە ئەستۆی خۆمان و بە شانازییەوە بەرهەم و خەبات و دەستڕەنگینی سەرکردە ئازاکانی نەتەوەکەمان بخەینە بەردەست نەوەکانی ئایندەو ناویان بەزیندوویی بهێڵینەوە. هەروەکو چۆن غاندی دەڵێت: (مرۆڤە مەزن و بەڕێزەکان پاش مەرگیش هەر دەژین، لەکاتێکا خەڵکانی تر تەنانەت لەکاتی ژیانی خۆشیاندا لە مردوویەك زیاتر هیچی ترنین)، بۆیە (مینە) لەکاتی وەرگێڕانی کتێبەکەی، فەرماندەی هێز (جۆن گیلبەرت براون) ی نووسەرو فەرماندەی ئینگلیزەکاندا، کە بەخراپی باسی (شێخ مەحموود)و(کەریم بەگ) دەکات. مینەی وەرگێڕ بە هەڵەدا نەچووە، کە سەبارەت بە نووسینەکانی (جۆن گلیبەرت براون) دەڵێت: (کاتێ نووسەر ناوی "شێخ مەحمود" دێنێ، ئەو وەك یاخیبوو ناوی دەهێنێ یان کە باسی (کەریمی فەتاح بەگی هەمەوەند) دەکات، وەك دوژمن ناوی دەهێنێت و چالاکییەکانی ئەو و(شێخ مەحمود)یش وەك خیانەت ئاماژە دەکات، بەرامبەر حکومەتی عێراقی ئەو سەردەمەو بەرامبەر هێزی ئاسمانی پاشایەتی و مەندوبی سامی. ئەو وشەو دەستەواژانە، پلەو پایەی مێژوویی شێخ مەحمود و قارەمانێتی کەریم فەتاح بەگ، لای من نزم ناکاتەوە، چونکە من ئاراو بۆچوونی کەسێك وەردەگێڕم، کەخۆی لەبەرەی پێچەوانەدایە و چاوەڕێی ئەوەی لێناکەم وەك من پیرۆزی شێخی نەمر بپارێزێ و بەدوژمن و یاخیبوو ناوی نەهێنێت).[1]

---

[1] فەرماندەی هێزجۆن گیلبەرت براون: لیڤیەکانی عێراق ١٩١٥-١٩٣٢، وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە، مینە، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران٢٠١٦ ، لا٧

## حەیدەر ئاغا

رەحمەتی خودا لەگۆڕی شاسوار و خەمخۆری هۆنراوە و ئەدەب و مێژووی کوردەواری و هەمەوەند (حەیدەر عەزیز خەسرەو ئاغا)، کە لە ساڵی ( ١٨٧٦ ز) لە گوندی (چراغەڕوتە) ی ناوچەی (هەمەوەند) لەدایك بووە، لە تەمەنی یانزە ساڵیدا و لە ساڵی (١٨٨٧ز)دا، خۆی و دوانزە کەس لە خێزانەکەی لەگەڵ (فەقێ قادر و کەریم بەگی فەتاح بەگ و حەمەی سلێمان و حەسەن بەگ و حوسێن بەگ و چەندین خێزانی دیکە )دا، نەفی دەکرێن و بەر ئەو شاڵاوە دەکەون و بۆ تەرابلوسی رۆژئاوا دوور دەخرێنەوە . لەدوا قۆناغدا دەبرێنە شاری (بەنغازی)، پاش ماوەیەك (حەیدەر ئاغا) دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئەستەمبوڵ و لەوێ بایەخ بە خوێندن و خوێندنەوە و زانست و زانیاری دەدات.

جگەلە زمانی دایك، زمانی (تورکی، فارسی، عەرەبی) بە باشی فێردەبێت، هەر لە ئەستەمبوڵ ناوی دێتەوە بۆ خوێندن لەبواری سەربازیدا، بەڵام لەبەر خۆشەویستی بۆ نیشتمانەکەی ڕەتی دەکاتەوەو و دەگەڕێتەوە کوردستان. ئەوەی نابێ لەیاد بکرێت، ئەوەیە حەیدەر عەزیز ئاغا هەر لە تەرابلوسەوە لەخەمی نووسینەوەی مێژووی هۆزی هەمەوەند و هۆنراوەکانی فەقێ قادردا بووە و لە کۆڵەپشت و رۆژانی ئاوارەیی هۆزەکەیدا پاراستویەتی. نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێ کە ئەم دەستنووسەی حەیدەر ئاغا لەبەر بارودۆخی رامیاری کوردستان دەستا و دەستی زۆری کردووە. کاتێك کەوتوەتە دەست (فەقێ رەشیدی هەمەوەندو و مامۆستا ئەمینی چۆڵمەك و نەجمەدین فەتاح و ئەنوەر ئاغا و حاجی وەهاب کەریم بەگ) کە ئەو کاتە حاجی وەهاب پۆلیس بووە. هۆنراوەکانی (فەقێ قادر)یان لە فەوتان پاراستووە کە پێشتر لەنێو بەندیخانەی کەرکوکدا لەسەر دەستی (محەمەد ڕەحیمی سماقووڵی) نووسراوەتەوە.

لەسالآنی (١٩٠٥ـ١٩٣٤)دا، حەیدەرئاغا یەکێك بووە لە دیارترین نووسەر و شاعیر و کۆکەرەوەی دەستنووس و مێژووی پڕ لە گیانفیدایی هۆزی سەربەرزی هەمەوەند لە سنووری ناوچەی (چەمچەماڵ)ی مەڵبەند و پایتەختی هەمەوەندەکاندا. حەیدەر ئاغای شاعیر سەر بە بەگزادەکانی هەمەوەندە و نازناوی ئەدەبی (مەحزون) بووە.

لەگوندی (چراغەڕوتە)ی ناوچەی هەمەوەند، دەستی کردووە بە نووسین و کاری ئەدەبی و ڕاپەڕاندنی ئەرکە کۆمەلآیەتییەکانی خۆی، خۆشەویستی بۆ شاعیری ناوداری کورد (فەقێ قادر)ی هەمەوەند وای لێ کردووە شیعرەکانی بە دەستی خۆی بنووسێتەوە، کە یەکێك بووە لەو بەرهەمە بە نرخانەی بەردەستی مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)، کە کاری لێکۆڵینەوە و پێداچونەوەی تێدا کردوە و لە ساڵی (١٩٨٠)دا، لەژێرناوی (کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند)دا، لە چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق لە بەغدا بە چاپی گەیاندووە و خراوەتە ناو گەنجینەی ئەدەبی کوردییەوە. خوالێی خۆشبێ (حەیدەر ئاغا) لەگەڵ (فەقێ قادر)دا لە (تەرابلوسی رۆژئاوا) بووە و ناوی لە لیستی هەمەوەندە نەفیکراوەکانی تەرابلوسدا هاتووە، کە ژمارەیان چەندین کەسە.

حەیدەر ئاغا لە کۆتایی کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادر دا و لە لاپەڕە (٧٥٥)دا، لە هۆنراوەیەکیدا باسی نووسینەوەی شیعرەکانی فەقێ قادر و ناو و نەسەبی خۆیمان بۆدەکات و دەڵێت:

**ئەگەر مەپەرسەن جە میرزای کیتاب      خـۆیش مـوئەللیف مەیۆ بە حیساب**
**ئیسمم، حەیدەرەن پدەرم عەزیز      ئەصڵم هەماوەند بشناسۆن تەمیز**[١]

---

[١] کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند، لا٧٥٥

جێگەی داخە (حەیدەر ئاغا) لە ساڵی (١٩٣٤) لە گوندی چراغەڕوتە کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش بەخاك سپێردراوە، بەڵام ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە لەپاش خۆی دەستنووسێکی بە نرخ وکۆمەڵێك بەرهەمی دانسقەی بۆ بەجێهێشتوین، کە جێگەی شانازی کورد و هۆزی سەربەرزی هەمەوەند و سەرجەم بنەماڵەکانە لە ڕووداو و بەسەرهات و داستانە کەم وێنەکانیاندا، کە دەکرێ نەتەوەی کورد و نەوەکانی داهاتوومان بۆ هەتا هەتایە سوودی لێوەربگرن و شانازی پێوە بکەن.

## بەرهەمەکانی حەیدەر ئاغا

**یەکەم:** نووسینەوەی پوختەیەك لە مێژوی هەمەوەن، لە ساڵی (١٩٢٨)دا، لە گوندی چراغەڕووتە و دروستکردنی داربنەماڵەی تیرەی (بەگزادە) و دیاریکردنی ڕەچەڵەکی تیرەکانی دیکەی هەمەوەند.

**دووەم:** نووسینەوەی هۆنراوەکانی فەقێ قادری هەمەوەند.

**سێیەم:** چەند پارچە هۆنراوەیەکی (حەیدەر) ئاغا خۆی کە هەندێکیان فەوتاون و هەندێکی دیکەیان لە کۆتایی دیوانی (فەقی قادر)دا، چاپ کراوە و هەندێکی دیکەشیان لای بنەماڵەکەی پارێزراوە.

**چوارەم:** نووسینەوەی هۆنراوەکانی (تەهای مەحمودی ئەحە) کانی ساردی، کە باس لە ئاوارەبوونی هەمەوەندەکان بۆ لای (مستەفا خان)ی جوانڕۆ و شەڕ و بەسەرهاتەکانی ئەو سەردەمەی هەمەوەندەکان و ئازایەتی نەوەکانی (چەڵەوی) دەکات. هەروەك لەم هۆنراوەیەدا دەڵێت:

**فرقـەی چـلبی صـاحب غـیرەت بـی**
**تفـەنگ دەستشـان تمـام مـاوزەربی**
**هموند صف صف أمان برابر**
**نیشتن لە مجلس شیران أژدر**
**أو عزیز ئاغای نسل خسروی**
**قهرمان أسا چاپك پهلوی**
**بلی أو حیدر اولاد عزیز**
**بسام تر لەسام بی مثل و نەزیر**
**هم فتاح أغا محمود أحەی**
**هەم رشید نادر ابن خسروی**

**یـك خضـر نـاوی خیلــی بــی مشــهود**

**مكـــردش جــولان شـــیرانه دســـتور**

**پێنجەم:** نووسینەوەی چەند بەرهەمێکی شاعیری گومناوی گەلەکەمان (صالّح سلێمان) لەتیرەی سێتە بەسەری هەمەوەند.

**شەشەم:** هەندێك دەستنووسی فارسی و تورکی دەگمەن.

**حەوتەم:** داستانی جەنگی تێکۆشەرانی کورد دژی ئینگلیزەکان، کە بریتییە لە داستان و نەبەردییەکانی (شێخ مەحمود و کەریم بەگی فەتاح بەگ)ی هەمەوەند لە بانی مەقان. کە داستانێکی شیعری (سابیربەگ)ە، کە بووە بە هەوێنی نووسینەوەی ئەم کتێبە مێژووییە بە نرخ و دەگمەن و پڕ بایەخەی بەردەستان.

## پاراستنی ئەم دەستنووسە

له ساڵانی (١٩٤٦ـ١٩٤٧ز)، خانەوادەی (حەیدر ئاغا) بە هۆی کێشەیەکی کۆمەلاّیەتی نەخوازراوەوە، لەگوندی چراغەڕوتە، تووشی نەهامەتییەك دەبن، کە خوا لێی خۆش بێ (شاکر فتاح) لە ساڵی (١٩٤٦) دا و، لە لاپەڕە (٣٩)ی ڕۆژنامەی (چەمچەماڵ)دا، ئاماژەی بەو ڕووداوەکردووە. جێگەی داخە ماڵەکەی (حەیدەر ئاغا) دەسووتێت و پیاوێکی ناوداری گوندی(چراغەڕوتە) بەناوی (کوێخا ڕۆستەم حەسەن برا) بەشێکی زۆری کەلوپەلەکانی دیوەخان و ناو ماڵەکەیان لە سووتان دەپارێزێت و دەیان بات بۆ ماڵی خۆیان، دەست نووسەکانی (حەیدر ئاغا)ش لەناو ئەو کەل و پەلانەدا دەبێت، پاش ماوەیەك بە ئامانەت دەیانباتە ماڵی (ئەنوەر حەمەومین ئاغای کوڕی فەقێ قادر)ی شاعیر لە چەمچەماڵ. ئەوانیش لە کۆتاییدا لەبەر خراپی باری رامیاری ئەوکاتە دەیدەنە دەست خوالێی خۆش بێ (حاجی وەهاب)ی، کوڕی (کەریم بەگی فەتاح بەگ)ی هەمەوەند.




کە لەودەمەدا لێپرسراوی یەکێك لە بنکەکانی پۆلیسی ناوچەی چەمچەماڵ بووە، دەستنووسەکەی لەلای خۆی پاراستووە.

پاش ماوەیەك بۆ ئەوەی لە لەناوچوون بیپارێزێ بە ئامانەتەوە دەیگێڕێتەوە بۆ دەستی خوالێی خۆش بێ (حاجی کاکەعەبدوڵلاّ)ی کوڕی (حەیدەرئاغا).




بەهۆی ئەو هەموو دەستاو دەست کردنەوە زیانێکی زۆر بەردەست نووسەکان دەکەوێت، بەلاّم ئەویش وەك وەفایەك بۆ دەستنووسەکانی باوکی و پاراستنیان لەڕزین و لەناوچوون کەمتەرخەم نابێت و دەست دەکات بە نووسینەوەی بەرهەمە دەست نووسەکانی و بەدەست و خەتێکی جوان دەیان نووسێتەوە.




(نەجمەدین فەتاح)یش، کە پیاوێکی رۆشنبیر و مێژووناسی عەشیرەتی هەمەوەندە. بەشێك لە دەستنووسەکانی لە حاجی(کاکەولاّ) وەردەگرێت و

دەینووسێتەوە و لەلای خۆی دەیپارێزێ. جگەلە (حەیدەر ئاغا)، کاکە حەمەی خاڵۆبازیانیش هەندێك لە دەستنووسەکانی دیکەی (فەقێ قادر)ی پاراستووە. بۆیە لێرەدا پێویستە هەزاران درووود و ڕەحمەتی خودا بۆ گۆڕی (حەیدەر عەزیز ئاغا) و (کاکەحەمە)ی خاڵۆبازیانی بنێرین، کە دەستنووسە شیعرییەکانی (فەقێ قادر)یان لە ماڵەکەی خۆیاندا پاراستووە. جێگەی شانازییە کە (محەمەدی حاجی حەمەسەعید) هەمەوەندی، دەستنووسەکەی (سابیربەگ)ی پێدام. (عەلی واحید)خاڵۆبازیانیش دەستنووسێکی دانسقەکەی (فەقێ قادر)ی هەمەوەندی بۆ ناردم، کە بە خەتێکی جوان لە ڕۆژی (٦ جماد الاول ١٣٥٥هـ)دا، بە دەست و خەتی (محەمەد)ی کوڕی (محیێ دین) نووسراوەتەوە.

لە چاپدان و خستنەڕووی ئەم دوو دەستنووسەش زیاتر شاسواری و دەستڕەنگینی و ئەدەب دۆستی بنەماڵەی (ڕەسوڵ چەڵەوی) بە تایبەتی (فەقێ قادر و سابیربەگ) لە ئاسمانی ئەدەبی کوردیدا دەردەخات و پرشنگدارتر و گەشاوەتری دەکات. جێگەی شانازییە بەوشێوەیە (کەریم بەگ) و (سابیربەگ)ی کوڕی لە مێژووی پڕ لە داستان و نەبەزینی کورد و وتەی نووسەران و لاوکە بەسۆزەکەی کاویس ئاغا و سەدان بەیت و بالۆرە و فۆلکلۆری کوردی و هۆنراوەی شاعیراندا ناویان بە ئازایەتی و زیندوویی دەرکردووە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا خوالێی خۆش بێت باوکی (حاجی فایەق) کە بە چاوەکانی خۆی لەگوندی لەنجاوا ئەو ئازایەتییەی کەریم بەگ وسابیری کوڕی بینیوە وتوویەتی: (باسکردنی پاڵەوانێتی "کەریم بەگ" و "سابیربەگ"ی کوڕی، بە نووسینەوەی دەیان کتێب و دەفتەر کۆتای نایەت).

ئەو هەموو بەڵگانەی کە پێشتر خستومانەتەڕوو ڕاستییەکی تەواوی ئازایەتی و ئەدەب دۆستی بنەماڵەکەمانن، لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا، هەر بۆیە (حاجی قادر)ی کۆییش لەو ڕووەوە زمانی هاتووەتەگۆ و فەرموویەتی:

**هەمەوەنـــدیش کـــە خزمـــی خۆمـــانن**

**شـــاعیری زۆرە پـــاکی دەیـــزانن**

**چـــونکە تییـــژی زوبانیـــان یەکســـەر**

**کەوتـــە نـــووکی رم و دەمـــی خەنجـــەر**

**بـــێ کتـــێبن، ئەمـــە لـــەوان دوورە**

**مـــەردی ئـــازا لەناقیصـــان دوورە**[1]

لەشـــوێنێکی دیکەشـــدا دەڵێـــت:

**یـــەك بـــە یـــەك بوونـــە نـــائیبی هەمەوەنـــد**

**صـــاحیبی" مـــارتین"**[*] **و"مـــاری گەزەنـــد"**[*]

کەواتە لەگەڵ هەموو ئەو بەڵگەنامەو بەیت و بالۆرەو باس و خواسانەی کەخستوومانەتە ڕوو، هێشتا بەرهەم و خەبات و ماندووبوون و ئازایەتی (فەقێ قادر)و(کەریم بەگ) و کوڕەکانی (سابیر بەگ)و(عەبدوڵڵا بەگ) و (ئەحمەد بەگ) لە مێژووی پڕ لە داستان و نەبەزینی کوردا، لەلایەن نووسەران و شاعیران و ڕۆشنبیرانی کوردەوە بایەخی تەواویان پێ نەدراوە و پەراوێز خراون. هەروەکو (پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ)، ناحەقی نەبووە، کە لەلاپەڕە (٢)ی، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٣٩)ی، ڕۆژی ٢١/٢/١٩٧٣دا، ڕەخنە لە سەلاح شوان و شاعیرانی کورد دەگرێ، لەسەر ئەوەی کە باس لە (گیڤارا) دەکەن و (کەریمی

---

[1] دیوانی حاجی قادری کۆیی: لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی سەردار حەمید میران وکەریم مستەفاشارەزا، پێداچوونەوەی مەسعودمحەمەد، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ی ڕۆشنبیریی و لاوانی ناوچەی کوردستان، بەغدا (١٩٨٦)، لا٢١٣

(*) مارتین: جۆرە تفەنگێکە جاران لە کوردستاندا زۆر بەکارهاتووە.

(*) ماری گەزەند ئەو مارە یەگازگروزیان بە خشەو مەبەستی شاعیر لە ماری ئەو شێخانەیە کە ئیجازەی مارگرتن دەدەن.

فەتاح بەگ)ی هەمەوەندیش فەرامۆش دەکەن، لەوبارەیەوە دەڵێت: (گیڤارا مەزنە و دەبێت هەرچی شاعیری جیهان هەیە لەدێڕی نەمردا، نەمریی پێ ببەخشن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەکاتی خۆیانەوە تا ئێستا کێ دیمەنی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەندی کرد بە کەرەسەی داستانێك ـ یا تەنانەت لە دوو دێڕی هەڵبەستێکدا باسی کرد؟! کەریم بەگ ئەو قارەمانەیە کە سەرەتایەکی بلیمەتانەی بۆ شەڕی پارتیزانی (پێشمەرگەیەتی)ی کورد دانا، داستانی هۆنراوە نەبێت چی تابلۆی ئەو قارەمانە دەکێشێت کە بە شەوی بەفر یا مانگەشەو خۆیی و جەنگاوەرەکانی سواری ئەسپی سپی دەبوون و شەوی تاریك سواری ئەسپی ڕەش دەبوون تا دەگەیشتنە سەر کامپی سوپای ئینگلیز و ئینگلیزەکان لەناکاو هەستیان بەوە دەکرد کە گڕیان لێ هەڵدەسێت).[1] کاتێك (محەمەد حسێن محەمەد کاکەیی) شاعیر ناسراو بە (لاری) لە ڕۆژی (١٦/١٢/٢٠٢٣)دا، هۆنراوەکانی سابیربەگی بە دەستنووسی خوێندەوە، ئەم چەند دێرە هۆنراوەیەی لەژێرناوی(بۆ سابیربەگی کوڕی کەریمی فەتاح بەگ)، نووسیووە، کە دەڵێت:

دانـــەی مـــرواری فـــەرد گەوهـــەر بـــار
چـــەنی دانـــەی دووڕ وەســـتەن وە قـــەتار
تـــأریخ دەورانـــیٚ تیـــاش ئیزهـــار کـــەردەن
وە نـــەزم پـــەردەش جـــە ســـەر لابـــردەن
زەمـــانیٚ بـــاوەش مـــیر دیوەخـــان بـــی
گرمـــەی مـــاوی زەڕ زرمـــەی شەشـــخان بـــی
وەخـتیٚ کـەریم بـەگ مـەرد بـی جـە مەیـدان
چـــەنی بـــەرق بـــەیان دوژمـــنی مەشـــکان

---

[1] ڕۆژنامەی خەبات: عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ژمارە (٣٩)ی، ڕۆژی ٢١/٢/١٩٧٣، لا٢

دەســـــێ وە دەوات دەســــێ وە میــــداد
پــەی مــەلیك كــوردان وێشــان بــین إمــداد
گــاهی لــە عەجــەم گــاهێ لــە توركــان
وەگێـــلێ زەمانـــە گوورزشـــان مەوەشـــان
وەخـــــتێ كـــە ئینگلیـــز ئامـــا وە وولاّت
رۆحشــان جــەڕێی خــوا كــەردەن وە خــەلاّت
جــە خــاك شــوعەیە وە مــەردی كــەفتن
جــە ســارای غوربــەت وە بــێ كــەس خــەفتن
هــەر جــە كۆنــەوە دویــر نــەفی كریــان
پـــەی خـــاك بـــەنغازی و تـــەرابلوس بریـــان
جــــە ســــارای كـــوبرا وە غـــیرەت وێشـــان
گردشـــان ئامـــانۆ پـــەی خـــاك كوردســـتان
وە دەورەی زەمـــــان صـــــابر صـــــابر بـــــی
مـــەردیش چـــوین مـــەردی فـــەقێ قـــادر بـــی
ســـــەروەر بنویســـــنە پـــــەی ئـــــەی ســـــەروەرە
ئالّـــــەم بژنـــــەفێ ئـــــا ئـــــەی خـــــەوەرە
خــەرمان بەرەكــەت پــەی خامــەی ڕەنگــین
جـــە(لاری) پـــەی وێـــت هـــەزار ئافـــەرین

لاری

٢٠٢٣/١٢/١٦

بۆ زیندوو راگرتنی ئەو دوو دەستنووسە مێژووییە جوانە کە تەواوکەری یەکترن بڕیارمدا، گەر خودا یاربێت، لەم کتێبەدا بیان خەمە بەردەستی خوێنەران، دەستنووسەکەی (فەقێ قادر) کە زۆر بە ئاسانی و بێ ماندووبوون و گەڕان بە دوایدا، لە ڕێگەی (عەلی واحید خالۆبازیانی) ئەدەب دۆستەوە، کەوتە بەردەستم. ئەوەی (سابیربەگ)یش کە زۆر دەمێك بوو لە سۆراغ و هەوڵی دەسکەوتنیدا بووم، سەرەتا بیستم، کە لەلای مێژوونووسی گەلەکەمان (نەوشیروان مستەفا ئەمین)ە، بە تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە چوومە خزمەتی لە ماڵی خۆیان و لە گردی (عەلی ناجی) چاوم پێی کەوت، بەڵام پێی وتم: کە لای ئەو نییە. پاشان هەندێ لە خزمان پێیان راگەیاندم. لە ساڵی (١٩٩١)دا، ئەو دەستنووسانەی (حەیدەر ئاغا) کەوتووەتە لای (حاجی کاکەولا)ی کوڕی. لەدوای ماڵ ئاوایی کردنی لە ژیان، ئەکەوێتە دەست مامۆستا (سیروان)ی کوڕی، ئەویش بە ئامانەت ئەیداتەوە بەدەستی (محەمەد حاجی حەمەسەعید)ی کوڕەزای حەیدەر ئاغا و ئەویش لای خۆی دەیپارێزێ. بۆیە هەقە ئەو راستییەش بگوترێت کە(محەمەد حاجی حەمەسەعید) هیچ کاتێك ئەو دەستنووسەی بە موڵکی خۆی و بنەماڵەکەی نەزانیوە، بە پێچەوانەوە بە موڵکی هەموو خوێندەوارانی کورد و خزمانی هەمەوەندی زانیووە. بۆیە هەرکەسێك داوای بینینی ئەو دەستنووسانەی لێ کردبێت یان داوای زانیاری لێ کردبێت بە دڵێکی فراوانەوە خستوویەتییە بەردەستیان، بەڵام بەو مەرجەی کە بە ئەمانەتی زانستییەوە وەریبگرن و لە کتێب و گۆڤارو رۆژنامەکاندا بڵاوی بکەنەوە و ئاماژە بە سەرچاوەکەی بکەن، لەبەرئەوەی لای هەموان وایە کە تاقە دەستنووسێکی مێژوویی کۆنی ناو هۆزی هەمەوەندە، کە بەویژدانەوە نوسرابێتەوە، لە ئیستاو لە ڕابردوشدا دەتوانرێت کەڵکی باشی لێ وەربگیرێت و کەلێنێك لە مێژووی شاراوەی گەلەکەمان پڕ بکاتەوە، هەر بۆیە بە پەرۆشەوە پرسیارم لە مامۆستا سیروان کرد و ئەویش

راستگۆیانە وتی: لای (محەمەد حاجی سەعید) ئامۆزامە، کاتێك پەیوەندیم بە کاك (محەمەد)ەوە کردو داوای دەستنووسی ئەم بەشەی هۆنراوەکانی (سابیربەگ)م لێکرد، ئەویش وەك کەسێکی مرۆڤ دۆست خۆشحاڵی خۆی نیشاندا، بەڵام ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو، منیش هەر لە چاوەڕوانییدا بووم. خۆشبەختانە شەوی (٧/١٠/٢٠١٥) زەنگی مۆبایلەکەم بەشێوە و ئاوازێکی جیاواز لە جارەکانی دیکە لێیدا، هەرکە هەڵم گرت (محەمەد) بوو. وتی: ئەو بەشەی دەستنووسەکەی سابیربەگم بۆ ئامادەکردوی وەرە بیبە بۆ ئەوەی تایپی بکەیت و ئامادەی بکەیت بۆ چاپ. ئەو چرکەساتە وزە و تین و شانازییەکی زۆری پێبەخشیم و بە خۆشحاڵییەوە یەکسەر ڕۆیشتم و لێم وەرگرت و (دابان محەمەد تەیب)، سەرجەم هۆنراوەکانی سابیربەگی بە دەست وبردێك بۆ تایپ کردم و (نزار کەرکوکی) پێداچوونەوەی بۆکرد و مامۆستا (خالید عەبدول مەجید)یش واتای وشەکانی لێکدایەوە. منیش بە ئەمانەتەوە لەگەڵ دەستنووسەکەی فەقێ قادردا دەیانخەمە بەردەست خوێنەرانی کورد و نەوەکانی داهاتوومان، چونکە ئەو دەستنووسە بە گەوهەرێکی گرنگ و دانسقەی وەها هەژمار دەکەم و دەڵێم: هەرگیز نرخیان تەواو نابێت. لەگەڵ ڕێزو سوپاس و دەستخۆشی بێ پایانم بۆ کاکە عەلی واحید خاڵۆبازیانی و کاکە محەمەد حاجی حەمە سەعید و خانەوادە خانەدان و مێژووناس و ئەدەب دۆستەکەیان.

**پاڕێزەر: سەروەر ئەحمەد کەریم**

**باینجان**

**٢٠٢٤/٣/٢١**

# داستانی بانی مەقان

داستانێکی جەنگی تێکۆشەرانی کوردە دژ بە

ئینگلیزەکان

هۆنراوەکان: سابیربەگی هەمەوەند

# داستانی بانی مەقان

ئیبتیـــدا بـــەناو پادشــــای ســـوبحان

ئیجـــاد کـــەری ئـــەرز و ئاسمـــان

یـــارەب بەحاجـــەت ئەوئیســـم عـــەزیم

هـــەم بـــە بســـم اللـــە الـــرحمن الـــرحیم

قـــادر قـــەییوم گشـــت ئـــەولیا هـــان

مـــل ومـــۆر و مـــار گـــوم کـــەردەی راهـــان

ئاگـــادار جـــەحاڵ جـــن و ئیـــنس وجـــان

ڕەحـــم کـــەی بـــەحاڵ جـــەمع موئمینـــان

یـــارەب بەحاجـــەت ئیســـم شـــەریفت

ڕەحـــم کـــەی بـــەحاڵ بەنـــدەی زەعیفـــت

یـارەب بەحاجـەت شـای "دوڵـدوڵ سـوار"(*)

"دامـاد"(*) رەسـول صـاحب "زولفیقـار"(*)

رەحـــم کـــەی بـــەحاڵ جـــەمع مـــؤمنـــان

نـــەجات دەری یوســـف لـــە زینـــدان

بـــەیان کـــەین حـــەرب زەمانـــەی "وەریـــن"(*)

بکـــەرین تـــەعریف بەلـــەفز شـــیرین

---

(*) دوڵدوڵ سوار: مەبەست لە محەمەدی پەیامبەرە (د. خ)

(*) داماد رەسوڵ: مەبەست لەئیمامی عەلی زاوای پەیامبەرە.

(*) زولفیقار: مەبەست لەشمشێرەکەی ئیمامی عەلی یە.

(*) وەرین : پێشین.

بــەڵکو مەشــهور بــێ "جــەڕۆی"(*) ڕوژگـــار
دوعـــایی بەنـــدە بکـــەڕۆن ئیزهـــار
یـــاران بـــزانن دونیـــا نـــە مامـــەن
نیشـــانەی نەگبـــەت شـــێخ و ئیســـلامەن
ئامـــا وێنـــەی بـــەحر ئینگلیـــز بـــەدخوو
چـــەند مـــەلا و فـــەقیر کـــەردش ڕەنجـــەڕۆ
بچـــین وە ســـەروەخت ئـــەو تـــورك پـــڕدین
چـــەنی کـــافران کـــەردش قـــارو قـــین
خـــەیلێ کـــەردش حـــەرب ئـــەو چـــەنی کـــافر
ئـــاخر نـــاعلاج وەبـــێ چارەســـەر
ئـــاخر فـــرار کـــەرد لەچـــنگ بـــێ دیـــن
"یـــاوا"(*) بـــە بەغـــدا بەســـەد قـــاروقین

---

(*) جەڕۆی: لە ڕووی.

(*) یاوا: هات

# مەلیك شێخ مەحموود

سـێ مـانگ نـەوجا خـەریك شـەڕ بـین
سـوپای زۆر هـاورد ئینگلیـز بـێ دیـن
گـردش دور شـار ئینگلیـزوە پسـێر
چـەن هـەزار تورکـان "گـردش"(*)وە ئەسـیر
تورکـان هـیچ نـەما لـەڕوی کوردسـتان
فـراربین لەدەسـت ئینگلیـز بـت بەرسـتان
ئەوسـا جەودەمـدا ئینگلیـز بـەدخوو
کیانـا نامـە پـەرێ شـێخ مـەحموو
پـەرێ شـێخ محمـود لـە سـولەیمانی
یـاوا بەدەسـتش ئـەو بـە پـەنهانی
نوسـی ئـەی شـێخ ئـەولاد ڕەسـول
تـۆ پـەنای ئینگلیـز بکـەرۆ قبـووڵ
ببـە وەحـاکم جـەڕوی کوردسـتان
مـەیۆن وەخزمـەت ئـەو زەبـر دەسـتان
ئەوسـا شـێخ مـەحموود ئـەولاد ڕەسـول
پـەنای ئینگلیـز ئـەو کـەردش قبـوڵ
نـەزانا ئـاخر مـەبۆ گرفتـار
لـە سـیحر و ئەفسـون ئـەو قـەوم کوفـار
ئەوسـاجەودەمدا شـێخ مـەحموود شـێر
خۆشـحاڵ بـی بـەو حـەرف ئینگلیـز پـیر

---

(*) گردش: گرتی

چـــونکه مـــەلیکی ئیشـــی ئـــەو نـــەبی
ئیجـــاد جـــددی تەکیـــە و بـــەرماڵ بـــی
نـــەزانا کـــافر جاگـــەی دیـــن نییـــەن
قەدیمـــەن کـــافر هـــەر کـــافر "بییـــەن"(*)
کیانـــا نامـــە وە شـــوێن کـــافر
داخـــل بـــی ئینگلیـــز وەبـــیٚ دەردوســـەر
نـــەزانا ئـــاخر مـــەبۆ دەردو ســـەر
خـــەڵاس نمـــەبۆ لەچـــنگ کـــافر
داخـــل بـــی وەشـــار دوژمـــن گیـــانی
شـــێخ مـــەحموود جـــا "کـــەرد"(*)حـــوکمڕانی
تاوەعـــدەی چـــەند مـــانگ شـــێخ مـــەحموود شـــێر
حـــوکمش ڕەوان بـــی بـــەوردەنگ دلێـــر
ناگـــا بـــەدکاران جەســـولەیمانی
کەردشـــان بـــەیان هـــەم وە پـــەنهانی
جـــەداخ زڕەشـــێخ ســـەر زل و گـــوڵنگ شـــۆڕ
تەعـــەروز نـــاموس خـــەڵکی ئـــەبوون وە زۆر
"کـــەردن"(*) شـــکایەت زۆر جەکەساســـی
جـــەلای (مێجەرســـۆن) حـــاکم سیاســـی
واتـــەن ئـــەی ئینگلیـــز دەوڵـــەت قـــەدیم

---

(*) بییەن: هەرلەکۆنەوە وابووە.

(*) کەرد:کردی

(*) کەردن:کردیان

مـــەلیك خائینـــــە وەبـــیٚ تـــرس و بـــیم

ســـاکە ئـــەی زانـــا ئینگلیـــز پـــڕ فـــەن

چـەنی شـێخ مـەحموود کـەفت وەچـوون چـەن

ئـــەمجا شـــێخ مـــەحموود مـــەلیك نامـــدار

چـــەنی ئـــەو کـــافر کـــەفت وە قـــین و قـــار



وێنەیەکی دانسقەی مەلیك مەحمود و کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند

# نووسینی نامە بۆ عەشایرەکان

تـــا ئاخریـــــل ئـــــەمر مـــــەلیكی نامــــدار
"کیانـــــا"[*] نامـــــەی پـــــەریٚ دوورشــــــار
پـــــــەریٚ عەشــــــایر جـــــەمع موئمینــــــان
هەرچـــــی ئیســــــلامەن "بــــەیۆ"[*] وەمەیـــدان
کیانـــــا پـــــەی شــــون تیـــــپ هەمـــــەوەن
ئامــــان بەخزمــــەت شــــێخ ســـــەف شـــــکەن
کیانـــــا نامـــــە پـــــەریٚ "مـــــەحموود خــــان" [*]
ئامــــــا بەخزمــــــەت چـــــۆڵ بەوربـــــەیان
ســــــەرداران ئیســـــلام دڵ بــــیٚ ئەندێشـــــەن
نـــــەزانان فکـــــر شـــــێخ مـــــەحمود "چێشــــەن"[*]
دەروێـــــش بـــــە شمشـــــیر هاتـــــە مەیـــــدان
مــــــەلا وە قورئــــــان ڕوولــــــە ئاسمــــــان
کاکـــــە غەزایـــــە هـــــەر یـــــەك لـــــە لایـــــە
"پـــــەی"[*] دیـــــن ئیســــــلام بکـــــەن دەعوایـــــە
"مەکـــــەرد"[*] ئیتفـــــاق گـــــاهی بـــــا ئینگلیـــــز

---

[*]کیانا: هێنا
[*]بەیۆ: بێت.
[*] محمودخان: مەبەست مەحمودخانی دزڵی یە
[*]چێشەن: چییە؟.
[*]پەی : بۆ
[*] مەکەرد: ئەکرد

گاهی باتورکان مەکەرد رەستا خێز
تائاخریل ئەمر دەوڵەت عوسمانلی
"ناردش"[*] چەن سندوق پارە بە پەنهانی
وەلای شێخ مەحموود شای کوردستان
تا کە لە ئینگلیز بڕەنجۆ بەجان
هەندی لە سپای هەمەوەندەکان
گردەن ئەو پارە لەدەربەند بازیان
جە ڕانی نیهانی گردەن ئەوپارە
نۆسەد و دە ڕوپیە کردەن ئاوارە
هەرچەند شێخ مەحموود تەڵەب کەردلێشان
نەدا نیشان وە دەست شێخ کوردستان
ئاگاه ئەو ئینگلیز کە زانا بەو کار
سەند سپای وێش "بەعد"[*] قین وقار
"جەودەم"[*] شێخ مەحموود فەرما بە لەشکر
حازرن پەی جەنگ میران وبەگلەر
کافر جەودەمدا واتەش بەسپاه
بەشەو سەحرا ئاوەر بارەگاه
جەودەمدا خێزا شەڕ ئاشوب شەڕ
پێکان وە هەمدا سپا سەرانسەر

---

[*] ناردش: ناردی
[*] بەعد: دووای
[*] جەودەم: هەرئەودەمە

داخـــل بـــین وەهـــەم دوســـپای خونخـــوار
خێـــزا ئەلئـــەمان جـــەڕوی کـــارزار
هـــەی بگـــیر خێـــزا جـــەروی ڕەزم کـــین
ســـەروێنەی خـــەزان ریـــزا وە زەمـــین
ناگـــا ئـــەو کـــافر شکســـت بـــەرد جـــەکار
تاوپێکـــان لێشـــان شـــێران خونخـــوار
تـــا (ئـــاخرالامر) شـــێران پڕقەســـت
مـــەئجوور وە گرینـــۆس ئـــاوردەن بەدەســـت
مێجەرســـۆن شـــوم "دەردەم "(*) کـــەرد فـــرار
تـــا شـــار کـــەرکوك "نـــەگرتش"(*) قـــەرار

---

(*) دەردەم: دەست بەجێ

(*) نەگرتش: نەیگرت

# ئامادەیی لەشکری ئینگلیز بۆ چەمچەماڵ و تاسڵوجە

نووســــــی بـــــۆ لای شـــێخ کوردســـــتان

شـــــار ســـــلێمانی ئەکـــــەم بۆردومــــــان

بەســـــەر مـــــەئجور بەکورکــــەی خـــــانم

ئـــــەم بۆردومانــــــە بـــــە کێرمــــــە زانم

مێجەرســـــۆن نووســــــی بـــــۆ حـــــاکم بەغـــــدا

بـــــە تـــــەعجیل جـــــەخت بنێــــــرە ســـــپا

چـــونکە شـــێخ مـــەحموود هـــا بـــەجۆش جـــەنگ

مـــــەئجور وە گرینـــــۆس گرتەنـــــەش نەجـــــەنگ

دەردەم بەفـــــەرمان ئـــــەمر (مێجەرســـــۆن)

هـــــاوردش ســـــپا وەبـــــێ چـــــەند و چـــــون

یاوابـــــە کـــــەرکوك قـــــەوم دیـــــن بـــــەتاڵ

حەواڵـــــەش مەکـــــەرد "پـــــەرێ"(*) چەمچـــــەماڵ

جەودمـــــــــەدا کـــــافر هەربـــــــە پـــــــەنهانی

کیانـــــا ســـــوپا پـــــەی ســـــولەیمانی

ئـــــەو رۆژ تـــــا ئێـــــوار ســـــوپای دیـــــن بـــــەتاڵ

"یـــــاوە"(*) تاســـــلوجە وەبـــــێ قیـــــل و قـــــال

ناگـــــا بـــــە تەقدیرحـــــەیی ڕەبـــــانی

قاصـــــد خەبـــــەردا پـــــەی ســـــولەیمانی

عـــــەرز کـــــەردەن وە شـــێخ نـــــەداری خەبـــــەر

---

(*) پەرێ: بۆ

(*) یاوە: هات

سـوپای کـافران پۆشـا دەشـت و دەر
"ئامـا "(*) تاسـڵوجە ئـەو بـە پـەنهانی
خـەیاڵش هەنـەن پـەی سـولەیمانی
بـاقی ئیختیـار بەدەسـت وێتـەن
هەرچـی بفـەرمای پـەروا جەکێتـەن
سـاکە ئێـد ژنـەفت نـەوەی نامـدار
چـون "حەیـدەر"(*) ئاسـا سـیابی جـەقار
دەردەم تەڵـەب کـەرد تیـپ هەمـەوەن
مـەرد کـەریم بـەگ شـێر سـەف شـکەن
حـازربی جـەلاش بـەور کینـە کـێش
پـر خەشـم و غـەزەب مـەرد کینـەکێش
مـەرد کـەریم بـەگ چـون شـێر ژیـان
بەنـدە فـەرمان بـی بەدیـدەو بـەگیان
"واتـش یـە چێشـەن"(*) شـای کوردسـتان
پـەی چـی "وەی تـەور"(*) عـاجزی جـەگیان
فـەرما کـەریم بـەگ نـەداری خەبـەر
سـپای کـافران پۆشـا دەشـت و دەر
هالـە تاسـلوجە ئـەو سـوپای بـێ دیـن

---

(*) ئاما: هات

(*) حەیدەر: نازناوی ئیمامی عەلی بووە.

(*) واتش یە چیشەن: وتی ئەمە چی یە؟.

(*) وەی تەور: بەم شێوەیە.

**بـــیٚ بـــاکن جەخـــەوف ســـپای ســـهەمگین**

**ئەمشـــەو فرســـەتەن بـــەور شـــیٚر ئـــەژدەر**

**بـــدەن "شـــەبەیخون"[*] بـــەو ســـوپای کـــافر**

**چـــەنی صـــابربەگ شـــیٚر روی جیهـــان**

**روی ســـفید بکـــەن ئیســـلام پەرســـتان**

---

[*] شەبەیخون: هێرش کردنە سەردوژمن لەشەو یا دەمەو بەیاندا.

# جنگ کردن مجاهدین اسلام با انگلیز از بکرجوه

شـێخ قــادر شــنەفت ئــەی حــەرف و گوفتــار
حـــازربی پـــەی جـــەنگ چـــون شـــێر شـــکار
چەنی کـەریم بـەگ حـازر بـین "پـەی"(*) جـەنگ
ئەســـــڵەحە پۆشـــــان نەکـــــەردەن درەنــــگ
دووهـــــەم صـــــابر بــــەگ بــــاقی عەشــــائر
عومــــــوم بـــــەجاریٚ دەشــــــت گردنـــــەوەر
وە جـــەددی اخـــلاص ئـــەیان کـــرد دەعـــوا
پـــەی دیـــن ئیســـلام ئامـــان بـــۆ غـــەزا
هیمـــــەت ســــتانان جەشــــای کــــوردان
هـــــەم پـــــەنا بـــــەزات عظــــیم ســــبحان
پـــادان نــــەرکاب ســــواربین وە زیــــــن
پــــــەریٚ شـــــەبەیخون ســـــەرداران کـــــین
کـــەردەن ســـەف رێـــزا وە شـــەو تاســـەحەر
یـــاوان وەنزیـــك ئـــەو ســـپای کـــافر
"وێشـان"(*) کـەرد پـەنهان ئـەو شـەو تاسـەحەر
(مـــــؤذن) وانـــــــا الله اکـــــــبر
خورشـــــید خـــــاوەر سەرکێشــــا وەبــــــەر
پـــــەریٚ تەماشــــا عەرەصـــــگای خطـــــر
شـــوعلەی خـــۆر نـــەوجا نـــەعام بـــی مەنشـــور

---

(*) پەی: بۆ.
(*) وێشان: خۆیان .

سـپای کـافران دیـاردا جـە دوور
تـاو پێکـان لێشـان شـێرانە دەسـتوور
هـەی بگـیر خێـزا جـەڕوی عەرەصەشـۆر
شـێرانە دەسـتور نەکـەردەن درەنـگ
سـوپای کـافران ئـاوردەن وەتـەنگ
دوسـوپای "خونخـوار"(*) داخـل بـین وەهـەم
هـەوا تاریـك بـی زەوی بـی وە تـەم
تـا (اخـر الآمـر) ئیسـلام پـڕدین
تاپێکـا لێشـان بەسـەد قـار و قـین
جـەودەم کـەریم بـەگ بـەور هونەرمەنـد
تـاودا بـۆ سـپا وەبـێ چـون و چـەند
چـەند سـوار جـەودەم مەکـەرۆش ئەسـیر
بەسـت دەسـت پاشـان مـەرد بـێ نظـیر
سـوپەرد وەاحمـد نـەوەی نصـر الـدین
بـەردەش پـەی سـەردار وەسـەد قـار و قـین
هـۆڕ گـیلان وە پـەس سـەردار پـڕزۆر
روو کـەرد بەسـپا بەزەلزەلـەو شـۆر
نەعرەتـە پێکـا چـون رۆسـتەم زاڵ
سـپای کـافران کـەردش پەشـێوحاڵ
روکـەرد وەسـپا وێنـەی فلاّمـەرز
دەم دەم مەجۆشـا چـون کـوە ئـەلبورز

---

(*) خونخوار: خوێن ڕێژ.

**ناگـــا شـــێخ قـــادر چـــۆن شـــێر "هـــەیجا"(*)**

**نەعرەتـــــە پێکـــــا یـــــاوا بـــــە ســـــپا**

**چـــەنی کـــەریم بـــەگ نەکـــەردەن درەنـــگ**

**ســـوپا دان شکەســـت ئـــەو چـــەنی نەهـــەنگ**

(*) هەیجا: جەنگ

# فتح كردن كريم بگ امدن شێخ محمود پێشوازی كردن مجاهدين از بكرجوه

چـــەند كـــافر ئەســـير ئـــاوردەن بەدەســـت
هـــەردو جۆشـــيان چـــون شـــێر سەرمەســـت
ســـوپای كـــافران فـــرار بـــين جـــەكار
نەدەســـــت ئيســـــلام گرێـــــزان بـــــەزار
فيشـــــەك و صـــــندوق خەيمـــــە و بارەگـــــا
كەردشـــــان غـــــارەت شـــــێران هـــــەيجا
هـــۆڕ گـــيڵان وە پـــەس شـــێران ئـــەژدەر
لـــوان وەخزمـــەت "ئـــەولاد حيـــدر"[*]
شكســـــتەی كـــــافر نەكـــــەردەن درێـــــخ
لـــوان بەخزمـــەت كـــاك احمـــدی شـــێخ
خەبـــەر بەردشـــان پـــەی شـــای كـــوردان
فـــتح كـــەريم بـــەگ كەردشـــان عـــەيان
واتـــن كـــريم چـــەنی شـــێخ قـــادر
شكســـت دان وە جمـــع ســـپای ئـــەو كـــافر
مـــە علـــوم بـــی وێـــش مـــەليك نامـــدار
شـــكۆفيا جـــە تـــەرح گـــوڵ خونچـــەی بـــەهار
حەمـــد خـــودا كـــەرد ئـــەو شـــاه پـــڕ زور
ســـجدەی بـــرد وەزات پادشـــای غفـــور

---

[*] ئەولاد حيدر: مەبەست لە شێخ مەحموودە.

واتــــش کــــریم پادشــــای ســــبحان
بــــدەری شکەســــت قــــەوم بــــێ ئیمــــان
ئێــــد وانــــۆ دەردەم هونــــەر ئــــەوپا
ســــوار بــــی وەزیــــن چــــون شــــێر هــــەیجا
لــــوا وە پــــێش واز ســــەرداران کــــین
گەیشــــته بــــەکرەجۆ پیــــادە بــــی جــــە زیــــن
یــــەك یــــەك ســــواران ئامــــان وەخزمــــەت
بۆســــا دوو دیــــدەی ســــواران ســــەرحەد
ســــواران چــــەنی کــــەریم بــــەگ نامــــدار
تەڵــــەب کــــەرد وەبــــەر شــــاە تاجــــدار
بوســــا دوو دیــــدەی هــــەردوو شــــێر ئــــەژدەر
خــــەڵات پەخشــــان کــــەرد شــــاە کینــــەوەر
گشــــت مــــاڵ مــــەردم هــــەر ســــەر دیــــاری
پــــەی مجاهــــدین یەکســــەر وەجــــاری
یەکســــەر ئــــەحواڵن پرســــا جــــەیاران
هەرچــــی کــــەردتان پــــەرێم کــــەن بــــەیان
هەرچــــی کــــەردە بــــین شــــێران شــــکار
عــــرض کــــەردەن پــــەری شــــاە وەفــــادار
مــــەعلوم بــــی وەنــــەش شکســــتەی کــــافر
اخــــر ســــەر ئــــەنجام وەبــــێ دەرد ســــەر
شــــاە فــــەرمان یــــاران بابشــــین وەشــــار
بەلکــــە ئــــەو جاگــــە بگیریــــن قــــەرار
ئــــەو شــــەو راحــــەت بــــین تــــا وادەی ســــەحەر

**خورشـــــــید نەپــــــەردە سەرکێشـــــــا وەدەر**

**دەردەم طلــــب کـــــەرد مـــــیر و بەگلــــەران**

**کــــــەردەش کارســــازی پــــەی رۆز مەیـــــدان**



ئەم وێنەیە لەکاتی پێشوازی کردن و خەڵات کردنی (کەریم بەگی فەتاح بەگ)ی هەمەوەند و (سابیربەگ)ی کوڕی لە بەکرەجۆ گیراوە، لەکاتی خەڵاتکردنیان لەلایەن مەلیکی کوردستان (شێخ مەحمودی حەفید)ەوە، بەهۆی چالاکیەکانیان و دەست بەسەراگرتنی چەندین ڕەشاش و چەکی قورس و خەیمە و کەل و پەلی سەربازی و تەقەمەنی لە شەڕەکاندا.

# ڕەفتەن شێخ محمود وەسەرداران جنگ پری بان مقان

شـــا فـــەرما یـــاران تـــەدبیرم چێشـــەن
پـــەی رەزم کـــافر خـــاطـــرم رێشـــەن
یـــاران واتشـــان تـــەدبیر هـــەر ئێـــدەن
جـــەمع کـــەرۆ لەشـــکر هـــەم ســـپاو قۆشـــەن
مـــەلیك قـــەبول کـــەرد ئـــەی حـــەرف و گوفتـــار
دەردەم حـــازر کـــەرد ســـپای بـــێ شـــومار
بـــە ئـــەمر فـــەرمان "شـــاه کوردســـتان"(*)
حـــازر بـــین پـــەی چـــەنگ "گـــاور"(*) بـــێ ئیمـــان
ئامـــادەی جـــەنگ بـــین شـــێر "ئـــەنۆ شـــیروان"(*)
دانـــە تـــەپڵ جـــەنگ پـــەرێ ســـەرداران
شـــاه فـــەرمان دەردەم وە یـــەك ئیشـــارە
ســـپای جـــەیحون روو کـــەرد نەســـارا
مەکـــەرون یـــەلغار ئـــەورۆ وەبێـــدەنگ
ســـپای یـــەکبارە ئامـــاوە "دەربەنـــد"(*)
دەردەم بـــە فـــەرمان نـــەوەی "کـــاك ئەحمـــەد"(*)
هاوردشـــان خەیمـــە شـــێران ســـەرحەد

(*) شاه کوردستان: مەبەست لە شێخ مەحموودە.

(*)گاور: مەبەستی لەئینگلیزەکانە.

(*)دەربەند: مەبەست لە دەربەندی بازیانە.

(*)کاك ئەحمەد: مەبەستی لەکاك ئەحمەدی شێخە.

ئــەو شــەو راحــەت بــین تــاوادەی ســەحەر
کـــەردەن ئیســـراحەت شـــێران ئـــەژدەر
مـــؤذن ســـــورەی ئەکبـــەری دانـــا
خـــەروس ســـەحرا بـــاڵ پـــەڕ شـــانا
خورشـــید خـــاوەر سەرکێشـــا وەبـــەر
پـــەرێ تەماشـــا عەرەســـگای خطـــر
بێـــداربین جـــەخواب شـــێران شـــکار
ئەســـلەحە پۆشـــان پـــەرێ کـــارزار
بێـــداربی جـــەخواب شـــاه کوردســـتان
طلـــب کـــەرد وەپـــێش ئـــەو زەبـــر دەســـتان
واتـــەش کـــەریم بـــەگ چـــەنی شـــێخ قـــادر
بشـــون پـــەی "مـــەقان"(*) پـــەی راگـــەی خطـــر
ئەوســـا کـــەریم بـــەگ قـــەوم و بـــرادەر
ســـواربین وەزیـــن وەبـــێ دەردســـەر
چـــەنی چـــەن ســـواران رابەســـتەن وەتـــەنگ
جـــەهیچ مـــەکانێ نەکـــەردەن درەنـــگ
تـــا یـــاوان بـــەو جـــای مـــەقام کـــافر
وێشـــان پـــەنهان کـــەرد شـــێران ئـــەژدەر
وێشـــان پـــەنهان کـــەرد ئـــەورۆ جـــە مـــەقان
ناگـــا پەیـــدابی پـــەنجا حیرابـــان
زەڕیلـــی ئینگلیـــز ئـــاوردەن بـــە دەســـت

(*) مەقان: مەبەستی لەبەرزاییەکانی بانی مەقانەکەبەسەرشاری چەمچەماڵدا دەڕوانێت.

چـــەن کـــافر کوشـــتەن وێنـــەی شـــێر مەســـت
مــــەککارەی ئینگلیـــز ئـــاوردەن بـــە گــــیر
چـــــەن موعەســــــکەرێ کەردشـــــان ئەســــیر
چـــەن هیســـــتر کـــــافر بـــــە جبـــە خانـــا
بـــــەردەن پــــەرێ شـــای ســــەرداران ســــپا
بـــەردەن پـــەی خزمـــەت نـــەوەی کـــاك احمـــد
خوشـــحال بـــی جـــەکار شـــیران ســـــەرحەد
ئەوســــا جەودەمـــــدا شـــــاه کینــــــەوەر
صـــەف صـــەف ســـواران طلـــب کـــەرد وەبـــەر
واتـــەش کـــەریم بـــەگ چـــەنی شـــێخ قـــادر
ئـــــەو حەمــــە ڕەشـــید نـــــەوەی جـــوامیر
مەبـــەن وەســــەردا و ئـــەی ســـپاو لەشـــکر
قـــــەطعـــن مەیـــەڵن کـــــافر کـــــۆ گــــوزەر
بشـــۆن پـــــەی ڕاگـــــەی کـــــافر بێـــــدین
بـــــدەن وەهەمــــــدا ســـــپای ســــــهەمگین
دەردەم بەفــــــەرمان شــــــــاه کینــــــــەوەر
دان جـــــە تـــــەپڵ کـــــوس پـــــەرێ رەزم شـــــەڕ
وەزیــــــن ســـــــواربین ئەســــــڵەحە پۆشــــــان
پـــــەی جـــــەنگ کـــــافر جۆشـــــاو خرۆشـــــان
روانـــــــین وەڕاه پـــــــەرێ بـــــــان مــــــەقان
فیلەتـــەن دەســـتور ئەســـب مـــەدان جـــەولان
ناگـــــاه جـــــە تەقـــــدیر پادشـــــای بێچـــــون
دیـــاردا جـــەدور یـــەك ســـوپای ئـــەفزون

سپای کافربی ئینگلیزی بێ دین
مەبۆ وەڕا وە سوپای سەهمگین
ئیرادەش ئێدەن سپای دین بە تاڵ
بە تەعجیل بەشەو پەرێ چەمچەماڵ
جەودەم کەریم بەگ غیرەت دا بەوێش
وات نەوەی جوامێر "پانبەرۆ" وەپێش
"سەیدەی شێخ علی"(*) چون شێر بێشە
پەی غەزای کافر دەرون پڕئێشە
ئەو "سەید محەمەد"(*) شێر جەباری
وێنەی تەهمتەن شێر شکاری
شێخ مەحموود فەرما نەوەی جوامێر
سپا سالارەن بانە بۆ دڵگیر
"حەمە ڕەشید خان"(*) و حاجی سەید حەسەن
شێخ سەعید باغ شێران حجند
بشۆن پەی ڕاگەی کافر بێدین
بوەن وە هەمدا سپای سەهمگین
دەرساعەت یاران بە فەرمان ئەو
حاظر بین پەی جەنگ بێ ئەندێش دەو

---

(*) سەیدەی شێخ عەلی: مەبەست لە سەیدەی شێخ عەلی خەڵکی گوندی شێخ جیری ناوچەی قەرە حەسەنە.

(*) حەمەرەشید خان: مەبەستی لە حەمەڕەشید جوامێر ئاغای هەمەوەندە.

(*) سەیدمحەمەد: مەبەستی لە سەید محەمەدی سەرۆك هۆزی جەباری یە.

شـــــێرانە دەســــــتوور ســــــواربین وەزیــــــن
بــــــەردەن نــــــام پــــاك (رب العـــــالمین)
حەمــــــە ڕەشــــید خـــــان نــــەوەی جـــــوامێر
وێنــــەی شــــێر نــــەڕ دەســــت دا وە "پێــــنج تــــیر"(*)
دەردەم کــــەریم بــــەگ چــــەنی قــــەوم خــــوێش
وێنــــــەی فیلەتــــــەن پــــا نیــــا وە پــــێش
غـــــیرەت دا بـــــەوێش شـــــێر کینـــــەخواه
روکــــــەرد وە ســــــوپای ئینگلیــــز گـــــومڕاه
غــــــەڕا وە هەیــــــەت وێنــــــەی ئــــــەژدەها
دوژمــــــن جەدەســــــتش نمــــــە بـــــۆ ڕەهــــــا

---

(*) پێنج تیر: جۆرە تفەنگێکی باشی ئەو سەردەمە بووە.

# معرکه سخت مجاهدین اسلام با انگلیز

کـــەریم بـــەگ واتـــەش بـــە یـــاران وێـــش
وێنـــەی شـــێر نـــەڕ "پـــا بنـــەن وە پـــێش"(*)
واتـــەش ئـــەی یـــاران ئـــەمجا غیرەتـــەن
دەعـــوای نامووســـەن بـــەحـــث ســـیرەتەن
هجـــوم ئـــاوەردەن یـــەك یـــەك ســـەرداران
تـــاودان وەوســـپا چـــون بـــاو و بـــاران
کـــافر کـــەزانا ئـــەمجارە یـــەقین
دیـــاردا جـــەدوور گـــردی ســـهەمگین
زانـــاش کەســـپای ئیســـلام پەرســـته
بـــە تەقـــدیر حـــەق مـــەبۆ شکســـته
کـــافر بەتـــەعجیل واتـــش بـــە قوشـــەنگ
حـــازر بـــین پـــەی چـــەنگ نەکـــەردەن درەنـــگ
شـــۆڕش شـــێران ئیســـلام پـــڕ دیـــن
وێشـــاندا بـــە تیـــپ ســـپای ســـهەمگین
بـــە حەملـــەی ئـــەوەڵ شـــێران سەرمەســـت
ســـپای کـــافران مەداشـــان شکەســـت
دەم دەم مەجۆشـــان شـــێران سەرمەســـت
ســـەیدەی شـــێخ عـــەلی کـــافر مەکـــەرد قەســـت
کـــەپتان مێجەرســـۆن راکـــەرد وە یـــەکجار
کـــە فـــتش لاشـــەیان لارو بـــان لار
بـــە ئـــەمر بێچـــون پادشـــای ســـوبحان
کـــافر شکســـت بـــەرد نـــە مـــەوج مەیـــدان

---

(*) پا بنەن وە پێش: بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێنن.

**ناگـــــاه شــــێخ قــــادر چـــەنی ســــپای وێـــش**
**یـــــاوا بامــــــداد شــــــێر کێنـــــــەکێش**
**ئـــــەورۆ تــــا ئێـــوار مەغلوبـــــەی شــــەڕ بــــی**
**بگــــــیر هـــــەی بگـــــیر شــــێران نـــــەڕبێ**
**تراقـــەی تـــروق" شەصــت تـــیر"(*) و پێــنج تـــیر**
**مەنیشــــت نەگـــــەردون ســـــەمای بــــی نـــــەزیر**
**تــــا ئـــاخر الآمـــر کــــافر بــــێ دیــــن**
**هۆرکەنــــدش ســــوپێر بەســـــەد قــــار وقــــین**
**مەکەردشـــــان جـــــەنگ ئــــەو چـــەنی ئیســــلام**
**ئــــەو شـــەوتا ســــەحەر ئـــاخر ســــەر ئــــەنجام**
**ناگـــــاه شـــــای خورشـــــید ســـــەر کێشــــاوەبەر**
**پـــــەرێ تەماشـــــا عەرەســـــگای خطـــــر**
**شــــێران ئیســـــلام بەســــــەد قـــــار و قــــین**
**گردشـــــان ئـــــەتراف کوففـــــار بــــێ دیــــن**
**کردشــــان هجـــــوم ئیســــلام وەیـــــەك جــــار**
**ناگــــــاه دیـــــاردا تـــــــەیارەی بــــــەدکار**
**"تــــەیارەی ئینگلیـــــز"(*) مەکـــــەرد بۆردومــــان**
**پـــەی دەر پـــــەی مـــــەهات قــــەوم بــــێ ئیمــــان**
**پـــەی دەر پـــــەی مــــەهات تــــەیارەی فـــەنباز**
**ســـــاتێك ئیســــــلامان نەکـــــەرد ســــــەرفراز**

---

(*) شەصت تیر: چەکێکی قورسی ئەو سەردەمە بووە.

(*) تەیارەی ئینگلیز: مەبەستی لەفرۆکە جەنگییەکانی ئینگلیزە.

## پیداشدن طیارەی انگلیز و شهید بون صالّح مەحمود پلاّو خۆرو فتاح عزیز رحیم دۆینه

بـــه ضـــرب بۆمبـــای تـــەیارەی بێـــدین
لاشـــەی ئیســـلامان رێـــزا وه زەمـــین
ئیســـلامان نـــەوجا عـــاجزبین جـــەگیان
جـــه ضـــرب بۆمبـــای کـــافر بـــێ ســامان
خـــەیلێ کەفتـــه بـــی لاشـــەی بـــرادەر
بـــەرگ هـــون ئەفشـــان نەدرشـــت و ورد
بـــه ئـــەمر بێچـــون پادشـــای غـــەفغور
شـــەهید بـــی "صـــالّح مـــەحمود پلاّوخـــۆر"(*)
خەبـــەر بردشـــان پـــەی شـــێر ژیـــان
شـــەهیدبی صـــالح پـــەریش کەردبـــەیان
ناگـــاه هـــەم ســـواری بـــه یـــەلغار جـــه دوور
بـــەزاری و فۆغـــان جگـــەر وەك تـــەنوور
کـــەریم بـــەگ فـــەرما ئـــەزاری چێشـــەن
وا وەیـــلا و فۆغـــان زاری پـــەی چێشـــەن
واتـــەش کـــەریم بـــەگ ســـەردار ســـوپا
"فـــەتاح عـــەزیز "(*) کەفتـــەن نـــه ســـەحرا

---

(*) صالّح مەحموود پلاّوخۆر: یەکێك بووه، لەخزم وشەڕکەره ئازاو به هەلّمەتەکانی کەریم بەگ.

(*) فەتاح عەزیز: مەبەست لەفەتاحی کوڕی عەزیزی کوڕی رەحیم دۆینه بووه، یەکێك بووه له شەڕکەر و خزمە ئازاکان ولەگەلّ کەریم بەگ بووه.

ئـــەولاد دوێنـــە شـــەهید بـــی "نـــەوجا"(*)

وە گوللـــە شەســـت تـــیر کـــافر گـــومڕا

ســـاکە ئێـــد ژنـــەفت کـــەریم بـــەگ نامـــدار

بـــانگش نـــەوەردا پـــەی فـــەتاح نـــازدار

ئافـــەریم فـــەتاح غـــەزات کـــەرد ئـــاوا

پـــەی دیـــن ڕەســـول ڕوحـــت کـــەرد فیـــدا

ڕۆژ قیامـــــەت ئـــــەبێتن مـــــەعلوم

لـــە حضـــور خـــوا چـــۆن ئـــەبی مظلـــوم

خـــوێن شـــەهیدان لـــە گـــەردن کـــیێ یـــە

ســـــونەت وئوصـــــوول دیـــــن نەبیـــــە

وە ئـــــەمر بێچـــــون پادشـــــای جـــــەبار

"ســـەیدەی شـــێخ عـــەلی"(*)هـــەم بـــی برینـــدار

کاتـــب کۆتاکـــە ئـــەی حـــەرف و کـــەلام

موئـــەلیف کتـــاب بـــاوەر وە ئـــەنجام

خـــادم الجهـــاد نـــەوەی کـــەریم بـــەگ

لـــە خزمـــەت بـــابۆی غـــەمناك و دڵتـــەنگ

نـــامش صـــابرەن "چـــەلەبی"(*) نـــەژاد

فرقـــەی "ڕەســـولەن "(*) خـــودام کـــەردەن یـــاد

---

(*) نەوجا : لەوێ

(*) سەیدەی شێخ عەلی: جەنگاوەرێکی ئازای چەمچەماڵ بووەولەو شەڕەدا بریندار بووە.

(*)چەلەبی: مەبەستی لە چەڵەوی قەدیمی هەمەوەند ە، کەیەکێك بووە لەسوارە ئازاکانی دوانزە سوارەی مەریوان و باپیرە هەرەگەورەی (کەریم بەگ)ە .

(*)ڕەسوڵ: مەبەستی لەکوێخارەسوڵ کوڕی چەڵەوییە.

مـــــەگریا وەزار عـــــاجز و بـــــێ کـــــەس

مـــــەوات یـــــارەبی فـــــەرد فـــــەریاد رەس

مـــــەگریا وەزار شـــــێر صـــــەف شـــــکەن

پـــــەی کوشـــــتەی صـــــاڵح بـــــەور هەمـــــەوەن

واتـــــەش هەیێـــــداد فـــــەتاح عـــــەزە ڕۆ

غـــــەرق مـــــەوج هـــــون هـــــون ئەفشـــــانم ڕۆ

شـــــێر ڕۆی نەبـــــەرد نامـــــدارم ڕۆ

دۆینـــــەی قارەمـــــان ڕۆی مەیـــــدانم ڕۆ

شـــــێر ڕۆی مەصـــــاف نـــــازدارانم ڕۆ

صـــــاڵح پلاوخـــــۆر ڕۆی مەیـــــدانم ڕۆ

لاشـــــەی بـــــی صـــــاحب ڕۆی مەیـــــدانم ڕۆ

شـــــەهید یێـــــل نـــــازدار بـــــان مـــــەڤانم ڕۆ

بـــــەرگ ســـــورخ ئەفشـــــان شـــــەهیدانم ڕۆ

نەودەســـــت کوشـــــتەی کـــــافرانم ڕۆ

گـــــاه زاری مەکـــــەرد دوێنـــــەی فیلەتـــــەن

مـــــەرد کـــــەریم بـــــەگ شـــــێر صـــــەف شـــــکەن

گـــــاه زاری مەکـــــەرد گـــــاهی موناجـــــات

لالـــــە بـــــە مـــــەعبود "قاضـــــی الحاجـــــات"(*)

واتـــــەش یـــــا کـــــەریم پادشـــــای بێچـــــون

بـــــدەی فرســـــەتم نـــــەبۆم ســـــەرنگون

ئامـــــا بـــــە نزیـــــك ئـــــەو ســـــوپا و ســـــەردار

---

(*) قاضي الحاجات: مەبەستی خودای تاك وتەنیایە.

شـــێرانه خێـــزا حـــازربی پــەی کـــار
ئامـــا وه ئیمــــداد ســـوپای یـــەکباره
ســـەردار لەشـــکر شـــێر ســـەف ئـــاره
حەمــــه رەشـــیدخان ئـــەولاد جــــوامیر
حـــازربی نەوصـــەف چـــۆن شـــێر دلێـــر
لـــــواوه نزیـــــك شـــــێر کینـــــه دەر
وێنــــەی "فلاّمـــــەرز"[*] نـــــەوەی زالّ زەر
واتـــەش کـــەریم بـــەگ ئـــەی شـــێر ژیـــان
پـــەی چـــی "وەی تـــەور"[*] عـــاجزی جـــەگیان
پــــەرێم کەردبــــەیان بـــزانم چێشـــــەن
جـــــەرەزم ئاشـــوب خـــاطـــرم رێشـــەن
کــــەریم واتـــەش ئـــەی شـــێر ئـــەژدەر
پـــەی کوشـــتەی صـــالّح نـــەداری خەبـــەر
صـــالّح وێنـــەی شـــێر کەفتـــەن جەمەیـــدان
خـــەلّتان خونـــەن شـــێر بـــێ ســـامان
هـــەم فـــەتاح عـــەزه چـــۆن شـــێر چـــالاك
گوللـــەی مـــەتره لـــۆس جگـــەرش کـــەردەن چـــاك
شـــێر بـــێ ســـامان شـــەهید بـــی نـــەوجاه
ئـــەولاد دۆینـــه چـــۆن شـــێر هـــەیجا
ســـاکه ئێـــد ژنـــەفت نـــەوەی جـــوامیر

(*) فلاّمەرز: مەبەست لەفەلاّمەرزی نەوەی رۆستەمی زالّە کەپالّەوانێکی ئەفسانەیی ئێرانییە.
(*) وەی تەور: بەم جۆرە.

مـــــالاَش وەســــــەردا پـــــەی شـــــێران شـــێر
واتـــــــەش یاکـــــــەریم پادشـــــــای بێکــــــەس
بڕەســـــــی وە فریــــــاد نــــــەدارین نەفــــــەس
جــــە موناجـــــات بــــین شـــــێران شـــــکار
ئیســـــلام وەیــــەکجار شکەســــت بەرجـــــەکار
صـــــەف صـــــەف ســــواران شــــیران شـــــکار
فـــــرواربین جەدەســـــت ئینگلیـــــز وە ناچـــــار
تیپـــــی ســـــەید محەمـــــەد شـــێر جبـــــاری
مەجۆشــــــا پـــــەی جـــــەنگ شـــێر شـــــکاری
شـــێری ئـــــەو جـــــە نـــــاو عالـــــەم مەشـــــهووربی
صـــــاحب دەســــــت و بـــــرد پـــــڕ زات زۆربــــــی
ویـــــش فەرەســــــش کەفتـــــەن نـــــەروی خــــاك
جــــە ضـــرب شەســــت تـــیر ئینگلیـــــز ناپـــــاك
بــــە وێنــــەی پڵـــنگ مەجۆشــــا پـــەی کـــار
نــــامش مەشـــــهوربی ئـــــەو بــــە ســــپادار
تیپـــــی ئـــــەو ســـــەیدە نـــــەوەی شـــــێخ علـــــی
پشـــــت نــــــەدا وەجـــــەنگ شـــــێر ئـــــەزەلی
تیپـــــی شـــــێخ محـــــێ دیـــــن چـــــۆن شـــێر ئـــەژدەر
مەجۆشــــا پـــــەی جـــــەنگ وەبــــــێ دەردوســـــەر
مـــــەرد شـــــێخ عەبــــدل شـــــێر صــــــەف ئـــــارا
ئامــــــادەیی جـــــــەنگ وە بــــــێ مـــــــەدارا

هەنــدیٚ لــە کــوردان "ئینگلیــز پەرسـت بــین"[*]
پــــەریٚ ئیســــلامان هـــــەر لەکـــــەمین بــــین
جــــەودەم کــــەریم بــــەگ واتــــەش بــــە یــــاران
"هـــــۆڕگێڵن"[*] لاشـــــەی هــــەردو شــــەهیدان
تیپــــی ئــــەو عــــەزیز کــــوڕ شــــەریف جــــەلیل
رۆی عەرەســـەی مەیـــدان کـــەرد وەقـــالو قیـــل
شــــوجاعی عەزیزلـــــە عـــــام مشــــهور بــــی
پــــەی غــــەزای کــــافر دایــــم وەقــــین بــــی
تیپــــی "فــــەقیٚ محەمــــەد"[*] ســــەردار رەشــــید
رو کــــەرد بــــە مەصــــاف شــــێر ســــەر ئومێــــد
تیپــــی "عــــەزیز"[*] ئاغــــا ســــەردار ســــەفەر
حــــازر پــــەی جهــــاد بــــەرۆژ و بــــە شــــەو
ئــــەو مــــەحمود ئاغــــا ســــەردار ســــەفەر
مەکـــــەرۆش غـــــەزا وێنـــــەی شـــــێر نـــــەڕ
دەردەم بەفـــــــەرمان شــــــێر نامــــــــدار
هـــــۆڕ گــــێلان لاشــــەی هـــــەردو نامـــــدار
هـــــۆڕ گــــێلان لاشــــەی شــــێر ئینگلیــــــز

---

[*] ئینگلیزپەرست بین: واتەحەزیان بەسەرکەوتنی ئینگلیزوتێشکانی شۆڕشی کوردبوون.
[*] هۆڕگێڵن: لاشەی شەهیدەکان بهێننەوەو رزگاریان کەن.
[*] فەقیٚ محەمەد: مەبەستی لە فەقیٚ محەمەدی هەمەوەندو سەرۆکی تیرەی رەشەوەند بووە.
[*] عەزیز: مەبەستی لەعەزیزئاغا ی سەرۆکی تیرەی سەفەرەوەند بووە.

**جـەروی عەرەسـەی جـەنگ "بـا نـەبۆ ئەسـیر"(*)**

**وە تـــەعجیل بـــەردەن هـــەردو شـــێر ئـــەژدەر**

**کەردشـــــان پـــــەنهان وەبـــــیٚ دەرد و ســـــەر**

**جـــەودەم کـــەریم بـــەگ فـــەرما بـــە لەشـــکر**

**حـــازربن پـــەی جـــەنگ مـــیران و بەگلـــەر**

**صـــەف صـــەف ســـواران شـــێران پڵنـــك**

**تـــاودان بـــەکافر نەکـــەردەن درەنـــگ**

**ئـــەو حەمـــە بچـــکۆل خـــوێش مـــەلیك بـــی**

**پـــەی غـــەزای کـــافر داخـــش نـــەدڵ بـــی**

**مـــەداش لـــە هەرکـــەس ســـەرنگون مەکـــەرد**

**بەوێنـــەی هـــەڵۆ هـــەم بـــی دەســـت و بـــرد**

**دوســـپای خونخـــوار داخـــل بـــین وەهـــم**

**هـــەوا تاریـــك بـــی چـــەنی گـــەرد و تـــەم**

**لارو هـــون خێـــزا جـــەروی دەشـــت و دەر**

**بـــابۆ جەفەززەنـــــد نـــــەدارۆ خەبـــــەر**

**بـــی وە ئـــەو رۆژ مەحشـــەرەن ئێزهـــار**

**کـــەس جـــەحاڵ کـــەس نـــەبی خەبـــەردار**

**هـــەر زیـــڕەی تـــۆپ بـــی بۆمبـــای بـــیٚ ئامـــان**

**جەهـــــەردو ســـــپای ســـــەدای الأمـــــان**

(*) بانەبۆ ئەسیر: مەبەست رۆگارکردنی لاشەی شەهیدەکانە،تانەکەونە دەست هێزەکانی دوژمن.

# شکسته شدن مجاهدین اسلام از دست کفار رو کردن به قریه ابراهیم اغا

تەراقـــەی تـــەرەق پێـــنج تـــیر و شەســـت تـــیر
بـــــی وه ئـــــەو رۆژه رۆی ئـــــاخر زەمـــــان
